# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٧٦٤ ■ شەممە ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٩٨ _ ٢١ی دێسامبری ٢٠١٩

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا




**خالید عەزیزی:**
**چارەسەری پرسی کورد کلیلی یەکانگیریی ئەمنیەت و دێموکراسییە لە ناوچەدا**
ل٣



**بێرنارد هانری لێڤی:**
**شەهیدەکانی ئێوە شەهیدی ئێمەشن**
ل٣

## حیزبی دێموکراتی کوردستان:

# شکۆی پێشمەرگەیە ئاڵای شوناسخوازیمانی شەکاوە ڕاگرتوە




◆ سەروتار

## خەڵک و خوێندنەوەیان لە هەڵبژاردنەکان و بودجەی وڵاتدا


**عەلی بداغی**

سەرەتای مانگی ڕەشەممەی ئەمساڵ یازدەهەمین خولی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس لە ئێراندا بەڕێوە دەچێ. دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا بەرەو مەهەندیسی کردنی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەش دەچێ، کە کۆمەڵگە هێشتا تازیەباری لەدەستدانی ئەو ڕۆڵە بوێرانەیەتی کە بە دەستی غەدر و تاوان خەڵتانی خوێن کراون و لە سۆنگەی مافویستییەوە سیلە لە مێشک و چاویان گیرابوو. هەروەها لە بارودۆخێکدا ڕیزبەندییەکانی گەمەی هەڵبژاردن خەریکی خۆپێناسەکردنن کە خەڵک چیدی نایەوی مافە سروشتی و کەرامەتی مرۆییان لەلایەن ڕێژیمێکی هەتا سەر ئێسقان نامرۆییەوە پێشێل بکرێ و بە چوونەسەر سندووقی دەنگدان پرس و بابەتە جەوهەرییەکانی خۆیان بخەنە پەراوێز و بیننە لاوە. لەگەڵ نیزیک بوونەوە لە وادەی هەڵبژاردنەکان، کات دەگاتە ئەم هەڵبژاردنەش کە کێ لە بەرەی خەڵکدا دەمێنێتەوە و کێ لەوبەر؟ کێ بەتەمایە سەرکوتی دەیان ساڵەی خەڵک و ڕووداوەکانی خەزەڵوەر بخرێتە بۆتەی فەراموشی و بیرچوونەوە و، کێ دەیەوێ لەبەرەی مافخوازیدا بمێنێتەوە و بیەوێ کوورەی خەبات دژی ئەم ڕێژیمە نیڵ بدا؟

بەڵێ، لە ڕۆژانێکدا بەرەو وادەی هەڵبژاردنەکان دەچین کە لە کوردستان لە بنەماڵەیەکدا و لە ماوەی سێ ڕۆژدا تەرمی...

درێژە بۆ ل ٢

## تەرمی دوو برای کۆڵبەر بۆ بنەماڵەکەیان هاتەوە





لە یەک ڕۆژدا دوو برای تازەلاوی خەڵکی گوندی «نێ»ی مەریوان کە بۆ کۆڵبەری ڕوویان لە ملەی «تەتە» کردبوو، لە سەرمان ڕەق هەڵاتن.

ڕۆژی سێشەممە، ٢٦ی سەرماوەز پۆلێک کۆڵبەری خەڵکی ئاوایی نێی مەریوان لە کوێستانەکانی تەتەی هەورامان کەوتنە ژێر ڕنوو. لەم ڕووداوەدا کۆڵبەرێکی تەمەن ١٧ ساڵ بەناوی ئازاد خوسرەوی گیانی لەدەست دا و فەرهاد خوسرەوی تەمەن ١٤ساڵ (براچووکەی ئازاد) شوێنبزر بوو. پاش گەڕانێکی چوار ڕۆژە دواجار تەرمی بێگیانی فەرهادیش دۆزرایەوە و لەنێو ئاپۆرای تووڕە و خەمباری خەڵکی «نێ»دا بەخاک سپێردرا. لە کاتی ناشتنی تەرمی فەرهاددا جەماوەری بێزار لە کۆماری ئیسلامی بە دژی ڕێژیم دروشمیان بەرز کردەوە.

هاتنەوەی تەرمی دوو برای جوانمەرگ بۆ بنەماڵەکەی لە حاڵێکدایە کە لە سێ مانگی پاییزی ئەمساڵدا ٥٩ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون و بریندار بوون.

بەپێی ئاماری ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا ٢٤٢ کۆڵبەر و کاسبکاری ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون و بریندار بوون.


**بەڕێوەچوونی چوارەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
(٢)

**پێویستییەکانی خەباتێکی کاراتر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان**
قادر وریا
(۴)

**ئێران خەریکە خۆرهەڵاتی ناڤین لە کیس دەدا**
و: کەماڵ حەسەنپوور
(٧)

**ڕۆڵی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان لە بزووتنەوە مەدەنییەکاندا**
شاڕۆخ حەسەنزادە
(٨)

**ژنان و ماتەوزەی پێشەنگایەتیی شۆڕش**
فەریبا ڕەشیدی
(٩)

دریژەی سەروتار

# خەڵک و خوێندنەوەیان لە هەڵبژاردنەکان و بودجەی وڵاتدا

...دوو کوڕ بۆ دایک دێتەوە، دوو برای کۆڵبەری ١٤ ساڵ و ١٧ ساڵ کە دەبوا کۆڵی پشتیان کتێب و جانتای قوتابخانە با نەک کۆڵەباری دی، کەچی لەپێناو هێنانەوەی پاروونانێک بۆ سەر سفرەی هەژارانەی ماڵییان ناچار بوون بە کرێوە و باوبۆرانیش ملی گەردەنە و ڕێی چیا بگرن و تەرمیان بێننەوە؛ یان ئەو باوکە جەرگسووتاوەی هەموو ئان و ساتێک دەمری و دەژێتەوە، کاتێک کە نوێنەری شارەکەی لە مەجلیس لە وەزیری نێوخۆ دەپرسێ بۆ کەوکوژی سیلەتان لە سەر و مێشکی کوڕی خەڵک گرتوە و، ئەویش بە خەمساردی لە وەڵامدا دەڵێ نا وانییە، لە لاق و لەتەریشمان داون...!

بە ڕوویەکی دیکەشدا، لە بارودۆخێکدا کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیەوێ بە گاڵتەجاڕی هەڵبژاردن و بە پشتبەستن بە سندووقی دەنگدان و بەشداریی «خەڵک» ڕەواییەتی درۆیین بە دەسەڵاتەکەی بدا، کە لەبەرچاومانە لە بودجەی ساڵی ٩٩ دا چەندە جوان ئەو «خەڵک»ە دەبینێ و پشک و بەشی بۆ دیاری دەکا!

لە لایحەی بودجەی ٩٩دا ئەوەندەی بۆ بەشی دەسەڵات و حوکمەت دەگەڕێتەوە، نە شتێک بەناوی قەیرانی ئابووریی هەیە و نە گەمارۆیەکیش لەسەر وڵاتە، چونکی وەک هەمیشە پارووی دامەزراوە دەوڵەتییەکانی وەک حەوزەکانی عیلمییە، ڕێکخراوەکانی تەبلیغاتی ئیسلامی، بەسیج و سپا و هێزە چەکدارەکانی دیکەی ڕێژیم لە ڕۆندایە و بەشی «خەڵک»و پەروەردە و سلامەتی و ئاوەدانیش دیارە چییە و چەندە و «ئابووریی بەرگری» و «خۆڕاگری» دەخوازێ بەوەندە قایل بن و هیچ نەڵێن!

خەڵک و ژیان و پێداویستییەکانیان لە ڕوانگەی ڕێژیمەوە تەنیا لە سەرچاوەی داهات، قەڵغانی بەڵا و ڕەواییەتدانی درۆییندا پێناسە دەکرێن، دەنا چۆن بودجەی حەوزەکانی عیلمییە کە هیچ خێروبێرێکی بۆ کۆمەڵگە نییە دەبێ ٥٤ هیندەی بودجەی بەرنامەی پاراستنی سەرچاوە سروشتییەکانی وڵات، ١٦ هیندەی بودجەی بنیاتی نەخۆشینە دەگمەن و درێژخایەنەکان بێ؟ چۆن دەکرێ تەنیا ڕێکخراوەیەکی مەزهەبیی وەک «جامعه المصطفی العالمیه» بڕی ٣١٨ میلیارد تمەنی بدرێتێ کە ٩٢ هیندەی کۆی بودجەی پشتیوانی لە قوتابیانی سەرەتایی ناوچە هەژار و پەراوێزخراوەکانە؟

حەسەن ڕووحانی ڕۆژی ١٧ی سەرماوەز لە کاتێکدا لایحەی بودجەی بردە مەجلیس و لە پشتی میکرۆفۆن ڕایگەیاند کە نرخەکان لە ساڵی داهاتوودا وەک خۆیان دەمێننەوە، کە هەر لەو یەک مانگەدا بەهۆی بڕیاری گرانکردنی نرخی بێنزین _ئەویش بۆ پڕکردنەوەی کورتیهێنانی بودجەی دەوڵەت_ نرخی هەموو کاڵا و کەلوپەلەکان لە سەتا ١٢ هەتا سەتا ٣٠ زیادی کردوە و ڕوونە کە گوشار و قورساییەکەشی دەستەوداوێنی کێ بووە، هەر خەڵکی بێماف و هەژار! لەو بارودۆخەدا ڕوونە کە هەڵوێستی خەڵک بەنیسبەت هەڵبژاردنەکان چۆن دەبێ و دواتر بەنیسبەت بەردەوامیی ڕوانگەی دەسەڵات بۆ خەڵک کە هەر سەرکوت و بێبەشکردنە لە مافەکانیان بە کام ئاقاردا دەشکێتەوە.

خۆپێشاندانەکانی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ بەو خوێندنەوەیەی بۆ دروشمەکان و هەروەها پەیام و ویست و داخوازە گشتییەکان دەکرێ نیشانی دا کە خەڵک لە پڕۆژەی ڕیفۆرمخوازیش تێپەڕیون و، چیدی دەسەڵات ناتوانێ بەو مەکروحیلە لەلایەک کۆمەڵگە سەرقاڵ بکا و لە چاوەڕوانیدا بیهێڵێتەوە؛ لەولاش لە هاوکێشە جیهانییەکاندا بۆ بەرژەوەندییەکانی ڕێژیمەکەیان (نەک خەڵک) کەلک لەو پڕۆژەیە وەربگرێ. ئیدی لای خەڵک ڕوون و ئاشکرایە کە مەجلیس لە کۆماری ئیسلامیدا ناتوانێ نوێنگەی ئیرادە و بەشداریی خەڵک بێ لە بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆی، بەڵکوو شوێنی تێکگیرانی بەرژەوەندیی ڕەوت و لابالەکانی نێو حاکمیەتە و کام لا کورسیی زیاتری بە حسێبی دەنگی خەڵک بەرکەوتبێ، ئەوا بەشی زیاتری لە گەندەڵی و تاڵانوبڕۆ پێ براوە. بەو پێیە و بەتایبەت دوای ڕووداوەکانی خەزەڵوەر ڕوونە کە هەم خەڵک و هەم حکوومەت حسێبی خۆیان لەگەڵ یەکتری جیا کردۆتەوە و هەر کام بە ڕێی خۆیدا دەڕوا، بەوەش ئەوەی زیاتر لە هەموو شتێک چاوەڕوانکراوە، سەرهەڵدانەکان و پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکە.

هەموو شتێکیش بۆ ئەم ناڕەزایەتییانە ئامادەیە، چونکی لەگەڵ بەردەوامیی گەمارۆکان ئابووریی وڵات نەک بەرەو باشی ناچێ خراتریش دەبێ، بەوەش نە دەوڵەت لە توانایدا هەیە پشت بە سەرچاوەکانی داهاتی زیاتر ببەستێ و، نە مافیای بەیتی ڕێبەری و بنیاتە ئابوورییەکانی سەر بە سپای پاسداران و هێزە چەکدارەکانی دیکەی ڕێژیم ئامادەن مالیات بدەن و نە سیستمی بانکیی مایەپووچ دەتوانن بگەنە فریای دەوڵەت؛ بۆیە دیسانەکەش قورساییەکە دەخرێتەوە سەر شانی خەڵک و خەڵکیش دەڕژێنەوە سەر شەقامەکان. لێرەدایە کە ئەم پرسیارە بەرەوڕووی هەموو لایەک دەبێتەوە کە چۆن ئەمجارەیان داری ناڕەزایەتییەکان بێتە بەر؟ چۆن بکرێ هەتا بە زیانی گیانیی کەمتر دەسکەوتی گەورە دەستەبەر بکرێ؟ چۆن دەکرێ سەرکوتی خوێناویی خەڵک تێچوویەکی قورسی بۆ ڕێژیم لێ بکەوێتەوە؟

پێش هەموو شتێک یەکیەتیی بەکردەوەی خەڵک چ لە هەڵبژاردنی دروشم و چ لە تاکتیکی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ڕێژیم خاڵی گرینگی فازی نوێی ناڕەزایەتییەکانە. چینی مامناوەندیی کۆمەڵگە با هیندەی چینی بندەستە هەژاری و گوشاری ئابووری نەیهاڕیبن، بەڵام وەک هەموو چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵ لە ماف و ئازادییە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانیان بێبەشن، هەروەها لەگەڵ بەردەوامیی سیاسەتەکانی ڕێژیم ڕۆژبەڕۆژ ستاتووی ئەم چینەش دادەڕمێ؛ بۆیە پێویستە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە وزەی خەباتگێری و ناڕەزایەتی دەربڕینی خۆیان یەک بخەن، کەواتە کەلێنە چینایەتییەکانی بزووتنەوەش دەبێ پڕ بکرێتەوە.

خەلاقییەت لە مێتۆدی بە چالشکێشانی دەسەڵاتیش ڕۆڵی بنەڕەتی دەگێڕی لە یەکلاکردنەوەی ناڕەزایەتییەکاندا، ئەویش ئەوەی کە ناڕەزایەتییەکان وێڕای بەخاوەنکردنی شەقام، بەرەو ئاراستەی مانگرتن و داخستنی بازاڕ، کارگە و ڕێگاکانی هاتوچۆ

# بەڕێوەچوونی چوارەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان



پێشنیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە، ٢٤ی سەرماوەزی ١٣٩٨ی هەتاوی (٢٠١٩/١٢/١٥ ی زایینی)، چوارەمین کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەڵبژێردراوی کۆنگرەی حەڤدەهەم بە بەشداریی ئەندامانی ئەسڵی و جێگرانی کۆمیتەی ناوەندی، بەڕێوەچوو.

لە سەرەتای کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبدا کە بە ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێکرد، بەڕێز کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرنامە و دەستووری کاری کۆبوونەوەکەی ڕاگەیاند کە بریتی بوو لە؛ دابەشکردنی ئەرک و بەرپرسایەتیی ئەندامانی ڕێبەریی حیزب بۆ ئیدارە و بەڕێوەبەریی ئۆرگانیزمی حیزب، ڕاپۆرتێکی سیاسی لە سەر بارودۆخی ئێران و کوردستان و هەڵسەنگاندنی باس و بابەتەکانی پێوەندیدار بە یازدەهەمین خولی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس لە ئێران.

لە بڕگەی یەکەمی کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزبدا بەڕێز کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب، ڕاپۆرتێکی لە سەر چۆنیەتیی دابەشکردنی کار و بەرپرسایەتیی ئەندامانی ڕێبەری لە ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەریی حیزب باس کرد. بەڕێزیان وێڕای ئاماژەدان بە دابەشکردنی ئەرکەکان کە بە ڕاوێژ لە گەڵ یەک بەیەکی ئەندامانی ڕێبەریی حیزب و تێبینی و سەرنجی دەفتەری سیاسیی حیزب گەڵاڵە کراوە، کڵێشەی ئەرک و بەرپرسایەتیی هەرکام لە ئەندامانی ڕێبەریی پێشکەش بە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی کرد. هەر لەم پێوەندییەدا دوای بەشداریی چالاکانەی ئەندامانی ڕێبەریی حیزب لە باسەکە و هێنانەگۆڕێی سەرنج و تێبینییەکان، دابەشکردنی کار و ئەرکەکان پەسەند کرا و هەرکام لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزب بەرانبەر بە چۆنیەتیی ڕاپەڕاندنی کار و ئەرکەکانیان، بەرپرسیار کران.

بەشی دووهەمی کاری کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی تایبەت بوو بە لێکدانەوەی سیاسی لە سەر دۆخی ئێران و کوردستان و قسەکردن لە سەر هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پارلمانی ئێران کە لە ڕێکەوتی ٢ی ڕەشەممەی ئەمساڵدا بەڕێوە دەچێ. لەم بڕگەیەی کاری کۆبوونەوەکەدا سەرەتا سکرتێری گشتیی حیزب، کاک خالید عەزیزی باس و لێکدانەوەیەکی سیاسیی پێشکەش کرد کە بەشداریی چالاکانەی ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی لێ کەوتەوە. کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بە ئاماژەدان بە پەرەسەندنی ڕەوتی ناڕەزایەتیی گەلانی ناوچە لە وڵاتانی دراوسێ لە ڕۆڵی تێکدەرانە و نابەرپرسانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە وڵاتەکانیان و هەروەها زیادکردنی ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژی گەمارۆ ئابوورییەکان بە دژی ئێران کە بە تەواوەتی ئەم ڕێژیمەیان بەرەوڕووی دەیان قەیرانی جۆراوجۆری سیاسی، ئابووری، تەندروستی، کۆمەڵایەتی، ژینگەیی و...هتد کردوە، لەو باوەڕەدا بوو کە کۆماری ئیسلامی لە سێ بەستێنی نێونەتەوەیی، ناوچەیی و نێوخۆییدا لە دۆخێکی وەها هەستیار و قەیراناوی دایە کە چارەسەرکردنیان بۆ ڕێژیم سەخت و دژوارە.

هەر لە پێوەندی لە گەڵ بارودۆخی سیاسیی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بە ئاوڕدانەوە لە خۆپێشاندانەکانی مانگی خەزەڵوەری ئەمساڵ کە بە دڕندانەترین شێوە لەلایەن دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە سەرکوت کرا و بە سەدان کوژراو، هەزاران بریندار و شەپۆلێکی بەرین لە گیران و دەستبەسەرکرانی لێ کەوتەوە، لەو باوەڕەدا بوو کە ڕەوتی ناڕەزایەتییەکان لە ئێران دژ بە نیزامی کۆماری ئیسلامی خێرایی و پانتایەکی بەرینتر لە جاران لە خۆ دەگرێ. کۆمیتەی ناوەندیی حیزب وێڕای باسکردن لە جۆری ڕەفتار و داخوازیی نەتەوەکانی ئێران لەم قۆناغە لە ناڕەزایەتییەکان دژ بە کۆماری ئیسلامی، سەرنجی زیاتری خستە سەر خۆپێشاندانەکانی خەڵکی کوردستان و، هەر لەم پێوەندییەدا پێداگری لە سەر زەروورەتی یەکگرتوویی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کردەوە.

لە دوایین بەشی باسە سیاسییەکانی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، قسە لە سەر خولی یازدەهەمی هەڵبژاردنەکانی نوێنەرانی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی کرا کە وا بڕیارە ڕۆژی ٢ی ڕەشەممەی ئەمساڵ بەڕێوە بچێ.

لەم پێوەندییەدا کۆمیتەی ناوەندیی حیزب وێڕای باسکردن لە هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ مودیرییەت و موهەندسیکردنی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس و، هەروەها ئاماژەدان بەو فاکتەر و هۆکارانەی کاریگەرییان لە سەر چۆنیەتیی هەڵوێستی خەڵک بەرانبەر بە هەڵبژاردنەکان دەبێ، وێڕای تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندنی پرسی هەڵبژاردن و هەڵوێستگرتن، دەفتەری سیاسیی حیزبی بە مەبەستی هێنانە بەرباسی ئەم پرسە لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ئەرکدار کرد

کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی پاش جێبەجێکردنی دەستووری کاری کۆبوونەوەکە و بڕیاردان لەسەریان، بە گوڕ و تینێکی تازە و هیوادار بە گەیشتن بە ئامانجە بەرزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

***

## پەیامی دەفتەری سیاسی ڕوو بە پێشمەرگە کەمئەندامەکان: ئێوە سیمبولی گیانبازی بۆ گەل و نیشتمانن و، حیزبەکەمان پێتان سەربەرزە

حیزبی دیموکراتی کوردستان
حزب دمکرات کردستان
Kurdistan Democratic party-Iran

لە مێژووی خەباتی پڕ هەوراز و نشێوی نەتەوەکەماندا بە گشتی و خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبەتی، لە کاتی پێشمەرگایەتی و بەرگری لە کەرامەتی گەلەکەماندا، پۆلێکی بەرچاو لە ڕۆڵەکانی کورد لە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا لە شەڕ دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە توندی بریندار بوون و بەشێک لە جەستەیان پێشکەش بە بارەگای گەل و نیشتمان کردوە و، بەشێک لەوان خوێنیان لەگەڵ خوێنی شەهیدەکان تێکەڵ بووە.

لە حیزبی ئێمەدا کەم نین ئەوانەی بەشێک لە جەستەیان لەدەست داوە، یا زامی قورسیان هەڵگرتوە کە ئێمە وەک سیمبولی فیداکاری و گیانبازی دەیانناسین. بێشک ئێوە کەمئەندامانی حیزب چ ئەوانەی هەر ئێستا لە ڕیزی پێشمەرگایەتیدا ماون و چ ئەوانەی لە تاراوگە و لە نێوخۆی وڵات دەژین، ئێستاش کۆڵەکەی ڕاپەڕاندنی کار و چالاکییەکانی حیزبەکەمانن. بۆیە دەفتەری سیاسی بە چاوی ڕێزەوە دەڕوانێتە خەبات و تێکۆشانتان و؛ وەک یادگاری ڕۆژانی سەختی خەبات چاوتان لێدەکرێ و باوەڕمان وایە هەمیشە حەقتان بە سەر حیزبەکەمانەوە هەیە.

ئێوە وەک کەمئەندامانی سەنگەری بەرگری، ڕۆژ و مانگ و ساڵەکانی تەمەنتان بە سەربەرزی لە ڕیزی پێشمەرگایەتیدا تێپەڕ کردوە و هێز و گوڕی لاوەتیتان، وزە و ورە و ئیمانتان لە سەنگەر و لە کاتی هێرش و بەرگریدا بۆتە داستان و بیرەوەری و هەمووومان لێی فێری خۆڕاگری و فیداکاری بووین، ئێوە هەردەم پێشمەرگەن و ئێستاکەش پێشمەرگەئاسا لە خزمەت حیزب و گەلەکەمان دان.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم ڕۆژەدا ڕێز لە فیداکاری و خۆڕاگریی ئێوە ئازیزان دەگرێ و وەک هەمیشە ئێوە بە قەڵای لەگیران نەهاتووی گەلەکەمان دەناسێ. ئێوە نموونەی دڵسۆزی و وەفادارین، بێشک ئازارەکانتان بە ئازاری خۆمان و حیزبەکەمان دەزانین و بە گشتی ئێوە سیمبولی گیانبازی بۆ گەل و نیشتمانن و حیزبەکەمان پێتان سەربەرزە.

ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵا و ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە ئێوە و بنەماڵەکانتان پیرۆز بێ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٦ی سەرماوەزی ١٣٩٨**

## خالید عەزیزی:

# بنەمای سیاسەتی ئێمە لەهەر دانوستان و هاوپەیمانییەکدا بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان و پێداگری لەسەر مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کوردە

**(دەقی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێورەسمی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستان)**



ئەمرۆ ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستانە. ئاڵا و پێشمەرگە میراتێکن لە کۆماری کوردستانەوە بۆ ئێمە ماونەتەوە. ئەم ڕێچکەیە پێشەوا قازی محەممەد بۆ ئێمە شکاند و خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات بە گیانفیدایی هێزی پێشمەرگەی هەتا ئێستا بەردەوام و ڕوو لە پێشێ بووە. ئەم حیزبە لە هەموو ژیانی سیاسیی خۆیدا و لە هەموو ئەو کاتانەی کە تووشی هەوراز و نشێو بووە ئەوەندەی کە لە توانایدا بووبێ، ئاڵای خەبات، واتە ئاڵای شوناسخوازیی کوردی هەر شەکاوە ڕاگرتوە و ناوی پێشمەرگەشی بەشانازییەوە لە شکۆدا پاراستوە و نەسل بە نەسل هەتا ئێرەی هێناوە. ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگە و ڕۆژی ئاڵا لە هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان، هەروەها بەتایبەتی لە بنەماڵەی شەهیدە پێشمەرگەکان، کە کچ و کوڕ، دایک و باوک و هەر ئەندامێکی بنەماڵەیان پێشمەرگە بووە و شەهید بووە؛ پیرۆز بێ. پیرۆزە لە بنەماڵەی زیندانییانی سیاسی کە ئازیز و خۆشەویستێکیان لەسەر ڕێبازی پێشمەرگایەتی کە گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکانی خۆمانە؛ لە زینداندان. پیرۆزە لە هەموو ئەندامان و دۆستان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئاواتیان دەخواست لە وەها ڕۆژێکدا لەگەڵمان بن و لەگەڵ ئێمە بەشداری ئەم ڕۆژە پیرۆز و مەزنە بن. پیرۆزە لە هەموو خەڵکی تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە تەواوی ئەو ماوەیەدا بە شێوازی جیاواز و بە بۆنەی جۆراوجۆرەوە بە پاراستنی یەکگرتوویی و یەکڕیزیی نەتەوایەتیی خۆیان، هەوڵیان داوە لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا بێدەنگ نەبن و ئیجازە نەدەن کۆماری ئیسلامی نەتەوەیەک وەک نەتەوەی کورد وا بەئاسانی تەحقیر بکا و، بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان هەوڵیان داوە بە ڕێبازەکەی پێشەوا قازی محەممەد و دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی وەفادار بمێننەوە.

**هاوڕێیانی خۆشەویست! خوشک و برایانی ئازیز! پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان و بەتایبەت پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات!**

کورتە ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی پڕ هەوراز و نشێوی ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکرات، ئەوەمان بۆ دەردەخا کە نە ڕووخانی کۆماری کوردستان، نە بەندکرانی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات، نە دەربەدەریی حیزبی دێموکرات، نە شەهیدبوونی ڕێبەرانمان، نە شەهیدبوونی هەزاران پێشمەرگە و نە تەقینەوەی شەوی یەلدا و نە مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات، کە شەهیدبوونی پۆلێک لە پێشمەرگە و کادر و ئەندامی ڕێبەریی ئەم حیزبەی لێکەوتەوە؛ ئەمانە بە هەموویانەوە نەیانتوانیوە هیچ کات ئیرادەی حیزبی دێموکرات و ئیرادەی پێشمەرگەی بەچۆکدا بێنن و هیچ کاتیش بەچۆکدا نایە.

**پێشمەرگە ئازیزەکانی کوردستان!**

لە دنیای ئەمڕۆدا زۆر شوێن هەن کە سەرماگوزارییەکی زۆر و زەوەند دەکەن بەو مەبەستەی ناویان بچێتە نێو ناوان؛ بەڵام ناوی پێشمەرگە بە قارەمانەتی و فیداکاری لە پێناو مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کورددا لە دنیا بڵاو بۆوە. بوو بە ناوێک کە کاتێک باسی خەبات و تێکۆشان و فیداکاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پارچەکانی دیکەی کوردستان و تەنانەت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکرێ، کاتێک باسی بەرەنگاری لە بەرامبەر تێرۆریزمدا دەکرێ جا ئەو تێرۆریزمە هیی کۆماری ئیسلامی بێ یان هەر تێرۆریزمێکی دیکە بێ؛ لەوێدا ناوی پێشمەرگە بە سەربەرزییەوە دێتە گۆڕێ و دنیاش ناتوانێ ئینکاری تواناکانی پێشمەرگە بکا.

ناوی پێشمەرگە وەک باسمان کرد بۆ سەردەمی کۆماری کوردستان دەگەڕێتەوە. کاتێک پێویستیی هێزێکی پارێزەر لە سەردەمی کۆماردا پتر لە پێش دەردەکەوێ، دەگێڕنەوە ناوی پێشمەرگە لەلایەن پیرەپیاوێکی دنیادیدەوە پێشنیار دەکرێ و ئەم ناوە پڕمانایە بە بەژنی پێشمەرگە و فیداکارییەکانی ئەو دەدووردرێ. جا کەوایە ناوی پێشمەرگە بە هەموو لێکدانەوەیەک لە جێگای خۆیەتی و پڕبەپێستی ئەم کەسە لەخۆبوردووەیە.

**هاوڕێیانی ئازیز!**

کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان، نیزیک مانگێک لەمەو بەر کۆتایی پێهات. ئێمە لە کەش و هەوایەکدا کۆنگرەمان گرت، کە کۆماری ئیسلامی و دامەزراوە ئەمنیەتییەکانی ئەم ڕێژیمە و دەزگا سەرکوتکەرەکانیان هەر بەو شێوەی کە لە نێوخۆی وڵات لە سەرکوتی خەڵک ڕانەوەستاون، هەوڵیان دەدا کە کۆنگرەکەی حیزبی دێموکراتیش نەگیرێ و لەو ماوەیەدا هەموو پیلانێکیان گێڕا؛ بەڵام بەخۆشییەوە کۆنگرە کە بە ناوی کۆنگرەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکرات ناودێر کرابوو، بە پشتیوانی و فیداکاری و ڕێکوپێکیی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە بۆ جارێکی دیکەش پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەجێ گەیاندنی ئەرکێکی گەورە واتە گرتنی کۆنگرەی حیزبی دێموکرات بەخۆشییەوە دەورێکی باشیان بینیوە.

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

ئێمە لە کاتێکدا یادی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دەکەینەوە، کە ئێران لە زۆر بوارەوە کەوتووەتە ناوەندی باس و لێکدانەوەکان، ئێمە لە حاڵێکدا ئەو ڕۆژە پیرۆزە وەبیر خۆمان و وەبیر کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەتەوەی کورد بەگشتی دێنینەوە کە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ قەیرانێکی بەربڵاوی ئابووری، ئەمنیەتی و سیاسی لە نێوخۆ و لە ناوچەکەدا ڕووبەڕووە.

هەر لە ماوەی چەند حەوتووی ڕابردوودا، خۆپیشاندانەکانی ئێران کە لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە لەدژی ئەو ڕێژیمە کران، حەقیقەتێکی ناشارەوەی تێدا بوو؛ یەکەم ئەوەی کە دەسەڵات بە هەموو توانای خۆی لە هەموو هێزە ئەمنیەتییەکانی خۆی کەلکی وەرگرت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە ئەو خۆپیشاندانانە سەرکوت بکا. ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر نارەزایەتییەکانی خەڵکدا سیاسەتێکی نەگۆڕی گرتووەتە بەر و وڵامدەری ویست و داخوازی خەڵک نییە و هەمدیسان مانەوەی خۆی هەر زەبروزەنگدا دەبینێ. دووەم ئەوەی کە ئەم خۆپیشاندانانە کوتوپڕ و بێبنەما نەبوو، بەڵکوو لە درێژەی سیاسەتی سەرکوت و وڵامنەدانەوە و حاشاکردن لە مافی خەڵکی ئەم وڵاتە بەگشتی و نەتەوەی کورد بەتایبەتی لەلایەن دەسەڵاتەوە بوو. لە هەمان کاتیشدا ئەم خۆپیشاندانانە نیشاندەری ئەوە بوو کە کۆمەڵانی خەڵک لە ڕاستیدا ترسیان شکاوە. جیاوازیی ئەم خۆپیشاندانانە لەوانی پێشوو ئەوە بوو کە لە پێوەندی لەگەڵ دروشم، هەڵوێست و هەروەها ڕێکخستنەوە؛ دەرخەری ڕادەیەک لە تێگەیشتن و پێگەیشتن بوو. هەموو ئەوانەش پێکەوە ئێعترازێکی جدی بە کۆماری ئیسلامی بوو و لە هەمان کاتیشدا بڕوا بەخۆییەکی زۆر بەهێزی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی بەدی هێنا. بۆیە ئێمە گەشبینین بەوەی کە ئەو قەیرانانەی لە ئێراندا لەگۆڕێدایە و خودی ڕێژیم خولقاندوونی؛ لە درێژەی خۆیدا کۆماری ئیسلامی دەکاتە قوربانی و لە ئاکامدا هەر خەڵکە کە بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی خۆیان سەرکەوتوو دەبن.

لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە هەتا ئەو جێگەی پێوەندیی بە ویست و داخوازە ئابووری، کۆمەڵایەتی، نەتەوایەتی و دێموکراتیکەکانی کۆمەڵانی خەڵکەوە هەیە، ئێستاش زیاتر لە جاران سەرنج و گرینگیی پێ نادرێ. بوودجەی پێشنیاریی دەوڵەت بەبێ سەرنجدان بە بژیو و خۆشبژیویی خەڵکی ئێران و ئاوەدان کردنەوەی وڵات تەرخانی دەستێوەردان و نائەمنکردنی وڵاتانی دیکە دەکرێ. فشاری ئابووری کە لەلایەن ئامریکاوە خستراوەتە سەر کۆماری ئیسلامی، کاریگەریی بەربڵاوی لەسەر کۆمەڵگەی ئێران داناوە. بەڵام هەتا ئەو جێگەی پێوەندیی بە بەرپرسانی ڕێژیمەوە هەیە ئەو سەروەت و سامانە هەر لە پێناو زێدەخوازییەکانی خۆیان بەکار دێنن. بوودجەی دیاریکراوی ئەمساڵیش نیشانی داوەوە کە هەروەک پێشوو دەرفەتەکان لە خەڵک ئەستێندراوەتەوە و ئاوڕێک لە ژیانی ئاسایی کۆمەڵانی ئەم وڵاتە نەدراوەتەوە. ئەگەر کۆمەڵانی خەڵک بۆ نارەزایەتیدەربڕین بە گرانبوونی بێنزین ڕژانە سەر شەقامەکان، ئێمە دڵنیاین لەبەر ئەوەی کە بەرنامەکانی کۆماری ئیسلامی وڵامدەری ویست و داخوازییەکانی خەڵک نییە، بەداخەوە دیسان کۆمەڵانی خەڵک –بەلەرچاو گرتنی تێچووی گیانیی زۆر– لە داهاتووشدا دەبێ ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی و هەموو ئەو فشارانەی کە خستوویەتە سەریان ببنەوە. ئێمە هیواداریین یەکڕیزی و یەکدەنگیی کۆمەڵانی خەڵک بەستێن و مێکانیزمێکی باشتر دروست بکا بۆ ئەوەی کە لە داهاتووشدا –کە پێشبینی دەکرێ دیسان نارەزایەتیی لەم چەشنە ڕوو بدا– دروشمی سەرەکی، ئەوە بێ کە کۆماری ئیسلامی وڵامدەری ویستی خەڵک نییە و ئیرادەی چارەسەریی کێشەکانی نییە.

پەیامێکی تری ئەم خۆپیشاندانانە بۆ دژبەرانی کۆماری ئیسلامی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە، ئەگەر تایبەتتری بکەینەوە بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانین بڵێین کە خۆپیشاندانەکانی ئەوێ پەیامەکەی بۆ ئێمە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بوو. هەتا ئەو جێگەی پێوەندیی بە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییەوە هەیە، بەداخەوە هەتا ئێستاش بەربڵاویی بە ئێمەوە دیارە؛ بەڵام ئێمە گەشبینین هەموو ئەو دانیشتنانە کە لە نێوان دژبەرانی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە دەچێ و حیزبی دێموکراتی کوردستان وەکوو هەمیشە هاندەر بووە و هەوڵی داوە لەوێ ببێتە هۆی لێک نیزیک بوونەوەی لایەنەکان، بەردەوام لەم پێناوەشدا دەچێتە پێش. سیاسەتی ئێمەش ئەوەیە تێبکۆشین لەگەڵ زۆربەی ئەوانە لە وتوویژ و ڕاگۆڕینەوەدا بین و، تێبکۆشین لە هەموو دانیشتنەکاندا لەسەر مافی نەتەوایەتیی خۆمان و لەسەر سەقامگیر کردنی دێموکراسی لە ئێران پێداگریی بکەین و؛ ئەوە بنەمای سیاسەتی ئێمەیە لە پێوەندی لەگەڵ دژبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

لەمەڕ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێمە تێدەکۆشین هەموو خۆپیشاندان و نارەزایەتیدەربڕینەکانی ئەوێ بکەینە بنەمایەک بۆ دەستووری کاری حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان، هەتا ببێتە مایەی کۆدەنگی و هاوکارییەکی بەهێز لە نێوان خۆماندا و، لەژێر ڕووناکایی ئەم هاواهەنگییە بتوانین لە داهاتوودا باشتر لە ئێستا و ڕابردوو، ئەو نارەزایەتییانەی کە لەدژی کۆماری ئیسلامی دەردەبڕدرێن بەڕێوە بەرین و ئیدارەیان بکەین.

لە ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە هەوڵی داوە لە دانیشتن و دیدارەکانی خۆی لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە دەبنە بەردەنگمان و بە جۆرێک بیر لە داهاتووی ئێران و ئەمنیەتی ناوچەکە دەکەنەوە و، لەم نێوەدا ئێران، ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتیش –بە ئێعتباری دۆخ و نفووزێک کە چ لە نێوخۆی وڵات و چ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا هەیەتی–؛ تێکۆشاوین ئەو پەیامە بە هەموو ئەم لایەنانە و خەڵکی کوردستانیش بگەیەنین، کە ئێمە هەموو هەوڵێکی خۆمان وەگەڕ دەخەین لە پێناو ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی نەمێنێ و دەسەڵاتێکی فرەچەشن و دێموکراتیک لەم وڵاتەدا بێتە سەر کار. لە هەمان کاتیشدا پێداگری لەسەر ئەو ڕاستییە دەکەینەوە هەتا ئەو جێگەی پێوەندیی بە پرسی کورد بەگشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە هەیە و، هەتا مافەکانی ئەم نەتەوە لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە تێیدا دەژیی و، هەروەها لە هەر ئاڵوگۆڕێک کە لە داهاتووی ئێراندا دێتە پێشێ، جێبەجێ نەبێ و لەبەرچاو نەگیرێ؛ نە ئێران ئەمنیەت و ئاسایش بەخۆوە دەبینێ، نە دێموکراسی تێدا سەقامگیر دەبێ و نە ئەم وڵاتە دەتوانێ ببێتە هۆی پاراستنی ئەمنیەتی ناوچەکە.

جا کەواتە هیچ شوێنێک و هیچ لایەنێک چ لە نێوخۆ و چ لە ناوچە و چ لە دەرەوەی وڵاتیش ناتوانن فاکتۆری کورد لەبەرچاو نەگرن. ئەوەی کە دەڵێین هیچ لایەنێک ناتوانێ گرینگی بە پرسی کورد نەدا، لەم ڕووەوەیە کە ئەم نەتەوەیە بەردەوام لە مەیداندا بووە و شەڕی لەدژی تێرۆریزم کردووە، ئەم گەلە لە گۆڕەپاندایە بۆ دامەزراندنی دێموکراسی لەو وڵاتانە، ئەم نەتەوەیە شانازی بە ڕابردووی خۆی دەکا کە قورسایی خەباتەکەی لەسەر شانی پێشمەرگە بووە و پێشمەرگەی هەیە و پێشمەرگەی دەبێ.

هەر لەم ڕۆژە پیرۆزەدا پەیامێکی دیکەی ئێمە بۆ هەموو خەڵکی ئێران و بۆ هەموو ئەو لایەنانەی کە بە جۆرێک خۆیان لە ئاڵوگۆڕەکانی ئەم وڵاتەدا خاوەن بەرژەوەندی دەبینن و بیر لە داهاتووەکەی دەکەنەوە و بەخۆشییەوە بەشێکیشیان دانیان بە نەتەوەی کورد و مافەکانیدا ناوە، لە چەند و چۆنیی ستراکتۆرێکی سیاسیی دیکە لە ئێراندا؛ دەمانهەوێ پێیان بڵێین پرسی کورد و خەبات و تێکۆشانی نەتەوەی کورد و بوونی ئێمە بۆ دروستکردنەوەی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست _لە پێوەندی لەگەڵ نەتەوەی کورددا_ و داهاتووی ئێران وەک دەرفەت چاو لێ بکرێ نەک هەڕەشە. هەر بۆیە پێویستە هەموو لایەک لەو دەرفەتە کەلک وەر بگرین.

لە کۆتاییدا بۆ جارێکی دیکە وێڕای ڕێزگرتنێکی زۆر لە خەبات و تێکۆشانی خەڵکی نێوخۆی وڵات لە پێناو گەیشتن بە مافەکانی خۆیان، لێرە پەیمانیان لەگەڵ نوێ دەکەینەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبەکەی کۆماری کوردستان، ئەو حیزبەی سەربەرزە بە پێشمەرگە و ئاڵا؛ لە خەبات و تێکۆشانی خۆمان بەردەوام دەبین. جا ئەگەر ئێوە لەوێ و ئێمە لێرە هەموو لایەکمان بەیەکەوە بین، دڵنیاین داهاتوو هیی ئێمەیە؛ هەموو لایەکمان سەرکەوتوو بین.

## سەردانی بێرنارد هانری لێڤی بۆ سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان



ڕۆژی سێشەممە، ١١ی دێسامبری ٢٠١٩ی زایینی (١٩ی سەرماوەزی ١٣٩٨ی هەتاوی) بێرنارد هانری لێڤی فەیلەسووفی بەناوبانگ و کەسایەتیی شوێندانەری فەڕانسەیی بە هاوڕێیەتی چەند کەس لە هاوفکر و هاوکارانی خۆی گەیشتە سکرتاری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و لەلایەن هەیئەتێکی حیزب بە سەرپەرستیی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا.

لە سەرەتای ئەم سەردانەیدا کە دووەمین سەردانی بەڕێز هانری لێڤی بۆ لای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوو، بێرنارد هانری لێڤی و هاوڕێیانی سەرەتا سەردانی مووزەی شەهیدانی موشەکبارانی قەڵای دێموکڕاتیان کرد وپاش ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی ئەو شەهیدانە، لە وتەیەکدا و بە نووسینەوە لەسەر دەفتەری بیرەوەریی شەهیدانی قەڵا، هەژان و هاوپێوەندیی خۆیان لە بەرامبەر بیرەوەریی ئەوان و خۆڕاگریی هاوسەنگەرانیان نیشان دا.

پاشان لە دانیشتنێکی دۆستانە و بەنێوەرۆکدا، پاش وتەی بەخێرهێنان و قەدرزانین لەلایەن کاک خالید عەزیزییەوە، هەردوولا سەبارەت بە دۆخی ئێستای خەباتی کوردی ڕۆژهەڵات و هەلومەرجی گشتیی ئێران و ناوچە گفتگۆیان کرد و کاریگەریی هەردوو فاکتەری خەباتی خەڵک و فشارە نێودەوڵەتییەکانیان لەپێوەندی لەگەڵ ئایندەی کۆماری ئیسلامیدا هەڵسەنگاند.

دواتر وێڕای قسەکردن لەسەر هێندێک ڕەهەندی ڕوانینی سیاسی و بەرنامەی خەباتگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بێرنارد هانری لێڤی و هاوڕێیانی سەبارەت بە چۆنیەتیی بەرزکردنەوەی زیاتری دەنگی حیزبی دێموکڕات و کوردی ڕۆژهەڵات لە ئاستی نێونەتەوەییدا هێندێک پرسیاریان لە سکرتێری گشتیی حیزب و هاوڕێیانی کرد کە لەلایەن ئەوانەوە وڵامی پێویست درانەوە.

لە دوایین برگەی ئەم سەردانەدا، بێرنارد هانری لێڤی و هاوڕێیانی لەگەڵ هەیئەتی حیزب سەردانی گۆڕستانی شەهیدانی دێموکڕات بەتایبەتی شەهیدانی شەوی یەڵدا و موشەکبارانی قەڵای دێموکڕاتیان کرد و جارێکی دیکە ڕێزیان لە بیرەوەریی شەهیدانی ڕێگای ئازادیی کوردستان گرت و هاوخەمی و پشتیوانیی خۆیان بە حیزبی دێموکڕات و کوردی ڕۆژهەڵات ڕاگەیاندەوە.

## سەردانی شاندێکی پەیەدە بۆ لای حیزبی دێموکراتی کوردستان



دوانیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە، ٢١ی سەرماوەز شاندێکی پارتی یەکیەتیی دێموکرات پەیەدە بە سەرپەرستیی سلێمان عەرەب، نوێنەری پەیەدە لە هەرێمی کوردستان سەردانی بارەگای دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی کرد و لە لایەن هەیئەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرستی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب پێشوازییان لێکرا.

لە سەرەتای ئەم دیدارەدا بەڕێز سلێمان عەرەب، نوێنەری پەیەدە لە سلێمانی پیرۆزبایی گرتنی کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی لە هەیئەتی خانەخوێ کرد و هیوای خواست کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەژێر تیشکی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەدا خۆی بۆ بەرپرسیارەتییە مێژووییەکانی لە گۆڕانکارییەکانی ئێستای ئێران و ناوچەدا پتر ئامادە بکا. شاندی پەیەدە پێی لەسەر ئەوە داگرت کە کوردانی ڕۆژاوا بە چاوی ڕێزەوە لە پشتیوانی و هاوپێوەندیی خەڵکی ڕۆژهەڵات بەنیسبەت خەباتی کورد لە ڕۆژاوا دەڕوانن.

لەو دیدارەدا کاک خالید عەزیزی وێڕای هێنانە بەر باسی چەند بابەتێکی سیاسیی ئێران و کوردستان و شیکردنەوەی سیاسەت و خوێندنەوەی حیزبی دێموکڕات بەنیسبەت پرسە ڕۆژەڤەکانی ئێران، خەبات و خۆڕاگریی کچان و کوڕانی ڕۆژاوای لە تێکشکاندنی داعش و بەربەرەکانی لەگەڵ هێزەکانی داگیرکەر بەرز نرخاند.

تاتوێ و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سیاسیی ئێران و سووریە و پێگەی کورد لە هاوکێشەکانی ئەم وڵاتانە چەند تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەم دیدارە بوون.

# پێشمەرگە پارێزەری هێما پیرۆزەکان



جەمیل سەرمەستی

ڕوونە لە مێژووی کۆنەوە خێڵ و عەشیرەتە جیاجیاکان و تەنانەت ئایین و ئایینزاکانیش بۆ پێناسەی خۆیان و هەروەها بۆ جیاکردنەوەی خەڵکێک بە تایبەتمەندیی وەکوو یەک لە خەڵکێکی دی بە خەسڵەتی جیاوازەوە پێویستییان بە هێماگەلێک بووە بۆ پێناسەی خۆیان و هەرکامەیان بەتایبەتمەندیی خۆیەوە هەوڵیان داوە بە شێوەیەک خۆیان وکۆمەڵگەکەیان بناسێنن، کە «ئاڵا» یەک لەوان بووە.

لە سەدەی ١٦ی زایینییەوە کە دەوڵەت_نەتەوەکان دروست بوون و وڵاتەکان بە پێوەری نەتەوە و زمان دابەش کران، باسی ئاڵا زۆرتر ورووژێنرا و، نەتەوەکان هەوڵیان دا کە ئاڵای وڵاتەکەیان بکەن بە یەک ئاڵا کە هێمای نەتەوەیی پێوە دیار بێ. بەدوای ئەمەدا ئەم نەتەوە و وڵاتانە بە شێوەیەکی زانستی و بەپێی ئەو پیوەرگەلەی کە خۆیان مەبەستیانە لە وڵاتەکەیاندا زۆرتر بەرچاوبێ و بەوانەوە بیانناسن ئاڵاکانیان سەرلەنوێ دارشتەوە. بەڵام بە هۆکارگەلی جیاجیا و لەوانە شەڕ و شکان و سەرکەوتنەکان و داگیرکردنی وڵاتان لە لایەن داگیرکەرانەوە، بە بەردەوامی گۆڕانکاری بەسەر ئاڵاکاندا هاتوە.

لەم سەردەمەشدا هەر حیزب و ڕێکخراو و کۆمەڵەی فەرهەنگی، وەرزشی و بازرگانی و هتد... ئاڵای خۆیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لەژێر ئاڵایەکی گشتیی وڵاتەکەیاندا کۆ دەبنەوە کە پێناسەی هەموویان دەکا. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە دامەزرا ئاڵای وەکوو پێناسە و هێمای گەل و وڵات و دەوڵەت پێناسە کرد.

کوردیش سەرەڕای هەموو هێرش و داگیرکارییەک کە لە سەری بووە، لە قۆناغگەلی جیاجیادا ئاڵای خۆی هەبووە کە دیارە پێشتر زیاتر خێڵ و ناوچە و ئایین و ئایینزا دەوریان لە چەندی و چۆنییەکەیدا بووە، جگە لە ئاڵای سەردەمی شێخ مەحموود و ڕاپەڕینی قۆچگیری باکووری کوردستان، ئاڵای میرنشینەکانی کوردستان و ئاڵای زەندییە و هتد... لە ساڵی ١٩١٩ یەکەم ئاڵا کە بە ناوی کوردستانەوە هەڵ کرا لە لایەن کوردەکانی باکوورەوە بوو کە هەر هەمان سێ ڕەنگی ئێستای ئاڵای کوردستانی تێدا بەکارهاتبوو. ئەم ئاڵایە کە بە یەکەم ئاڵای کوردستان ناسراوە، ژمارەیەک ڕووناکبیر و نووسەری کورد لە ئیستانبووڵ دایانڕشتوە و دواتر کۆماری کوردستان ئاڵایەکی تایبەتی بە ناوی کوردستانەوە نەخشاند. ئەوەش کە ئێستا وەکوو ئاڵای کوردستان هەیە، سەرەڕای نەبوونی دەوڵەتی کوردی زۆربەی وڵاتان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دانیان پێداناوە.

لە لایەکی دیکەوە مێژووی هەرگەلێک پڕاوپڕە لە کەوتن و هەستان، بەزین و بەزاندن، شکان و سەرکەوتن و ڕووداوگەلی جۆراوجۆری تاڵ و شیرین کە هەندێکیان قەد لە بیر ناچنەوە و دەبنە سیمبول، نیشانە، هێما و شانازی و؛ تێکەڵ بە بیروباوەڕ و ژیانی کۆمەڵگەیەک دەبن و ساڵانە یادی ئەو ڕووداوە و مێژووەکەی بەرز ڕادەگرن. هەروەها ئەو یادە دەبیتە ئامیانی مانەوەی ئەو بیرە لە مێشک و دڵیاندا و، تەنانەت تێکەڵ بە پێست و ئێسقانیان دەبێ و هەتاهەتایە دەمێنێتەوە. مێژووی ئێمەی کوردیش بێبەش نییە لەو ڕووداوگەلە و یەکیان ڕۆژێکە کە مێژووەکەی بۆ سەردەمی کۆماری کوردستان لە مهابادا دەگەڕێتەوە و ئێستا ئێمە بە ڕۆژی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان دەیناسین، ئەویش ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوییە. ئەم هێما و سیمبولانە بەرهەمی بیری سیاسیی پێشکەوتوو وسەردەمیانەی نەمر پێشەوا قازی محەممەد، سەرۆککۆماری کوردستان بوو کە لەو ماوە کورتەی دەسەڵاتدارەتیدا هێماگەلێکی بۆ جێهێشتین کە دوای ٧٤ ساڵ هێشتا نەک هەر کاڵ نەبوونەوە و لەبیرنەکراون؛ بەڵکوو بوونەتە ڕەمز و هێمایەکی بەرچاو و دیار لە مێژووی خەباتی گەلی کورددا .

ناوی پێشمەرگەی کوردستان لە تەنیشت سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» کە ئەویش بەرهەمی دەسەڵاتدارەتیی کورد لەسەردەمی کۆماری کوردستانە، بۆتە سیمولی خۆڕاگری و ناوێکی تۆقێنەرە لە بەرانبەر داگیرکەران و دوژمنانی گەلەکەماندا و لە لایەکی دیکەشەوە بۆتە پاڵپشت و جێگای هیوا و هومیدی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. لەوەش زیاتر بۆتە وێردی سەرزمانی خەڵکی دنیا و بە قارەمان و مرۆڤێکی تێکۆشەر و مافخواز ناسراوە.

ئەوەیکە جێگای سەرنج و تێڕامانە بیروهزری ئەوکاتی پێشەوا و هەروەها مانەوەی هێماکانی وەکوو ئاڵا و سروودی ئەی ڕەقیب لەسەردەست و بە گیانبازی و قوربانیدانی پێشمەرگە ماوەتەوە و گەورەیی پێشمەرگەیە و ئەو پێناسەیەی کە لە مرۆڤێکی ئازادیخواز و خۆڕاگر بەناوی پێشمەرگە کراوە و ئێستاش گەورەتر و بەڕێزتر و قارەمانتر لە جاران لە مەیدانە جیاجیاکانی خەباتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و بەرگریشدا خاوەنی پلە و پایەیەکی بەرز و باوەڕپێکراوە وەکوو کاریگەرترین ئەکتەری بەرگری و خەبات دژی نامرۆڤانەترین و دڕندانەترین دەسەڵاتەکانی سەردەم، واتە کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕاوەستاوە و تاکە هێزی ڕزگاریدەری گەلەکەمانە.

پێشمەرگە مرۆڤێکی خاوەن هەڵوێست و بە بیر و باوەڕە کە لە هەموو خۆشی و حەزەکانی ژیانی خۆی دەستی کێشاوە بۆ بەدەستهێنانی ماف و ڕزگاری گەلەکەی لە ژێر دەستی داگیرکەراندا و بە گیانی خۆی و بە چەکی بیروباوەڕ بەرگری لە گەل و نیشتمانەکەی دەکا و، لە نێو کورد و تەنانەت دنیاشدا بۆتە یەکێک لە پاکترین و بەهێزترین و مرۆڤانەترین هێزی خەباتکار؛ لە بەرانبەریشیدا هێزێکی تێرۆریستی وەکوو سپای پاسداران هەیە کە هەموو دونیا بە مرۆڤکوژ و بێبەزەیی و دواکەوتوو دەیناسن، کەواتە هەموو ڕۆژێک لەم وڵاتەدا ڕۆژی پێشمەرگەیە.

# پێویستییەکانی خەباتێکی کاراتر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان*



قادر وریا

## (ئاوڕدانەوەیەکی خەسارناسانە)

ئێمە لە هەلومەرجێکدا باس لە پێویستیی کاراتر کردنی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین کە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەم لە دەرەوە ڕا، هەم لە نێوخۆدا، بەرەوڕووی گوشار و ناڕەزایەتیی بێوێنە بووەتەوە. لە مانگی ڕابردوودا شایەدی زنجیرەیەک ناڕەزایەتیدەربڕین و خۆپێشاندان لە سەرانسەری ئێراندا بووین. کۆماری ئیسلامی دڕندانە بەرەوڕوویان بۆوە و بە هەموو هێزی خۆیەوە سەرکوتی کردن. بە داخەوە سەدان کەس گیانیان لە دەست دا و، شەهید بوون. ئەو ڕێژیمە هەم لە ژوورەوە لە گەڵ کێشە و قەیرانی یەکجار زۆر بەرەوڕوویە و هەم لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لە گەڵ وڵاتانی دنیا کێشەی جۆراوجۆری هەیە. هەمووی ئەوانە وایان کردوە کە ئەو ڕێژیمە لە بارودۆخێکی تایبەت دابێ. بارودۆخێکی وا کە ناتوانێ وڵات ئیدارە بکا. زۆر سروشتتییە لە وەزعێکی وادا نابێ ئەگەری ڕووخانی بە کەم بگرین. بۆیە پێویستە لە بیری بە دیلی ئەو ڕێژیمەدا بین، بیر لەوە بکەینەوە کە ئەگەر بۆشایی دەسەڵات لە ئێراندا پێک بێ، ئێمە وەک کورد چ دەسکەوتێکمان دەبێ؟ ئەمە وا دەکا کە ئێمە وەکوو کورد، وەکوو بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەکوو ئەو ڕێکخراوانەی لەو بزووتنەوەیەدا بەشدارین، بیر لەو ئەرکانە بکەینەوە کە ئێستا دەکەونە سەرشانمان.

کاتێک باس لە پێویستیی کاراترکردنی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەینەوە، جێی خۆیەتی لە پێشدا لە سەر خاڵە بەهێز و لایەنە پرشنگدارەکانی ئەم بزووتنەوەیە بوەستین.

### ئەو خاڵانەی جێگای شانازیین و دەبێ بە ئەرێنی باسیان بکەین:

٤٠ ساڵ خۆڕاگریی حیزبی دێموکرات و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات بەرامبەر ستەم و زۆرداریی کۆماری ئیسلامی، ٤٠ ساڵ فیداکاری و قوربانیدان لە پێناو مافەکانی خەڵکی کوردستان، یەک لەو خاڵە جێی شانازییانەیە. ئەوان لە هەر ئیمکانێک و ڕێگایەک کە بۆ ڕاوەستان و خەبات بەرامبەر ئەو ڕێژیمە هەیانبووە، درێغییان نەکردوە. هەر تەنیا حیزبی دێموکرات بە هەزاران پێشمەرگەی لەم خەباتەدا شەهید بووە. ئەگەر ئەندامان و لایەنگران و خەڵکێکیش بێنینە حیسێب کە لە سۆنگەی پشتیوانی لە خەباتی ئەم حیزبە لە گەڵ ئەو ڕێژیمەدا شەهید بوون، ژمارەی قوربانییەکان دەبێتە چەندین بەرابەر. حیزبەکانی ئێمە لە خەبات و قوربانیداندا درێغیان نەکردوە و ئەوەی لە دەستیان هاتوە کردوویانە. بۆ هەربستێک لە خاکی وڵات کە لە دەستیان داوە قوربانییان پێشکەش کردوە. دوایەش کە بە ناچاری چوونەتە دەرەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دیسان لە خەبات و تێکۆشان نەوەستاون. سەرەڕای ئەو هەمووە قوربانییەی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی جۆراوجۆر لە ڕێبەران و تێکۆشەران و ئەندامانی ئەو حیزبانەی ئەستاندوە، وێڕای ئەو هەمووە سەختییانەی لە قۆناغە جیاوازەکاندا لە سەرڕێیان بووە، لە تێکۆشانی پێشمەرگانە، تێکۆشانی سیاسی، تێکۆشانی دیپلۆماسی و هتد، شل نەبوونەوە.

ئەم بەربەرەکانی و خۆڕاگرییە جێگای شانازییە بووە بە هۆی ئەوە کوردستان جیاوازییەکی بەرچاوی هەبێ لە گەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران. بووە بە هۆی ئەوە خەڵکی کوردستان بەردەوام «نا» بەو ڕێژیمە دیکتاتۆرە بڵێ و تەسلیمی نەبێ. ڕێگەی پێ نەدا شوناسەکەی بسڕێتەوە و زمانەکەی لێ بستێنێتەوە، یا تەنانەت ئایینەکەی پێ بگۆڕێ. بوونی حیزبەکان و خۆڕاگریی پێشمەرگە و بەردەوامیی خەباتیان وای کردوە کوردستان وەک قەڵایەکی لەگیراننەهاتوو بمێنێتەوە و ڕێژیم نەتوانێ بە تەواوی بە سەریدا زاڵ بێ. هەبوونی ئەو خەبات و تێکۆشانە بووە بەهۆی ئەوە لە درێژایی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا، تێگەیشتنی خەڵکی ئێمە لە بارەی شوناسی خۆی بەردەوام بەرەوژوور بچێ و پێش بکەوێ. بوونی ئەو حیزبانە و تێکۆشانیان لەنێو خەڵکدا یارمەتیدەر بووە بۆ ئاشنا بوونی خەڵکی کوردستان لە گەڵ کۆمەڵێک چەمک و بەها. کوردستان زووتر لە بەشەکانی دیکەی ئێران لەگەڵ نێوەرۆکی دیموکراسی، لە گەڵ مافی مرۆڤ، لەگەڵ ویستی یەکسانیی نێوان ژن و پیاو، لەگەڵ ئەوەی خەڵک بۆ خۆی خۆی بەڕێوەبەرێ، لە گەڵ ئەوەی تاکەکان ڕێزیان لێ بگیرێ، ئاشنا بووە. چونکە حیزبەکان ئەو کاتەی لەنێو خەڵکدا بوون و دەسەڵاتیان بە دەستەوە بووە، کەم و زۆر هەوڵیان داوە ئەم چەمک و بایەخانە بەرنە نێو ژیانی خەڵک. هەر بۆ وێنە دەرەتانی پێکهێنانی خوێندن بە کوردی بۆ خەڵکی کوردستان، وەک یادگارێکی ئەو کاتەی حیزبەکان لەنێو خەڵک بوون و دەسەڵاتیان هەبوو، لە بیرەوەریی خەڵکدا ماوەتەوە. ئەوە کە (ڕەفتاری خەڵکی) کوردستان لە بەشەکانی دیکەی ئێران سیاسییترە، دەگەڕێتەوە بۆ هەبوون و کۆڵنەدانی ئەم بزووتنەوەیە و کاریگەرییەکانی.

### چەند دیاردەی نەرێنی و شیاوی خەسارناسی

بەڵام سەرەڕای ئەو خاڵە باشانەی ئاماژەیان پێکرا، حیزبەکان لەنێو خۆیان و لە ئاستی بزووتنەوەکەدا، خاوەن و هەڵگری کۆمەڵێک کەموکووڕی و لایەنی نەرێنی بوون و هەن. دیارە حیزبەکان بە گشتی عادەتیان نەکردوە ئاوڕ لە کەموکوڕییەکان بدەنەوە و دانیان پێدا بنێن. بەڵام ئەگەر ئێمە بمانەوێ خەباتێکی چالاکتر و کاریگەرترمان لە نێو میللەتەکەی خۆماندا هەبێ، حەقە ئەو کەموکوڕییانەی ڕابردووی خۆمان ببینین. من هەوڵ دەدەم بە کورتی ئاوڕێک لە هێندێک لەو کەموکووڕییانەی مێژووی ٤٠ ساڵی ڕابردووی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەمەوە.

### شەڕی نێوخۆیی نێوان حیزب و ڕێکخراوەکان

یەکێک لەو دیاردە نەرێنی و لاوازانە، شەڕی نێوخۆیی لە ڕابردوومان دایە. ئاوڕدانەوە لەو شەڕە لەو بارەوە پێویستە چونکە پێموایە تا ئێستاش ئاسەوارییان ماوە و تا ئێستاش وەکوو گەرایەک لەنێو مێشکی تێکۆشەران و ئەندامان و ڕێبەران و خەڵکی ئێمەدا ماوەتەوە کە لەوانەیە ئەو گەرایە لە کاتی خۆیدا چالاک بێتەوە. سەیر کەن! ئەگەر دوابەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و دەستپێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبەکان، هاوکارییەکی جیددی لە بەینی حیزبەکان هەبا، ئەگەر یەکتر قبووڵکردن هەبا، ڕەنگە زۆر شت بەو هاسانییە بۆ ڕێژیمی تازە نەچووباسەر و ئێمە هێز و وزەیەکی زۆرمان لە ململانێیەکی ناپێویست و نادروستدا لە دەست نەدابا. زۆر بە داخەوە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا بە داخەوە شەڕی نێوخۆیی ڕووی دا، ململانێی نێوان حیزبەکان گەیشتە شەڕی چەکدارانە. ئەمە بووە هۆی ئەوە زۆر ناوچە لە سۆنگەی ململانێ و شەڕی نێوخۆییدا لە دەست بچن. زۆر کچ و کوڕی ئەو خەڵکە بوونە قوربانی و، هەل بۆ ڕێژیمی دەسەڵاتدار ڕەخسا کە وەزعەکە بە قازانجی مەرامەکانی خۆی بقۆزێتەوە.

### وێکهەڵنەکردن لە نێوخۆی حیزبەکاندا

نەک لە نێوان ئەم حیزب و ئەو حیزب، بەڵکوو لە نێوخۆی حیزبەکانیشدا کولتووری پێکەوە هەڵکردن و یەکتر تەحەممولکردن، کولتووری خەباتێکی سالمی نێوخۆیی، زۆر لاواز بووە. لە نێو زۆربەی حیزبەکاندا دیتوومانە کە جیاوازیی بیروڕا، لێکدابڕانەکان و جیابوونەوەکانیان لێ کەوتووەتەوە. ئەم لێکدابڕانانە وایان کردوە کە هێز و توانای حیزبەکان بەرەبەرە لاواز بێ. سروشتییشە هەر ئینشعاب و لێکدابڕانێکیش کە ڕوو دەدا، لایەنەکانی دەکەونە ململانێی یەکتر، هەر لایەنێک بۆ ئەوەی خۆی بە سەرکەوتوو و بەحەق نیشان بدا، دەبێ زەمی ئەوی دیکە بکا. لەو نێوەدا هێز و وزەیەکی زۆری حیزبەکان تێداچووە. جگە لەمەش لە ئاکامی ئەو جۆرە کێشە و ململانێیانەدا سەنگ و پرێستیژی حیزبایەتی زۆر شکاوە. ڕێز و حورمەتی حیزبایەتی لە سۆنگەی ململانێی نادروستی نێوان حیزبەکان و گرووپەکانی نێو حیزبەکاندا زۆر هاتووەتە خوارێ. ئەمە یەکێک لەو دیاردانەیە کە حەقە خەسارناسیی بکرێن و شوێنەوارەکانیان ببینین.

### دوورکەوتنەوەی درێژماوە لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

دابڕانی فیزیکیی بەڕێوەبەری و ناوکەی سەرەکیی حیزب و ڕێکخراوەکان لە خەڵکی ڕۆژهەڵات بۆ ماوەی دەیان ساڵ و جێگیربوونیان لە دەرەوەی سنوورەکان ئەگەر چی نادڵخواز و بەناچاری بووە، وای کردوە کە زۆر لە ڕێبەری و تێکۆشەرانی حیزبەکان، وردەکاریی پرس و کێشە و ڕاستییەکانی نێوخۆی وڵات، ژیانی سیاسی و چالاکیی سیاسیی نێوخۆ و گرفتەکانی خەڵک بەو شێوەیەی پێویستە دەرک نەکەن. زۆر جار ئەوەی ڕێبەران و بەڕێوەبەریی حیزبەکان دەیڵێن، لەگەڵ ئەوەی لەنێو کۆمەڵدا هەیە، زۆر لێک دوورن. ئەم دوورکەوتنەوە جۆگرافیاییە وای کردوە گرفتەکانی ژیانی خەڵک لەوێ، بە شێوەیەکی زۆرهەستپێکراو دەرک نەکەن و جۆرێک نامۆیی و بێگانەبوون لەگەڵ مەسائیلی ئەوێ بێتە پێش. ئەمەش وەکوو دیاردەیەکی نەرێنی دەبێ ببینین.

### تاکپەرستی وەک دیاردەیەکی سەرچاوەگرتوو لەم دۆخ و ڕابردوویە

لەئاکامی ئەو دوورکەوتنەوە لە مێژینەیە و دابڕانەکان و ململانێ نێوخۆییەکاندا کۆمەڵێک دیاردەی دیکە لەنێو حیزبەکاندا سەریان هەڵ داوە. بۆ وێنە لە جیاتی ئەوەی حیزبەکان و سەرکردەکان ئامادە بکرێن بۆ ئەوەی لە خزمەتی بزووتنەوە و خەڵکدا بن، حیزبەکان ئامادە دەکرێن بۆ ئەوەی لە خزمەتی فکر و هیوایەتی نەفەرێکدا بن. زۆر جار وا هەست دەکەی لە نێوان ڕێبەرانی حیزبەکان جۆرێک ململانێ هەیە، ململانێکەش لە سەر ئەوەیە کە کامیان وەک ڕێبەری کوردی ڕۆژهەڵات بناسرێ. هەوڵی ئەو جۆرە ڕێبەرانەش بۆ ئەوەیە حیزبەکەی خۆی لەگەڵ لەتێکی دیکە کە لێی جیا بووەتەوە و لە گەڵی لە ڕەقابەت دایە، یەک نەگرێتەوە. چونکە پێیان وایە بەم شێوەیە باشتر دەتوانن وەکوو سەرکردەیەک مەیدانداری بکەن. بەم هۆیەوەیە کە دەبینین ئاڵوگۆڕی نێو زۆر لە حیزبەکان لە جیاتی کۆمەگ بکا لە جیهەتی یەکگرتنەوەی حیزبە (لێکدابڕاوە)کان و یەکگرتنی هێزە سیاسییەکان، زۆرتر لە جیهەتی ئەوە دایە کە حیزبەکان بە مەرام و بە مەیل و تموحی ڕێبەرانیان بێت. حیزبەکان لە ڕاستیدا بوون بە قوربانیی ئەم جۆرە هیوایەتانەی کە لە نێو ڕێبەرانیان دایە. ئەمەش خاڵێکە کە بە بڕوای من جێگەی ڕەخنەیە. ئێمە دەبێ ڕێبەران و تێکۆشەران و سەرکردایەتیی حیزبەکانمان وا لێ بکەین کە لە خزمەت بزووتنەوەکەدا بن، خۆیان بکەن بە قوربانی، بۆ ئەوەی بزووتنەوەکە یەکگرتوو بێ و گەشە بکا، نەک بە پێچەوانە بزووتنەوەکە لەت لەت و پچڕ پچڕ بێ و ببێتە قوربانیی (ڕێبەران) بۆ ئەوەی ئەوان ڕاحەتتر حیزبایەتی بکەن. ئەم(دیاردە) یەش وەکوو واقیعێک دەبێ ببینین.

ئەگەر دەمانەوێ خەباتێکی کارا بکەین، دەبێ ئەم جۆرە ئیشکالاتە ببینین، دان بەوەدا بنێین کە چەندە وزەمان، توانامان و کاتمان لەم جۆرە ململانێ ناسالمانەدا ڕۆیشتوە. کاتێکیش باسی ناکارایی دەکەین و دەڵێین پێویستە کاراتر بین، دەبێ قبووڵی بکەین ئەو وەزعیەتەی هەیە: یەکنەگرتن، یەکتر تەحەممول نەکردن، دژایەتیی یەکتر کردن، دوورکەوتنەوە لە واقعی نێو کۆمەڵگەکەمان و ... ، ئەمانە وایان کردوە بزووتنەوەی کورد سەرەڕای ئەو هەمووە خوێنەی کە داویەتی و ئەو هەمووە قوربانییەی کە پێشکەشی کردوە، کاراییەکەی کەم بێتەوە.

### چەند نموونەیەک لە ناکاراییی ئەمڕۆی بزووتنەوەی کورد

کە باس لە ناکارایی دەکەم مەبەستم «بالفعل»(لە ئێستادا) ئەم ناکارامەیی و ئەم کەمکاریگەرییە هەیە، ئەگینا ئەگەر «بالقوە»(لە درێژخایەن)دا چاوی لێ بکەی، بە هۆی ئەو پاشخانە مێژووییەی ئەو بزووتنەوەیە هەیەتی، بە هۆی ئەو ڕیشە قووڵەی لە نێو کۆمەڵگەدا هەیەتی، سەرمایەیەکی زۆر گەورەی هەیە. ئەگەر بتوانێ بە سەر ئەو کێشانەی خۆیدا زاڵ بێ، دەتوانێ شتی زۆر گەورە بکا. با وەک نموونە هێندێک لەو ناکاراییە لە وەزعیەتی ئێستادا باس بکەین:

### لە بواری پێشمەرگایەتیدا

ئەم ڕۆژانە کە لە شارەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو خۆپێشاندانانە هەبوون، زۆر کەس چاوەڕوان بوون کە هێزی پێشمەرگە فریای خەڵک کەوێ. دیارە ئێمە خەبات دەکەین بۆ ئەوەی خەڵک بێنە سەرشەقام و ناڕەزایەتی دەربڕن، خەباتی هەموو حیزبەکان بۆ ئەوەیە. دەی ئەگەر ڕۆژێک خەڵک هاتە سەر شەقام و سینگی بە گوللەوە نا، کاری حیزبەکان چییە؟ بە بڕوای من ئەگەر حیزبەکان یەکگرتوو بان، ئەگەر هێزێکی پێشمەرگەی یەکگرتوویان هەبا، ئەگەر تەرح و پلانیان هەبا -ڕەنگە هەموو کاتێک گونجاو نەبێ بۆ ئەوەی بە شێوەی پێشمەرگانە بێنە مەیدان- بەو حاڵەش هێزی پێشمەرگە(ی یەکگرتوو) دەیتوانی باشترین نوقتە قووەت بێ بۆ حاڵەتێکی ئاوا، بەڵام وا نەبوو. هەمووی بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە هەلومەرجە سیاسیەکە ئامادە نەبوو. خودی نائامادەیی حیزبەکان و هێزی پێشمەرگەشیان بۆ خۆی یەکێک لە هۆکارەکانە. وای دادەنێین بۆ ئێستا هەلومەرجەکە لە باری سیاسییەوە ئامادە نەبوو، ئەگەر سبەینێ لە باری سیاسییەوە هەلومەرج ئامادە بوو، بەڵام لە جیاتی یەک هێزی پێشمەرگە چەندین هێزی پێشمەرگە هەبوو، هێزە پێشمەرگەکانیش هەموویان لەگەڵ یەکتر لە ڕەقابەتدا بوون، ئامادەی هاوکاری لەگەڵ یەکتر نەبوون، فەرماندەیی هاوبەشیان نەبوو، دیسان ناتوانێ کاریگەر بێ. ئەمە یەکێک لە نموونەکانی ناکاراییەکانە.

### لە بواری دیپلۆماسییەوە

کەمترین ئەرکی ئێمە حیزبەکان ئەوە بوو لە بارودۆخێکدا کە خەڵکەکەمان بەو پەڕی بێڕەحمییەوە سەرکوت دەکرا، کاری گەورەی دیپلۆماسی بکەین. بەڵام ئێمە نەمانتوانی کاری گەورەی دیپلۆماسی بکەین. لەگەڵ ئەوەی (ڕێژیمی)ئێران گەمارۆی ئابووری و سیاسیی لە سەرە، لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کێشەی هەیە،-کە هەمووی ئەوانە زەمینەی چاکن بۆ کاری دیپلۆماسی- ئێمە نەک هەر ئەمساڵ و ئەم ڕۆژانە بەڵکوو لە چەند ساڵی ڕابردوودا کە سوپای پاسداران وەکوو هێزێکی تێرۆریستیی ناسراوە، کە ڕێژیمی ئێران تەحریمی لە سەرە، کە هەلومەرجێکی نێودەوڵەتیی باش ئامادە بووە، بەڵام وەکوو حیزبەکان نەمانتوانیوە کارێکی دیپلۆماسیی ئەوتۆ بکەین کە بتوانین کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ خەڵکی ئێران و لەگەڵ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ فشار خستنە سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هاودەنگ بکەین؟ هۆیەکەی چییە کە نەمانتوانیوە؟ هۆیەکەی ئەوەیە هەر حیزبێک هەوڵ دەدا بۆ خۆی (بە تەنیا) پارتنێرێک ببینێتەوە و پێوەندیی پێوە بگرێ، نەک بە هاوبەشی بچین کاری دیپلۆماسی بکەین. سروشتییە ئەگەر وەکوو تیمێکی یەکگرتووی دیپلۆماسیی کوردی ڕۆژهەڵات و بزووتنەوەکەی ئەوێ بچی کاری دیپلۆماسی بکەی، ڕوو لە هەر دەرگایەک بکەی زۆر

چاکتر بە دەنگتەوە دین، قسەی زۆر کاراتر و کاریگەرترت دەبێ. بەڵام کە هەر کەس بۆ خۆی و لە ڕەقابەت لە گەڵ ئەوەی دیکەدا هەوڵی دا، ئەمە تەنیا لە کارایی ئەو کارە دیپلۆماسیانەی ئێمە کەم دەکاتەوە.

**لە بواری ڕاگەیاندندا**

ئەو ڕۆژانە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و میدیاکانی جیهان چاوەڕێ بوون بزانن کە لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ ڕادەبرێ؟ لەو شارانە کە خۆپێشاندان هەیە و خەڵک سەرکوت دەکرێ(چ باسە)؟ ڕاستە کە هەڵبڕینی ئەنترنێت بۆخۆی یەکێک لە هۆکارەکان بوو، بەڵام حیزبێک کە لە نێوکۆمەڵگەدا ئەو هەمووە خەڵکەی هەیە دەبوایە زۆر لەوەی دیتمان زیاتر توانییای زانیاری وەدەست بێنێ. یا ئەگەر وەدەستیشیان هێناوە نەیانتوانیوە سەرنجی دنیا بۆ لایان ڕابکێشن. هێندێک ڕێکخراو یا هێندێک چالاکی مافی مرۆڤ لەو ماوەیەدا لە وەدەستهێنانی زانیاری و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ڕاپۆرتی پێوەندیدار بە قوربانییەکان و گیراوەکان لە حیزبەکان کاریگەرتر بوون. دەبێ قبووڵ بکەین ئێمە وەک حیزبەکان بە عام نەمانتوانیوە بەو جۆرەی پێویستە وەدەست بێین بۆ داکۆکی لە خەڵکەکەی خۆمان، بۆ وەرگرتنی زانیاری و ئاگاداریی ورد لە ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە سەرکوتی خەڵک ، بۆ ئەوەی بیانگەیەنین بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

**کەمتەرخەمی لە ئاست کۆمەڵێک کەیسی گرنگ**

زۆر کەیس هەن، کەیسی مافی مرۆڤ، کەیسی تیرۆر، کەیسی کوشتاری بە کۆمەڵ، کە هی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، بۆ وێنە کەیسی ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهابادی و چەندین ئێعدامی بە کۆمەڵی دیکە، بە دەیان کەیسی کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵک لە گوندەکان هەیە بە تایبەتی لە پارێزگەی ورمێ، لەو ناوچانەی کە کورد و تورک لە دراوسێیەتیی یەکتردا دەژین، بە دەیان قەتلوعامی خەڵکمان هەن کە تا ئێستاش ئەو کارەی پێویستە لە بارەیان نەمانکردوون. کەیسی تێرۆری ڕێبەرانمان هەن، کاری پێویستیان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لەسەر نەکراوە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی جۆراوجۆر ڕێبەران و تێکۆشەرانی لێ تیرۆر کردووین. بەڵام ئایا ئێمە توانیومانە یەکێک لەوانە بکەین بە کەیسێک کە سەرنجی دنیای بۆ لای ڕابکێشین و بتوانین جۆرێک هاودەنگی و پشتیوانیی ڕێکخراوەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ و کۆڕ و کۆمەڵی نێودەوڵەتی بۆ بەرگری لە کورد و بۆ بەدواداچوونی ئەو کەیسانە و بۆ مەحکوومکردنی ئەو کەسانەی لەو تاوانانەدا دەستیان هەبووە، وەدەست بێنین؟ بە داخەوە نەمانتوانیوە. ئێمە دەبێ قبووڵ بکەین ئەوانە کەموکوڕیی بزووتنەوەکەی ئێمەن و ئەگەر ئەو بزووتنەوەیە بتوانێ بە سەر ئەو کێشانەی خۆیدا زاڵ بێ، دەتوانێ کاری زۆر گەورە بکا.

**ئەو گرفتانەی پێویستە ڕەخنەیان لێ بگرین و چارەسەریان بکەین**

ئەگەر بمانهەوێ بە عەقڵیەتێکی نوێوە بزووتنەوەی کورد بەڕێوە بەرین و خۆمان ڕێک بخەینەوە، پێش هەموو شتێک دەبێ زۆر واقعبینانە سەیری ئەو ڕابردووەمان بکەین. دەبێ بە دیدێکی ڕەخنەگرانە ئاوڕ لە ڕابردوو بدەینەوە. وێڕای دیتنی شانازییەکان و خاڵە بەهێزەکانمان، دەبێ کەموکووڕییەکانی خۆمان ببینین. کە کەموکوڕییەکانیش دەبینین دەبێ لە زۆر بواردا ڕەخنە لە خۆمان بگرین. بۆ وێنە ڕەخنە لە بەرچاوتەنگیەکانمان –حیزبێک بەرامبەر بە حیزبێکی دیکە– یا یەکتر تەحەممەل نەکردنەکانمان، بگرین. ڕەخنە لەوە بگرین کە ئامادە نەبووین بە یەکەوە کاری گەورە بکەین. ڕەخنە لەوە کە نەمانتوانیوە وێک هەڵکەین و تەحەممولی بیروڕای جیاواز بکەین. ڕەخنە لەوە کە کێشەکان زۆر زوو ململانێی ناسالم لەگەڵ یەکتر و ئینشعابات و لێکدابڕانیان لێ کەوتووەتەوە.

ڕەخنە لە خۆمان بگرین کە بێ بەرنامە و بێ پلان بووین لە زۆر کاتدا. زۆر جار دەرفەتی باش ڕەخساوە بەڵام چونکە خۆمان بۆ ئامادە نەکردوە، چونکە بەرنامە و پلانمان نەبووە، دەرفەتەکانمان لەدەست چوون. با ڕەخنە لەوەش بگرین کە بە لێشاو خەڵکمان لە خۆمان تاراندوە. هەر حیزبێک قامکی لەسەر دادەنێی چاو لێ بکە بزانە ئەو خەڵکەی لێی ناڕازییە و لێی دڵسارد بووەتەوە، پترە یا ئەوەی لە گەڵیەتی؟ ئەمە یانی چی؟ مانای ئەوەیە ڕاستە حیزبەکان کێشە و گرفتاری و هەلومەرجی سەختیان هەبووە و هەموو کەس نەیتوانیوە (بەرامبەر سەختییەکان) دەوام بێنێ، بەڵام ئەو ڕاستیەشی تێدایە کە حیزبەکان ئەو هونەرەشیان نەبووە خەڵکێکی زۆر لە دەوری خۆیان ڕابگرن.

با ئاماژە بە ڕاستییەکی گرنگی دیکەی جێی ڕەخنە بکەم. هەر حیزبێک کۆمەڵە خەڵکێکی کە بە دەوروبەرەوەیەتی بە هی خۆی دەزانێ، بەڵام لەنێو کۆمەڵگەدا زۆر خەڵکی دیکە هەن کە دروستە ئەندامی ئەم حیزب یا ئەو حیزب نین بەڵام سەرمایەی ئەو کۆمەڵگەیەن. دەتوانن چاو لی بکەن لە نێو ڕاگەیەنە فارسی زمانەکاندا، لە نێو ڕاگەیەنە بیانییەکاندا، لە کۆڕ و کۆمەڵی مرۆڤدۆستدا، دەیان چێهرەی کورد هەن (کە جێگەی هیوان). حیزبەکان چەندە توانیویانە ئەو کەسانە بۆ لای خۆیان ڕاکێشن، لە فکرەکانیان سوود وەربگرن، کەلک لە پشتیوانییان وەربگرن و بۆ خۆشیان ببنە پشتیوانیان؟ ئەمەش یەکێک لەو کەموکوڕییانەیە کە جێگەی ڕەخنەیە و بە داخەوە بەو شێوەی پێویستە نەماندیتوە.

کە باس لە کەموکوڕییەکانی خۆمان دەکەین، دەشبێ ڕەخنە لە نامودێرنبوونی تێکنیکی خۆمان، تێکۆشانی خۆمان و کاری خۆمان بگرین. دەبێ قبووڵ بکەین کە لە سەردەمیک داین دەبوایە لە زۆر بارەوە تێکنیکی کاری ئێمە و تێکۆشانی ئێمە لە گەڵ سەردەمی ئەمڕۆ و پێویستییەکانی ڕۆژگاری ئەمڕۆ بگونجێ.

سروشتییە ئەگەر ئێمە بە چاوێکی ڕەخنەگرانە ئاوڕمان لەو ڕابردووە داوە و قبووڵمان کرد کە ئەوانە هەموویان کەم و کووڕین، قبووڵمان کرد ئەگەر ئەو کەموکوڕییانە نەبوایەن کاری بزووتنەوەی کورد لە جێیەکی دیکە دەبوو، دەبێ ئەو ئازایەتییەشمان هەبێ دان بە بوونیان دابنێین. هەوڵیش نەدەین هەر لایەنەکانی دیکەی تێدا خەتابار بکەین و خۆمان نا. کە باس لە کێشەیەک بۆ وێنە شەڕی نێوخۆیی دوو لایەنی کوردی دەکرێ، بەوە ناتوانی دەرس لەو ڕابردوویە وەربگری کە بەرامبەرەکەت خەتابار و مەحکووم بکەی و هەر خۆت بە حەق بزانی. ئەو مەسەلانە بەوە چارەسەر نابن کە هەموو حەقەکە بە خۆت بدەی. دەبێ قبووڵ کەین کە هەموانمان هەر یەکەی بەپێی بەرپرسایەتیمان، چ وەکوو لایەنی سیاسی، چ وەک کەسێک لە نێو حیزبێکدا، لەو ڕابردوویە بەرپرسین. ئەگەر ئاوا بیر بکەینەوە، ئەو کات ڕێگە خۆش دەبێ بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەشت بەرپرسایەتی بگرێتە ئەستۆی خۆی.

**بۆ ئەوەی ئەم ڕابردووە دووپات نەکەینەوە:**

بۆ چی ئاوڕ لەو ڕابردوویە دەدەینەوە؟ بۆ ئەوەی دەرسیان لێ وەربگرین و بۆ ئەوەی دووپاتیان نەکەینەوە. بۆ ئەوەی ئەو ڕابردوویە دووپات نەکەینەوە دەبێ کۆمەڵێک کار بکەین کە دەتوانن ئیعتیباری حیزبەکان هەستێننەوە و بزووتنەوەی کورد بکەنە هێزێکی زۆر کاریگەرتر لە ئێستا بە جۆریک کە بتوانێ لە هەلومەرجی جۆراوجۆردا چالاکتر وەدەست بێت و نەخشی گەورەتر بگرێتە ئەستۆی خۆی.

دوای ئەو خەسارناسی و بەخۆداچوونەوەیە و ئەو ڕەخنە لەخۆگرتنانە کە ئەمە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە و، بێ ئیستیسنا هەموو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە، پێویستە هەوڵی یەکگرتن و یەکگرتنەوە بدرێ. هێندێک لەو حیزبانە بۆ وێنە دوو لایەنی دێموکرات، ئەگەر بەم شێوە ڕەخنەگرانەیە ئاوڕ لە ڕابردوو بدەینەوە، وا نییە نەتوانین بە یەکەوە کار بکەین. ئەگەر بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان نەکەین بە قوربانیی بەرژەوەندی چەند کەسێک لە نێوخۆماندا، بۆچی ناتوانین یەک بگرینەوە؟ ئایا ئێمە کێشەی ئاوا گەورەمان هەیە کە نەتوانین یەک بگرینەوە؟ بەڵام کە بە دەمارگرژییەوە ئاوڕمان لە ڕابردوو دایەوە، هەرچی بەرامبەرەکەت کردوویەتی بە مەحکوومی بزانی و هەر چی بۆ خۆت کردووتە پێت حەق بوو، ناگەیە هیچ نەتیجەیەک. ئەگەر قبووڵمان کرد کە ئێمە هەموومان نەخشمان هەبووە لەو کێشە و کەموکووڕییانەدا و دەبێ دەرسیان لێ وەربگرین، ئەگەر لە زۆر بەرژەوەندەی شەخسی و گرووهی و تەنانەت حیزبی، خۆش بین و مەسڵەحەتی گەورەتر لە بەرچاو بگرین، بەڵی ئیمکانی ئەوە هەیە. من کە باسی دوو لایەنی دیموکرات دەکەم، لەوانەیە بۆ لایەنەکانی کۆمەڵەش هەر بەم شێوەیە بێ و زەمینەی ئەوەیان تێدا هەبێ کە یەک بگرنەوە.

خودی یەکگرتنەوەی هەر توخمێک لەو لایەنە سیاسییانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەک دەکا بە یەکگرتنی گەورەتر. تازە ئەم لایەنانە ئەگەر نەشتوانن یەک بگرنەوە، لانیکەم دەبێ ڕێخۆشکەر بن بۆ هاوکارییەکی گەورەتر. گرنگ ئەوەیە لە ئاکامی ئەو چاوخشاندنەوەیە بە ڕابردوو و ئەم ڕەخنە لە خۆگرتنانەدا زەمینەیەک پێک بێ کە هاوپەیمانییەکی سیاسیی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست ببێ. هاوپەیمانییەک کە حیزبەکانی تێدا بن و بشتوانێ ببێتە چەترێک بۆ ئەوەی زۆر بەشی کۆمەڵگە کە لە خەبات و تێکۆشاندایە، زۆر کەسایەتی و مرۆڤی چالاک کە لە بواری مافی مرۆڤ، ژینگەپارێزی، ئاکادیمی و بواری جۆراوجۆری دیکەدا حوزوور و کاریگەرییان لە سەر بزووتنەوەی کورد هەیە، بێنێتە ژێر چەتری خۆی.

کاتێک توانیمان هاوپەیمانییەکی وا دروست بکەین، سروشتییە کە دەبێ تەرح و بەرنامە و پلاتفۆرممان هەبێ بۆ ئەوەی لەسەر هەر قۆناغێک کە دێتە پێشمان، کاریگەریمان هەبێ. بیر لەوە بکەینەوە کە هێزێکی پێشمەرگەی یەکگرتوومان هەبێ، بیر لەوە بکەینەوە کە ناوەندێک و تیمێکی دیپلۆماسیمان هەبێ کە هی هەموو کوردی ڕۆژهەڵات بێ نەک هی تاکە حیزبێک. بیر لەوە بکەینەوە کە ڕاگەیاندنێکمان هەبێ کە بتوانێ دەنگی ئەو میللەتە بگەیەنێ. ئێوە دەزانن ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە گەڵ ئەوەی زۆربەی حیزبەکان تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامەی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام ئەوەندەی خەڵکەکەمان بەردەنگی ڕاگەیەنی غەیری ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، ئەوەندە بەردەنگی ڕاگەیەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نین. خەڵکی ئێمە چاو و گوێ و عەقڵی خۆی سپاردوە بە ڕاگەیەنەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان و ڕاگەیەنە غەیرە کوردییەکان. لە حاڵێکدا دەبا گوێگری ڕاگەیەنی حیزبەکانی خۆی بێت. دیارە ڕاگەیەنی خۆیی نەیتوانیوە ئەوان ڕازی بکا جا لە ڕووی تێکنیکی بێ یا لە ڕووی بەرنامە و نێوەرۆکەوە، بۆیە گوێی لێ ناگرێ.

ئەگەر بتوانین لە ئاکامی ئەو ڕەخنە لە خۆگرتن و بە خۆداچوونەوەیە ئەو هەلومەرجە پێک بێنین کە حیزبەکان بە عەقڵیەتێکی دیکەوە دەست بکەن بە هاوکاری لەگەڵ یەکتر، دەست بکەین بە دروستکردنی هاوپەیمانەتییەک کە تەرح و بەرنامەمان هەبێت بۆ داهاتوو، دەتوانین هاوکارییەکی بەرینتر لە ئاستی ناوچەیی و دنیادا بۆ لای بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕابکێشین. دەتوانین بە قازانجی کوردی ڕۆژهەڵات کاری زۆر گەورە بکەین. لەگەڵ بەرامبەرەکانمان بە هێزەوە قسە بکەین. ئێستا زۆر لە حیزبەکان و زۆر کەسایەتیی نێو حیزبەکان بە تەنیا هەوڵ دەدەن پێوەندی لە گەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بگرن. بەڵام ئێمە دەزانین ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی سبەینێ کە بە دەسەڵات بگا، ئەگەر حیزبە کوردییەکان یەکگرتوو نەبن و بەو مەرجەی بزووتنەوەی کورد بە هێزەوە بەرەوڕووی نەبێتەوە، شتێکی وای جواب ناداتەوە. ئەوە بە نیسبەت دەوڵەتی ناوەندییش وایە. هەر ئێستا دەوڵەتی ناوەندیی ئێران ئەگەر لە ئاکامی ئەو بارودۆخەی کە هەیە، بیهەوێ بە ڕێگای ئاشتیخوازانە مەسەلەی کورد چارەسەر بکا، هیچ حیزبێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تاقی تەنیا ناتوانێ لە گەڵی ڕێک کەوێ. چونکە حیزبەکانی دیکە زۆر هاسان دەتوانن نەتیجەی ڕێککەوتنەکەی لێ بکەنەوە هیچ و، جگە لە بەدناوی هیچی دیکەی بۆ نامێنێتەوە. بە تایبەتی کە ئێمە لە هەلومەرجێکدا نین کە هیچ حیزبێک ئەوەندە بە هێز بێ کە بتوانی بە بێ حیزبەکانی دیکەش خاوەندارێتیی مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکا.

**دەرئەنجام:**

وەک حیزبەکانی بەشدار لە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێویستمان بەوە هەیە دەرس لە ڕابردوومان وەربگرین و، ئەو بوێرییە و ئەو ئازایەتییەمان هەبێ کەموکوڕییەکانی ڕابردوومان ببینین. لە سەر ئەساسی ڕەتکردنەوەی کەموکوڕییەکانی ڕابردوو، لە سەر بناغەی دەرسوەرگرتن لە ناتەبایی و لەو هەمووە وزە و سەرمایەی لەو جۆرە ململانێیانەدا بە زایەمان دا، لە ئاکامی دەرسوەرگرتن لەو کەمتەرخەمییانەی بوومان، پێویستە لاپەڕەیەکی نوێ لە بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتدا بکەینەوە. ئەم لاپەڕە نوێیە بە یەکتر قبووڵکردن، بە پشت پێک بەستن، بە هاوکاری و هاوخەباتی لەگەڵ یەکتر، بە کراوەبوون بەرامبەر ڕەخنە و نارەزایەتییەک کە تێکۆشەران و چالاکانی سیاسی بەرەوڕووی حیزبەکانی دەکەنەوە، دێتە بەرهەم و، بە دڵنیایەوە دەتوانێ چارەنووسساز بێ.


ئەوەندەی پێوەندیی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە هەیە، ئەگەر سەیری ئەدەبیاتیتان کردبێ، گوێتان لە لێدوانی ڕێبەرانی گرتبێ، دەتوانم بڵێم بۆ ڕەخنە لەخۆگرتن، بۆ داننان بە کەموکوڕییەکانی ڕابردوو، بۆ گوێگرتن لەم جۆرە ڕەخنانە، لەو ١٢-١٠ ساڵەی دواییدا لە حیزبەکانی دیکە ئازایانەتر دەرکەوتوە. بەڵام لە هەر حاڵدا من ڕووی قسەم تەنیا لە یەک لایەن نییە. بە گشتی دەبێ ئێمە وەک حیزبەکان قبووڵ بکەین بەرەوڕووی ئەو ڕەخنانەین. لە هەلومەرجی ئێستا و لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ و لەم بڕگەیەی مێژوودا، ئەگەر ئەم ڕاستییانە نەبیسین، ئەگەر ئەم کەموکووڕییانەی خۆمان نەبینین و هەوڵی چارەسەرکردنیان نەدەین، بە دڵنیاییەوە داهاتووشمان دەبێتەوە دووپاتکردنەوەی ئەو ڕابردوویە، دەرفەتەکان لە دەست دەچن و خەڵکی کوردستانیش نامانبوورێ.

***

* ئەم بابەتە دەقی ئەو قسانەیە کە ڕۆژی ١٤ی دیسەمبری ئەمساڵ لە سمینارێکدا بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز (ڕۆژی ئاڵا و ڕۆژی پێشمەرگە)، لە شاری کۆپێنهاگن لە وڵاتی دانمارک پێشکەشم کردن. ئەم باسە تەنیا پێشەکییەکەی لێ لادراوە و لە ڕووی ڕێزمانییەوە بۆ بڵاوبوونەوە بە شێوەی نووسین ئامادە کراوە.



## دیداری وەفدی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد و شاندی دەفتەری سیاسیی حیزب



هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد.

ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە، ١٩ی سەرماوەزی ١٣٩٨ی هەتاوی وەفدێکی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (کەنەکە) بە سەرپەرستیی ئەحمەد قەرەمووس، هاوسەرۆکی کۆنگرە سەردانی بارەگای دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیان کرد و لە لایەن هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب پێشوازییان لێکرا.

لە سەرەتای ئەم دیدارەدا بەڕێز ئەحمەد قەرەمووس هاوسەرۆکی کەنەکە پیرۆزبایی بەستنی کۆنگرەی ١٧ی حزبی دێمۆکراتی کوردستانی کرد و سپاسی وەفدی خانەخوێی کرد بۆ پێشوازی کردنیان. ناوبراو لە هەمان کاتدا ڕایگەیاند کەنەکە پێداچوونەوەیەکی گشتی بە بارودۆخی خۆیدا کردوە و هەوڵ دەدا لەو ڕاستایەدا یەکدەنگییەکی گەورەتر بە بەشداریی لایەنەکانی تری هەموو پارچەکانی کوردستان دروست بکا بۆ ئەوەی بە هێزێکی زیاترەوە بەرگری لە پرسی کورد وەک نەتەوەیەک بکا.

لەو کۆبوونەوەیەدا بەڕێز عەزیزی وێڕای بەخێرهێنانی وەفدی کەنەکە، فەلسەفەی دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی بۆ خزمەت بە دۆزی ڕەوای گەلی کورد گەڕاندەوە و دامەزرانی کۆماری کوردستانی لە لایەن ئەو حیزبەوە بە لوتکەی باوڕبوون بەو ڕاستیە لە قەڵەم دا و، ڕایگەیاند ئێمە سەرەڕای گرینگی دانمان بە کێشەی کورد وەک نەتەوەیەک و خستنە گەڕی هەوڵەکانمان لە دەرەوەی وڵات بۆ دۆزی کورد بە گشتی، لە سەر ئەو باوەڕەین خەباتی هەر بەشێکی کوردستان خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی و لایەنە سیاسییەکانی هەر پارچەیەک لە کوردستان باشتر دەتوانن بۆ چارەسەریی کێشەکانی خۆیان هەنگاو بنێن.

کاک خالید لە بەشێکی دیکەی وتەکانی دا کۆدەنگیی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی بە گرینگ زانی و ڕایگەیاند حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دەستەبەر بوونی هەر دەسکەوتێک لە هەر بەشێکی کوردستان بە دەسکەوت بۆ هەموو گەلی کورد دەزانێ.

لەو دانیشتنەدا هەیئەتی خانەخوێ تیشکی خستە سەر ئەوەی کە پێویستە ئەو کێشەو گرفتانە بخرێنە ڕوو کە لە بەردەم بەشدارنەبوونی لایەنەکان لە "کەنەکە"دا هەیە و هەروەها ئامادەیی حیزبی دێمۆکراتی بۆ دروست بوونی کۆدەنگیی کوردستانی دەربڕی.

## کۆبوونەوەی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان



ڕۆژی سێشەممە، ٢٦ی سەرماوەز شاندێکی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان بە سەرپەرستیی هەڤاڵ باپیر کامەلا، سکرتێری گشتیی ئەم ڕێکخراوەیە سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد و لەلایەن هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزب بە سەرپەرستیی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا.

لەم سەردانەدا سەرەتا شاندی میوان پیرۆزبایی بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی لە هەیئەتی خانەخوێ کرد و دواتر لە باسێکی سیاسی و گشتیدا هەڵسەنگاندنی خۆیان لە بارودۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان شی کردەوە.

پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان ڕای وابوو کە فرەجەمسەریی ئێستا لە هاوکێشە ناوچەییەکان و ئەو فرەبەرژەوەندییەی لەو سۆنگەیەوە دروست بووە، یارمەتیی داوە کە هێزی هەرێمیی بەهێزیش لە ناوچەکەدا دروست ببێ و ئەوەش شوێنی لەسەر ستاتووی کورد لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان داناوە. شاندی میوان لە هەڵسەنگاندنەکەی خۆیاندا لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە کورد و پێکهاتەکانی دیکە لە جوغرافیای سیاسیی ئەم وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، پێویستە لە پێناو سەقامگیریی ئاشتی و ئارامی لە ناوچەکەدا تێگەیشتنی هاوبەشیان لە ویست و مافە ڕەواکانی یەکتر هەبێ و لەسەریان ڕێکبکەون.

هەر لە چوارچێوەی ئەم باسەدا هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە چاوی بایەخەوە سەیری ئەزموون و ستاتووی هەرێمی کوردستانی کرد و بەلەبەرچاوگرتنی ئەو دەرفەتانەی بۆ کورد دێتە پێشێ و هەروەها ئەو مەترسییانەی دەکرێ وەک هەڕەشە بۆ سەر پرسی کورد بیانبینین؛ تیشکی خستە سەر ئەوەی کە پاراستن و بەهێز هێشتنەوەی ستاتوی هەرێمی کوردستان دەبێ ویست و ئیرادەی هاوبەشی هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بێ.

هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئێران لە دوای خۆپێشاندانەکانی مانگی خەزەڵوەر، مامەڵەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ قەیرانە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی ئەم وڵاتە و شێوەی بەرەوڕووبوونەوەی ئۆپۆزیسیونی ڕێژیم لەگەڵ گۆڕانکارییەکان چەند تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەم دانیشتنە بوون.

# دیرۆکی خۆڕاگری

(لە دێکۆمێنتەکانی ئەنجوومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

## لە بەندیخانەی پەهلەوی‌ڕا بۆ سەنگەری خەبات دژی کۆماری ئیسلامی


قاسم سوڵتانی

ناوم قاسم سوڵتانی‌یە لە ساڵی ١٣٣٨ لە مەهاباد لەدایک بووم. لە ڕیزی ئەو بنەماڵە نێونجییانە بووین و باوکم دارتاش بوو. تەمەنی منداڵیم وەک هەر منداڵێکی ئەو سەردەمە بە خوێندن و کارکردن تێپەڕ بوو و، هەتا وەرگرتنی بڕوانامەی دیپلۆم لە بەشی ئابووریدا درێژەم بە خوێندن دا.

هەواڵەکانی شۆڕشی کوردستانی عێراقم لە ساڵی ١٩٧٤ی زایینی لە ڕێگەی ڕادیۆوە گوێ لێ دەبوو و، ئەوەش کارتێکەریی خۆی لەسەر شکڵگرتنی بیری نەتەوایەتیی من دانابوو. دواتر لە ساڵی ١٣٥٤ ئەو کات کە لە قۆناغی دواناوەندی بووم لەگەڵ مامۆستایانێکی وەک کاک حوسێن مەدەنی، کاک کەریم دانشیار و کاک جەعفەر سەعدییە ئاشنا بووم. ئەم مامۆستایانە کە لە تاراوگەوە گەڕابوونەوە زۆر لەسەر بیری نەتەوایەتیی ئێمە شوێندانەر بوون و، بەوپەڕی بوێرییەوە لەو کات و زەمەنە پڕمەترسییەدا بانگەشەی کوردایەتییان بۆ منداڵانی پۆلەکان دەکرد، کە منیش یەکێک لەو منداڵانە بووم. لەبیرمە ئەو کات لە وانەی مێژوودا بابەتێکی تێدا بوو لەژێر ناوی «حکومت پوشالی کوردستان» کە بە سووکایەتییەوە باسی لە کۆماری کوردستان دەکرد؛ ئەم مامۆستایانەی کە ناوم هێناون زۆر بەجوانی ڕاستییەکانیان بەپێچەوانەی کتێبەکە بۆ قوتابییەکان ڕوون دەکردەوە.

هەر ئەم لێک نیزیک بوونەوە لەگەڵ ئەم خۆشەویستانەدا و بەتایبەت کاک کەریم دانشیار بووە هۆی ئەوەی کە زیاتر حیزب بناسم، لە ساڵی ١٣٥٥ بۆ یەکەم جار ڕۆژنامەی «کوردستان»م بەدەست گەیشت و خوێندمەوە. لەو سەروبەندەدا کاک کەریم دانشیار کە بەرپرسی تەشکیلاتی نهێنیی مەهاباد بوو، لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێ وەک: کەریم قادری، پۆڵا نانەوازادە و شەهید تەها کەرباسی و ... دەیبردین بۆ شاخەکانی دەوروبەری شار و لەوێ ڕۆژنامەی کوردستانی بۆ دەخوێندینەوە. بەم شێوەیە بوو کە وردە وردە تێکەڵ بە چالاکیی حیزبی بووم.

شەوی جێژنی مەولوودی ١٣٥٦ بوو، کاک کەریم من و شەهید تەها و کەریم ئەفسەردلێری ڕاسپارد بچینە سەر گۆڕستان و لەوێ دروشمێک کە لەسەر کلێشە دەرهاتبوو بە سپرەی ڕەنگ بینووسینەوە؛ دروشمەکە ئەوە بوو «ما انتقام خون شهدای خود را می‌گیریم.» ئەم دروشمەمان لە هەموو دەوروبەری گۆڕەکانی شەهیدان «سولەیمان موعینی» و «مەلا محەممەد زەنگەنە» نووسی. نەریتی کوردەواری وایە خەڵک سەرلەبەیانیی ڕۆژانی جێژن دەچنە سەر گۆڕستان، کاک کەریم‌یش چووبوو و هاتەوە گوتی کارەکەتان دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبووە لەنێو خەڵکدا و ورەی بەخشیوە بەو خەڵکە، هەمووان پێی خۆشحاڵ بوون.

مانگی جۆزەردانی هەمان ساڵ کە هاوکات بوو لەگەڵ تاقیکردنەوەی قوتابخانەکان، کاک عەزیز یووسفی لە تاران کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەیان لەوێوە هێناوە بۆ مەهاباد، ڕێژیم حاڵەتی حکوومەت نیزامی بەخۆوە گرتبوو، تانکی هێنابووە سەر شەقام و هەموو هێزەکانی لە ئامادەباشیدا ڕاگرتبوو. هیچ کار و چالاکییەکی تایبەت نەکرا هەتا سێ‌ڕۆژەی سەرەخۆشیی کاک عەزیز کە لەوێ کاک جەلیل گادانی و خانمی دەبباغی (خوشکی کاک کەماڵ دەبباغی)، بۆ بەشداربووان سوخەنڕانییان کرد و لەوێ هەستی کوردایەتیی ئامادەبووانیان هەڵخڕاند. لەدوای سوخەنڕانییەکە کاک عومەر قازی لەگەڵ ئاماژەدان بە گۆڕی شەهیدان موعینی و زەنگەنە، دەنگی هەڵبڕی و گوتی ئەوە گۆڕی کەسانێکە کە بەدەستی شای سەگ و سەگباب شەهید کراون. هەر ئێوارێی ئەو ڕۆژە خۆپیشاندانەکانی مەهاباد دەستی پێکرد و، تەلەفوونی شار لەلایەن حکوومەتەوە پچڕا و کۆمەڵێکیش لە خەڵک دەسبەسەر کران.

بۆ سبەینێی ئەو ڕۆژە جوان لەبیرمە تاقیکردنەوەی وانەی بازرگانیمان هەبوو، چووبوومەوە بۆ قوتابخانە، پێش لەوە تاقیکردنەوە دەست پێبکا، «ڕەزی»، جێگری سەرۆکی ساواکی ئەو کاتی مەهاباد، هاتە ئەوێ و پێی گوتم دەبێ بێی لەگەڵمان چەند پرسیارێکت لێبکەین. کاک سولەیمان شاتری بەڕێوەبەری قوتابخانە پێشی پێگرتن و گوتی نابێ ببەن تاقیکردنەوەی هەیە، بەڵام ڕەزی پێمل نەبوو و گوتی کاری دە دەقەمان پێیەتی.

یەکڕاست بردیانمە شارەبانیی مەهاباد، خەڵکی دیکەشی زۆر لێبوون. بەتەنیا لە دیوێکیان کردم کە چوومە ئەوێ ئایەتوڵڵا مەکارمی شیرازی و ئایەتوڵڵا تاهیری‌ش لەوێ بوون، تاهیری گوتی: «ئەو منداڵەتان بۆ هێناوە؟» سەرۆکی شارەبانی لە وڵامیدا گوتی: «با بیرێزیت پێ نەکەم، کارت نەبێ.» دوایەش ئاماژەی بە من کرد کە بمبەنە دەرێ.

پاش هەندێک پرسیار لەوێ بەرێ کرامە ئیدارەی ساواک کە چوومە ئەوێ زۆرێک لە لاوانی شار گیرابوون وەک: سیامەند موعینی، ئەحەی ئەنجیری، شەهید تەها و ... ڕەزی دەستی کرد بە لێپرسینەوە و منیش بەردەوام حاشام لەوە دەکرد کە لە خۆپیشاندانەکاندا بەشدار بووبێتم، هەتا وێنەکانی نیشان دام و خۆم بینی لە ڕیزی پێشەوە بووم و لە دوای ئەوە زللەیەک و شەپێکی لێدام و دەستووری دا بمبەن بۆ زیندانی شارەبانی.

لەو کاتەدا بەبێ ئەوەی ئێمە ئاگامان لێ بێ کاک جەلیل گادانی و کاک حەسەن ماوەڕانی‌ش لە تاران دەسبەسەر کرابوون و ناردبوویاننەوە بۆ زیندانی پادگانی مەهاباد.

ژماری ئەو کەسانەی لەو سەروبەندەدا زیندان کرابوون، ٣٦ کەس بوون. بەرچاوترینیان بریتی بوون لە کاک جەلیل، خەلیل و محەممەد گادانی، سەید حەسەن هاشمی، عومەر قازی، حەسەن و قادر ماوەڕانی، حەمەدەمین و قاسم چرە و ... کە بەتاوانی «تجزیەطلبی» دەسبەسەر کرابووین. لێرەدا ئەوەش بۆ مێژوو بگێڕینەوە کە کاک عومەری قازی لە ساواک گوتبووی: «ئێمە «تجزیەطلب» نین بەڵکوو تەجزیە کراوین و دەمانهەوێ پێکەوە بنووسێینەوە.» لەدوای ئەوەی کە خۆپیشاندانەکانی خەڵک ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پەرەی دەستاند و داوای ئازادیی زیندانییانی سیاسییان لە حکوومەت دەکرد. نیوەمان لە مەهاباد بە دانانی بارمتەی ١٠٠ هەزار تمەن و مەرجی بەشداری نەکردن لە خۆپیشاندانەکان بەردراین و، ئەوانی دیکەش نێردرانە ورمێ و لەوێ پاش دە ڕۆژان ئازاد کران، دواتر بۆمان دەرکەوت کە حوکمی ئێمە ئێعدام بوو، بەڵام بەهۆی سەرهەڵدانی شۆڕش لە ئێران ئەم حوکمە لەسەر ئێمە جێبەجێ نەکرا و بەناچار ئازاد کراین.

لەگەڵ ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات منیش پەیوەست بووم بە ڕیزی ئاشکرای خەباتی ئەم حیزبە و ئێستا ئەوە پتر لە ٤٠ ساڵە پێشمەرگەم.

# ١٠ی دێسامبەر، ڕۆژی نێونەتەوەیی ماقی مرۆڤ و، مرۆڤ و مافەکانی لە قامووسی کۆماری ئیسلامیدا

شاهۆ مەتین

جارنامەی جیهانی ماقی مرۆڤ لە سی ماددەدا ڕۆژی ١٠ی دێسامبەری ١٩٤٨ی زایینی لە کۆری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا، پەسند کرا.

مافی مرۆڤ بنەڕەتیترین و سەرەتایترین ماقێکە کە هەر تاکێک بەشێوەی سروشتی و بە هۆی مرۆڤ بوونی هەیەتی و دەبێ هەیبێ، هەر ئەوەش بەردی بناغەی داڕشتنی ئەم جاڕنامەیە بوو.

بەپێی جارنامەی نێونەتەوەیی ماقی مرۆڤ و کۆی پەسندکراوە نێودەوڵەتییەکان ئەم ماڤە، تایبەتمەندییەکانی وەک: سەرتاسەری بوون، بێبەری نەکردن، نەگواستراوە بوون، لێک جوودا نەبوون، هەڵنەواردن و یەکسانیخوازی و بەیەکەوە گرێدڕاوی لە خۆ دەگرێ. هەر لە سەر ئەم ئەساسە کۆی تاکەکانی مرۆڤ لەهەر ئەم جیهانە دەگریتەوە و هیچ کەس بەهۆکاری تایبەتمەندییەکانی جوغرافیایی ، ڕەگەز ، نەتەوە و.... کە هەیتی ، لەم ماڤە بێبەش ناکرێ.

بە پشتبەستن بەم سی ماددەیەی کە لە جارنامەی ماقی مرۆڤدا هاتوە، دەبینین ئەم کۆمەڵە مافە بنەڕەتییە پێداگری لەسەر کەرامەت، ئازادی، بەرابەریی ماڤی ژیان و.... بۆ مرۆڤەکان دەکا لە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵگە و جوغرافیای خۆیاندا و بەڕوونی لەسەر ئەمە دەوەستێ کە نابێ ئەم مافە بنەڕەتییانەی تاک لە لایەن حکومەت و دەسەڵات، کۆمەڵگە و تەنانەت گرووپ و تاکەکانی ترەوە بە جۆرێک پێناسە بکرێتەوە کە کە لە گەل ئامانجی نەتەوە یەکگرتوەکان دژواز و ناتەبا بێت.

بەڵام ئاخۆ ئەم مافانە لەگەل یاسا و سیستمی حکومەتداریی دەوڵەتە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکان(کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ نموونە) دێتەوە کە نامۆنە بەم چەشنە لە پێناسەکانی مافی مرۆڤ؟

کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک ئەندامێکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان زۆر جاڕنامە و کۆنڤانسیۆن و پەسندکراوی ئەم ڕێکخراوەیەی واژۆ کردوە، بەڵام چەند لەو پرەنسیپ و دەروەستییانەی لەگەڵ قانوونە نێوخۆییەکانی وڵاتدا گونجاندوە و بەکردەوە چ ئیلتیزامێکی بە مافی مرۆڤ هەیە؟

کە سەیری یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی دەکەی، بەئاشکرا ناتەباییەکانی لەگەڵ یاسا نێونەتەوەییەکان و کۆنڤانسیۆنە جیهانییەکان لەچاو دەدا. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەو پێناسەیەی کە خۆی لە مرۆڤی ئیسلامی و نائیسلامی دەیکا و بەو جیاکارییەی لەنێوان هاووڵاتیی خۆیی و ناخۆیی دەیکا، سەرچاوەی پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤە.

لە وڵاتێکدا و لە کیانێکی سیاسیدا کە یاساکەی تاکێک (ڕێبەر) بە سەر کۆی مرۆڤەکانی ئەم یەکە جوغرافیە (ئێران)دا بسەپێنی و، ئەم تاکەش خۆی بە نوێنەری خوا لە سەر عەرز بزانێ و شەرعییەتی دەسەڵاتەکەی لە ئاسمان وەرگرتبێ و هەموو یاساکانی دیکەی وڵاتیش لەپێناو بەرژەوەندیی ئەودا نووسرابن، دەبێ حاڵی ئەم مرۆڤانەی کڕنۆشی بۆ نەبەن چۆن بێ؟ هەر ئەوەشە کە دەبینین مرۆڤ لەو وڵاتە نە شکۆ و کەرامەتی هەیە و نە نەها و بایەخ. لەم وڵاتەدا داوا کردنی مافی مرۆڤ بەرەوڕووی سزا و لێپێچینەوەت دەکا و سیمای مافی مرۆڤ دەتوانی بە ئاشکرا لە دیاردەکانی وەک کۆڵبەری و کۆڵبەرکوژی، هەژاری و جۆرەها لە خەسارە کۆمەڵایەتییەکاندا بەدی بکەی.

ئێران وڵاتێکە کە تێیدا بە لێشاو مافی خەڵکەکەی پێشێل دەکرێ، زیاتر لە نیوەی خەڵکی ئەو وڵاتە بە زمانی زگماکیی خۆیان ناخوێنن، خەڵک لە ئێران بە تایبەت لە کوردستان بە تاوانی هێنانی پاروە نانێک بۆ سەر سفرەی ماڵ و منداڵیان بەتۆمەتی ئەوەی کاری قاچاغی کردوە دەکوژرێن و بریندار دەبن، کەسیش لەو پێشێلکارییە ناپرسێتەوە...

گرتن، سەرکوت، ئێعدام، بێبەشکردنی ژنان و منداڵان لە مافەکانیان، بێکاری و ئاسەوارەکانی بەشێک لەو دۆخەن کە ژیان و مافی هاووڵاتیبوونی خەڵکی ئێرانیان خستۆتە مەترسییەوە.

کۆماری ئیسلامی نایشارێتەوە و بە ئاشکرا دەڵێ کە کێشەی لەگەڵ جەوهەری مافی مرۆڤ هەیە و باوەڕی بە مافی مرۆڤی ئیسلامی هەیە، هەموو جیناتەکانیشی لە ئێعدامی جیابیران ڕا بگرە هەتا سەپاندنی حوکمی درێژخایەنی زیندان و بێبەشکردنی هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا لە مافەکانیان بەوە پاساو دەداتەوە.

بەڵگە و دێکۆمێنتەکانی مافی مرۆڤ و پرەنسیپە گشتگیر و جیهانییەکانی مافی مرۆڤ بەرهەمی کۆی بیر و بڕیاری مرۆڤ خۆیەتی، ئەویش بە سەرنجدان بە زۆری و جۆراوجۆریی ئایین و ئایینزاکان لە کۆمەڵگای مرۆیی‌دا بۆ پێکەوەژیان و وێکهەڵکردن؛ بەو مانایە کە پرەنسیپە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ وێڕای ڕێز و حورمەتی بۆ هەموو ئایین و ئایینزاکان و بەڕەسمی ناسینی ئەوان لە ژیانی تاکەکەسیی خەڵکدا، بەڵام لە ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکدا ڕێگە لەوە دەگرێ کە پێڕەو و شوێنکەوتووی هەر ئایین و ئایینزایەک ماف و ئیمتیازی زیاتریان لە چاو خەڵکی دی هەبێ و بە گشتی بنەماکانی مافی مرۆڤ شوێنکەوتووی هیچ دینو مەزهەبێک نین. بەڵام کۆماری ئیسلامی بە هێنانەگۆڕێی پرسی مافی مرۆڤی ئیسلامی بەدوای خۆدەربازکردن لەو بەرپرسایەتی و دەروەستییانەیە.

کۆماری ئیسلامی بەهێنانەگۆڕێی ئەو چەمکە و پاساوهێنانەوە لە هەمبەر هەموو پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەو وڵاتە لەلایەن دەسەڵاتەوە، مافی مرۆڤی ئیسلامیشی نەک بۆ خزمەتکردن بە ئیسلام، بەڵکوو وەک چەکێک لە پێناو پاراستنی دەسەڵات و زۆرداریی خۆی بەکار هێناوە و، بۆ سەرکوتی هەر چەشنە نارەزایەتییەک بە دژی دەسەڵات و پرسیارخستنە سەر شەرعییەتی نیزام بە کاری دێنێ و وەک قەڵغانێک بە دژی نەیارانی بەکاری دێنێ.

بەڵام سیاسەتی چەوتی کۆماری ئیسلامی و ئەو شمشێرەی ڕێژیم بۆ دژایەتیی مافی مرۆڤ لە ڕوو بەستوویەتی نەبووەتە هۆی ئەوەی خەڵکی ئێران مافەکانیان نەناسن و داوای نەکەن. وەک چۆن دەبینین ڕۆژ نییە خەڵکی ئەم وڵاتە بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان بە شێوازی جۆراوجۆر نارەزایەتی دەرنەبڕن و باج و تێچووی ئەم مافویستییەش نەدەن.

# پێشینەی دێرینی ڕێژیم لە بڕینی هێڵی ئینتەرنێت


ئەیوب شەهابی‌ڕاد

ئینتەرنێت و پەرەسەندنی خێرای ئەم دیاردەیە لە چەند دەیەی ڕابردوودا، بۆتە هۆکاری گۆڕانێکی گەورە لە پێوەندیی نێوان کۆمەڵگەکان و دەسڕاگەیشتنی گشتی بە زانیارییەکان. دەوڵەتەکان یاسا و مێتودی جۆراوجۆر و تایبەت بە خۆیان بۆ کۆنترۆڵ و دەسڕاگەیشتنی خەڵک بەم زەریا پڕ لە زانیارییە هەیە.

لە دنیای ئەمڕۆدا هیچ بەربەستێک بۆ دەسڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت لە وڵاتانی ئازاددا نیە، بەڵام بۆ کەڵک وەرگرتن لێی، کۆمەڵێک یاسای تایبەت داڕێژراون. وەک پاریزگاری لە مافی بڵاوکردنەوە و هەرێمی کەسیی، قەدەغەبوونی سێکسی منداڵان، قەدەغەبوونی بانگەشە بۆ ڕەگەزپەرستی، دژایەتی کردنی تاوانە سایبێرییەکان. لە ڕاستی‌دا ئەمجۆرە یاسایانە لە وڵاتانی ئازاد، ئەمنییەتی کاربەران دابین دەکا و ڕێ لە سانسۆر دەگرێ. بەڵام لە وڵاتانی داخراو و دیکتاتۆرلێدراو، بەربەستەکانی دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت زۆر سەرترن لەم جۆرە یاسایانە و هەموویان بە ئاراستەی داخستنی ڕێگای زانیارییەکان لەسەر خەڵک دادەڕێژرێن. پانتایی ئەم بەربەستانە لە خاوکردنی بە ئەنقسەتی خێرایی ئینتەرنێت و بوونی فیلتێرینگ دەست پێدەکا و تا پچڕانی یەکجاریی ئینتەرنێتی هەموو وڵات دەچێتە پێش.

خواستی کۆنترۆڵ کردنی چڕوپڕی ئینتەرنێت، دەگەڕێتە بۆ هەوڵی جیدی حکوومەتە دیکتاتۆرەکان بۆ دەستبەسەرداگرتنی جموجۆڵە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی وڵات. ک نموونەی ئەمجۆرە کردەوانە بریتین لە دروست کردنی کێشە و گرفت بۆ ئینتەرنێتی ئێران لە ڕەوتی خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٨٨ و هەروەها خۆپێشاندانی سەراسەریی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٩٦ و پاشان بڕینی یەکجارەکی هێڵی ئینتەرنێت لە کاتی خۆپێشاندانی سەراسەریی خەزەڵوەری ئەمساڵدا.

بیانووی حکوومەتە دیکتاتۆرەکان بۆ ئەمجۆرە بێدەنگ کردنانە لە زۆربەی وڵاتانی هاوشێوە وەک یەک و تا ڕادەیەکی زۆر پێشبینی کراون. بۆ وێنە زۆربەی کات بیانوویان بۆ بڕینی ئینتەرنێت، بریتی بووە لە پاراستنی ئەمنییەت و بەرژەوەندیی گشتی. واتە هێنانەوەی کۆمەڵێک بیانووی پووچ و بێ بنەما لە بەرامبەر شاهیدە ئاشکراکانی دۆخێکی کارەساتبار. وەک ساڵی ٢٠١٧ لە ئێتیوپی یان ساڵی ٢٠١٨ لە ئەلجەزایر کە ئینتەرنێت بە بیانووی پێشگیری لە قۆپی کردن لە ئازموونی سەراسەری کوژابۆوە. کوژانەوە هاوشێوەکانی ئینتەرنیت لەپیوەندی لەگەڵ ئافریقا زۆر بەرچاوە. بۆ وێنە ساڵی ٢٠١٩ی زایینی لە وڵاتانی وەک کامێرۆن، کۆماری دێموکراتیکی کۆنگۆ، چاد، سوودان و زینبابۆوێ ڕووی دا. لە ساڵی ، ٢١ دانە داخرانی لەم شێوەیە لە وڵاتانی وەک تووگۆ، سیرێلالیئۆن، سوودان و ئێتیۆپی و وڵاتانی تر ئەنجام درا.

بەڵگەیەکی ڕوون نییە کە بیسەلمێنێ ئەم کووژاندنەوە و بێدەنگ کردنانە لە درێژخایەندا سەرکوتوو بوون، بەڵکوو بەپێچەوانە بوونەتە هۆکارێک بۆ هاندان و نارەزایەتی زیاتری ناڕازییان. بۆ وێنە لە وڵاتانی بۆرکینافاسۆ و ئۆگاندا ئەمجۆرە قەدەغەکردنانە بوونە هۆی زۆرتر و توندتربوونی زیاتری نارەزایەتییەکان.

جۆرج ئۆگۆلا ڕۆژنامەنووس و مامۆستای زانکۆ لە لەندەن لەم بارەیەوە دەڵێ: بەڵگە بینراوەکان لە وڵاتانی ئافریقایی نیشان دەدەن کە بەپێچەوانەی باوەڕی دیکتاتۆرەکان، بڕینی هێڵی ئینتەرنێت پێشی خۆپێشاندانەکان ناگرێ و ڕێگری لە دروستبوون و بڵاوبوونەوەی دەنگۆکان ناکا. بەڵکوو یارمەتیی ناڕازییەکان دەکا بۆ خۆپێشاندانی زیاتر و بڵاوبوونەوەی زیاتری دەنگۆکان. هەروەها بە بوونی تێکنۆلۆژییە نوێیەکان، داخرانی ڕێگاکانی پیوەندیکردن و پێشگیری لە درزی زانیارییەکان بۆ دەرەوەی وڵات تا ڕادەیەکی زۆر ناموومکینە. تەنانەت لە سنوورەکانی کۆرەی باکوور کە لە ڕیزی داخراوترین وڵاتانی دونیا دایە، زانیاری بۆ دەرەوەی وڵات دزە دەکا و بڵاو دەبێتەوە.

ڕاوێژکارانی ئابووریی شیرکەتی نێونەتەوەیی دیلۆیت بەراوردیان کردوە کە یەک ڕۆژ بڕینی هێڵی ئینتەرنێت لە وڵاتێکدا بە پێوەندییەکی مام ناوەند، لانیکەم ١,٩ لە بەرهەمی پوختەنەکراوی نیشتمانیی دەفەوتێنێ و کۆمەڵێک زەرەر و زیان لە وڵاتدا جێگیر دەکا.

موحسینی جەلالپوور، بەرپرسی پێشووی ژووری بازرگانیی ئێران، دوای بڕینی سەراسەریی هێڵی ئینتەرنێت لە ئێران و لە ڕەوتی خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییانەدا، ڕایگەیاند: ئابووریی وڵات لە ماوەی یەک حەوتووی ڕابردوودا خەسارێکی زۆری بەر کەوتوە. بەشێوەیەک کە دەتوانین بڵێین بەشێک لە بازاڕمان بەو هۆیەوە کە نەمانتوانیوە پێوەندییەکی بەردەوامەمان هەبێ و ئیمەیڵی شەریکە بازرگانییەکانمان وڵام بدەینەوە لە دەست داوە. بە پێی کۆبەندە ئەنجامدراوەکان لە ماوەی یەک حەوتووی ڕابردوودا، ئابووریی ئێران نزیکەی یەک میلیارد و پێنجسەد میلیۆن دۆلار زیانی بینیوە.

کوشتنی ئینتەرنێت، هەشتەگێکە کە لەم ڕۆژانەدا لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران بە شێوەیەکی بەرچاو بڵاو بۆتەوە. کوشتنێک کە دەسەڵات لە ساڵانی پێشترەوە نەخشەی بۆ داڕشتبوو. خۆپێشاندانی سەراسەری و پڕ لە جۆش و خرۆشی ئەم دواییانە نیشانی دا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵگری هیچ جۆرە چاکسازی و گۆڕانێک نییە و بە جێی ئەوەی پێداچوونەوە بە خۆی بکا، پێی باشترە هەموو دەرگاکان بەرەوڕووی دونیا ببەستێ و خەڵک بداتە بەر دەسڕێژی گوللە و وڵات تووشی خەساری زیاتری ئابووری بکا. لە کۆتاییش‌دا خۆی وەک کەسێکی سەرکەوتوو لە شەڕ لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکدا بناسێنێ.

بەڵام ناڕازییە بوێرەکان بۆ جارێکی تر بێتوانایی ئەم ڕێژیمەیان بە نێو تەوێڵیدا دایەوە و بە بێ هێڵی ئینتەرنێت نیشانی هەموو جیهانیان دا کە سەرکوت و بێدەنگ کردن هیچ کاریگەرییەکیان جگە لە ڕشتنی بەنزین بەسەر ئاگری تووڕەیی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتریان نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی «توانا»

# ئێران خەریکە خۆرهەڵاتی ناڤین لە کیس دەدا

## ناڕەزایەتییەکانی لوبنان و عێراق ئەوە دەسەلمێنن



و: کەمال حەسەنپوور*




لە کەمتر لە مانگێکدا، خۆپیشاندانەکان دژی گەندەڵیی و نەبوونی چاکسازیی ئابووری لە عێراق و لوبنان دەستیان پێکرد. لە هەردوو وڵات، ناڕەزایەتییە چاوەڕواننەکراوەکان، کە شارە شیعە نشینەکانی گرتۆتەوە، ئاشکرایان کردوە کە سیستمی ئێران بۆ دەستڕۆیشتوویی لە ناوچەدا شکستی هێناوە. بۆ کۆمەڵگە شیعەکانی عێراق و لوبنان، تاران و بەکرێگیراوەکانی لە وەرگێڕانی سەرکەوتنە سەربازی و سیاسییەکانیان بۆ دوورە دیمەنێکی ئابووری-کۆمەڵایەتی شکستیان هێناوە، بە واتایەکی ساکار، سێناریۆی بەرخۆدانی ئێران نەیتوانی بژیوی خەڵک دابین بکا.

لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی، دەوڵەتی ئێران و سپای پاسداران سیاسەتێکی ئاشکرا، درێژخایەن و وردیان لە بارەی چۆنیەتیی هەناردەکردنی شۆڕشەکەیان بۆ ناوچە، بەتایبەت بۆ وڵاتانی خاوەن زۆرینەی شیعە، هەبووە. ئێران بۆ جێبەجێ کردنی سیاسەتەکەی گەلێک پشوودرێژ و خۆڕاگر بووە و، نسکۆی بچووکی قبووڵ کردوە لە کاتێکدا کە هۆشی لەسەر ئامانجە سەرەکییەکەی واتە هێژمۆنیی بەسەر عێراق، لوبنان، سووریە و یەمەندا بووە.

ئەمڕۆ، وێدەچێ کە ئێران گەمە درێژخایەنەکە بباتەوە. بەکرێگیراوەکەی لە لوبنان لە هەڵبژاردنی ساڵی ڕابردوودا بردییەوە. لە سووریە، ئێران توانی هاوپەیمانەکەی واتە بەشار ئەسەد نەجات بدا. لە چەند ساڵی ڕابردوودا، ئێران بە هەمان شێوە لە بەغدا لە ڕێگای بەکرێگیراوەکانییەوە، لە نێویاندا هێزی حەشدی شەعبی، میلیشیای شیعە کە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ داعش دروست بوو، دەسەڵاتی زۆرتری وەدەست هێناوە.

بەڵام، ئێران لە پلانە چل ساڵییەکەیدا، خاڵێکی گرینگی پاشگوێ خست: دوورە دیمەنێکی ئابووری-کۆمەڵایەتی بۆ پاراستنی لایەنگرانی. لە کاتێکدا کە کەلکی لە هەموو دەرفەتێک بۆ خۆخزاندنە نێو سەرجەم دامەزراوەکانی ناوچە وەرگرت، ڕێژیمی ئێران نەیتوانی ئەوە لەبەرچاو بگرێ کە ئەو دەسەڵاتە پێویستی بە پلانی تۆکمە بۆ داهاتوو هەیە. بە لەبەرچاو گرتنی ڕووداوەکانی ناوچە، ئێران لە حوکمڕانیدا شکستی هێناوە، عێراق و لوبنان نموونەی باشن بۆ ئەم ئیدیعایە.

ئێران لە هەردوو وڵاتدا هێزی بەکرێگیراوی دروست کردن، لە ڕێگای پشتیوانیی ئابووری و چەکوچۆڵەوە دەسەڵاتی پێ بەخشین و، یارمەتی کردن کە خۆ بخزێننە نێو دامەزراوە دەوڵەتییەکانەوە. ئەمڕۆ، دامەزراوە دەوڵەتییەکانی عێراق و لوبنان کارێکی سەرەکییان هەیە: لەجیات پارێزگاری لە گەل و خزمەتکردن پێی، ئەوان پارێزگاری لە ئێران [حکوومەت] و بەرژەوەندییەکانی دەکەن.

چاودێران بە چەند هۆ ناڕەزایەتییەکانی ئێستای لوبنان بە «شتێکی بێوێنە» ناو دەبەن. بۆ یەکەمجار لە ماوەیەکی دوورودرێژدا، لوبنانییەکان هەستیان بە دوژمنی نێوخۆیی کردوە، واتە دەوڵەتی ئەوان و ڕێبەرە سیاسییەکان، نەوەک دەسەڵاتێکی داگیرکەر یا شوێندانەرێکی ناوچەیی. لەوێ، ڕێبەرە سیاسییەکان نەیانتوانیوە ئاراستەی ناڕەزایەتییەکان کۆنترۆڵ بکەن، کە سەرجەم کەرت و ئایینەکانی گرتووەتەوە، لە ترابلۆس لە باکوور تا سوور و نەباتییە لە باشوور و لە بەیرووتەوە تا سەیدا. بەربڵاویی ناڕەزایەتییەکان نیشانی دەدا کە ئەوان توانایی یەکگرتوویان بەبێ لەبەرچاو گرتنی پێوەندیی ئایینی و سیاسی هەیە. ئەوەی ئەوانی لێک کۆ کردۆتەوە قەیرانێکی ئابوورییە کە زەرەری بە خەڵکی سەرجەم تاقم و ئایینەکان گەیاندووە. وەک چۆن یەکێک لە خۆپیشاندەرەکان گوتی: «برسییەتی هیچ ئایینێکی نییە.»

بەڵام لە هەموو گرینگتر، ناڕەزایەتییەکان بۆیە بێوێنەن چونکە حیزبوڵڵاش هەڵوێستێکی نائاسایی گرت. حەسەن نەسروڵڵا ڕێبەری حیزبوڵڵا کە دەیان ساڵ خۆی وەک پارێزەری هەژاران و دژی نادادپەروەری دەناساند، بڕیاری دا کە دژی خەڵکی سەرشەقام لەگەڵ کاربەدەستان هاوهەڵوێست بێ. شێوەی هەڵسوکەوتی حیزبوڵڵا بەرامبەر بە ناڕەزایەتییەکانی ئێستا نسکۆیەکی مەزن و دژوارترین ئالنگاریی نێوخۆییە کە تا ئێستا بەرەوەڕووی بووەتەوە.

ڕێبەری حیزبوڵڵا لەخۆڕا پشتیوانیی لە سەرۆک وەزیران سەعد حەریری نەکرد. دیمەنی بەشداریی خۆپیشاندەرانی شیعە کە لەگەڵ لوبنانییەکانی دیکەی سەر شەقام تێکەڵ بوون، ترسی خستە نێو دڵی ڕێبەریی حیزبەکەوە. شیعەکانی لوبنان هەمیشە بڕبڕەی پشتی هێزی نێوخۆیی و ناوچەیی حیزبوڵڵا بوون. ئەوان لە کاتی هەڵبژاردندا دەنگ بە حیزبوڵڵا و هاوپەیمانەکەی ئەمەل دەدەن و، لەگەڵ ئەوان لە لوبنان، سووریە و یەمەن شەڕ دەکەن. لە بەرامبەردا زۆر لەوان مووچە و خزمەتگوزاری وەردەگرن کە بە لێشاو لە لایەن ئێران و حیزبوڵڵاوە پێیان دەدرێ.

بەڵام بۆ یەکەم جار لە دوای دامەزرانی حیزبوڵڵا لە هەشتاکانی زایینییەوە، شیعەکانی لوبنان دژی دەوەستنەوە. لە نەباتییە، گرینگترین ناوچەی نفووزی ئەو گرووپە لە باشووری لوبنان، خۆپیشاندەرانی شیعە تەنانەت بارەگاکانی ڕێبەرانی حیزبوڵڵایان سووتاند.

لێرەدا، سێ هێز کاریگەرن. یەکەم، تێوەگلانی پڕتێچووی حیزبوڵڵا لە شەڕی سووریە و زەختی گەمارۆکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ سەر ئێران، ئەو حیزبەی ناچار کردوە کە مووچە و خزمەتگوزارییەکان کەم بکاتەوە، کە بووەتە هۆی زیاتر بوونی مەودای نێوان دەوڵەمەند و هەژارەکانی نێو ئەو کۆمەڵگەیە. لە کاتێکدا کە زۆربەی هێزەکانی کە دەیانناردنە شەڕی سووریە لە شیعە هەژارەکان بوون، کاربەدەستەکانی حیزب بە هۆی شەڕەکەوە دەوڵەمەند بوون کە بووە هۆی ناڕەزایەتیی زۆر.

دووهەم، دەنگدەرانی حیزبوڵڵا ناچار بوون کە هاوپەیمانی حیزبوڵڵا، نەبیل بەرری، وەک سەرۆکی پارلمان، وەک خراپەیەکی پێویست بۆ پاراستنی هاوپەیمانیی شیعە، قبووڵ بکەن. ئەگەرچی گەندەڵیی ئاشکرای بەرری دژی ئیدیعای حیزبوڵڵا لەمەڕ شەفافییەت و دەستپاکیی بوو، کۆمەڵگەکە بۆ دەیان ساڵ پاشگوێی خست. بەڵام کاتێک کە ئابووریی لوبنان بەرەوە خراپی چوو لەهەمان کاتدا کە دارایی حیزبوڵڵا لە کەمیی دا، زۆر شیعە چیدیکە نەیاندەتوانی تێچووی خۆیان دابین بکەن. گەندەڵیی بەرری و سامانە لە ڕادەبەدەرەکەی چیدیکە تەحەمول نەدەکرا.

سێهەم، حیزبوڵڵا لە ڕادەبەدەر جەختی لەسەر توانایی سەربازی کردوە. حیزبوڵڵا پاش کشانەوەی ئیسرائیل لە لوبنان لە ساڵی ٢٠٠٠ و پاشان دوای شەڕی جوولای لە لوبنان لەگەڵ ئیسرائیل لە ٢٠٠٦ ئەو هەڵوێستەی گرت. ئەو بە هەمان شێوە ئیدیعای کرد کە لە سووریە دژی دوژمنی نوێ، توندئاژۆیی سوننە، سەرکەوتووە. بەڵام، گشت ئەو سەرکەوتنانە نەیانتوانی ببنە هۆی خۆشبژیویی گشتی. لەوانەیە بە قازانجی ئێران بووبێ، بەڵام شیعەکانی لوبنان لە هەموو کات زۆرتر تەریک کەوتنەوە. بۆیە هێندە گرینگە کە کۆمەڵگەی شیعە، بە تێکەڵ بوون لەگەڵ ناڕەزایەتییەکان، ئێستا هەوڵ دەدا کە پێناسەی لوبنانیی خۆی وەدەست بێنێتەوە، لە جیات ئەو پێناسە ئایینییەی کە تائێستا لە دابین کردنی چاوڕوانییەکەی شکستی هێناوە.

بەسەرهاتی عێراقیش بە هەمان شێوەیە. ئەو مانگە، دەیان هەزار عێراقی لە بەغدا و شارە شیعەکانی دیکەی باشووری ئەو وڵاتە هاتنە دەر و دژی شکستی چینی سیاسیی عێراق لەمەڕ دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و کەم کردنەوەی بێکاری و گەندەڵی، ناڕەزایەتییان دەربڕی. سەرکوتکردنەکان خێرا و شەڕەنگێزانە بوون کە بوونە هۆی کوژرانی زیاتر لە ١٠٠ خۆپیشاندەر. ڕۆیتێرز کەمێک دوای حەفتەیەک لە دەستپێکی ناڕەزایەتییەکان ڕاپۆرتێکی بڵاو کردەوە و پشتڕاستی کردەوە کە میلیشیا بەکرێگیراوەکانی ئێران بۆ کوشتنی خۆپیشاندەران، تاکتیرهاوێژیان لە هەندێک سەربانی بەغدا دامەزراندبوون.

دەوری ئێران لە وڵامدانەوە بە خۆپیشاندانەکان لە عێراق و شکستی دەوڵەت لە پارێزگاری لە هاووڵاتییەکانی نیشانەیەکی بەرچاوی نفووزی ئێران لەو وڵاتەیە. گەلێک لە فەرماندەکانی میلیشیاکانی سەربە ئێران ئێستا ئەندامی پارلمان و دەوڵەتن، کە ئاجێندای ئێران جێبەجێ دەکەن و ئابوورییەکی جێگرەوە بۆ ئێران کە لەژێر گەمارۆکانی وڵاتە یەکگرتووەکاندایە دابین دەکەن.

هەر وەک لوبنان، بەرنامەی ئێران دژی داعش یارمەتیدەر بوو کە ڕێبەرانی میلیشیاکان بچنە نێو پارلمان و وردە وردە خۆیان بخزێننە نێو دامەزراوە دەوڵەتییەکان. وەک مۆدێلی حیزبوڵڵای لوبنان، ئەگەر پێشی پێ نەگیرێ، بەکرێگیراوە عێراقییەکانی ئێران لەسەرخۆ و بێگومان لە سپای عێراق بەهێزتر دەبن و، دەسەڵاتی شەڕ و ئاشتی دەکەوێتە دەست ئێران.

ئەوە بە هەڵکەوت نییە کە تەنیا شیعەکان لە عێراق هاتنە سەر شەقامەکان. سوننییەکان دەمێکە لە لایەن ڕێبەرە تایفییەکانی شیعەوە سەرکوت دەکرێن و، شیعەکان تا ئێستا پێناسەی خۆیان لە جیات پێناسەیەکی ئایینی بۆ پێناسەیەکی نەتەوەیی نەگواستووەتەوە. بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەگەر ناڕەزایەتییەکان درێژەیان هەبێ، سەرتاسەری وڵات دەگرنەوە. هەندێک سوننی و کوردی عێراق پشتیوانیی خۆیان بۆ خۆپیشاندەرانی شیعە دەربڕیوە بەڵام خۆیان لە تێکەڵ بوون پاراستووە تا پێش بەوە بگرن کە مۆرکی ئەندامەتیی داعشیان لێ بدرێ، بیانوویەک کە ئێران هەم لە عێراق و هەم لە سووریە بۆ هێرشکردنە سەر سەرهەڵدانەکان کەلکی لێ وەرگرتووە.

ناڕەزایەتییەکانی لوبنان و عێراق هەر شتێک لەگەڵ خۆیانا بێنن، ئێران ڕێگا نادا کە پێکهاتەی دەسەڵاتەکەی بێشەڕ بڕووخێ.

لە هەردوو شوێنان ئێران کارێک دەکا کە زۆر لێی شارەزایە. لە لوبنان، لە جیات پاشەکشە و ڕێگە دان بە چاکسازی لە لایەن دەوڵەتی نوێ بە وەزیری لێهاتووە، حیزبوڵڵا و میلیشیاکانی سەربە ئێران وێدەچێ کە هێزەکانیان بەکار بێنن. هەر وەک نەسروڵڵا بە ئاشکرا گوتی، دەوڵەتەکەی ناڕووخێ.

حیزبوڵڵا هەوڵ دەدا کە هەڵەی حەشدی شەعبی لە بەکار هێنانی توندوتیژی دووپات نەکاتەوە. بۆیە یەکە سەربازییەکانی ڕاهێنانیان بە چەند ئەندامی غەیرە-حیزبوڵڵا کردوە تا ببنە ئەندامی تیپی بەرخۆدانی لوبنان. ئەرکی ئەو تیپانە دەقاودەق ئەوەیە کە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئالنگارییە نێوخۆییەکان بکەن و ڕێگا بە حیزبوڵڵا بدەن کە بەرپرسیارییەکەی نەگرێتە ئەستۆ. هەر ئێستا، لە هەوڵێک بۆ دروست کردنی دژەشۆڕش، سەدان لاو کە ئاڵای حیزبوڵڵا و ئەمەلیان بەدەستەوە هێرشیان کردە سەر خۆپیشاندەران لە چەند شار. تا ئێستا، سپای لوبنان پێشی پێگرتوون کە زۆر لە خۆپیشاندەران نزیک نەبنەوە، بەڵام ئەوان توانییان لە دەرەوەی بەیرووت، زۆرتر لە شار و شارۆچکە شیعەکان، هەندێک خۆپیشاندەر بترسێنن و لێیان بدەن.

لە عێراق، وێدەچێ کە میلیشیاکانی سەربە ئێران کەلک لە توندوتیژی بۆ سەرکوتی ناڕەزایەتییە نوێکان وەرگرن کە قەرارە لە ٢٥ی ئۆکتۆبر دەست پێ بکەنەوە. بەبێ گوشاری نێونەتەوەیی بۆ هەڵوەشاندنەوەی پارلمان و ناچار کردنی سەرۆک وەزیران عادل عەبدولمەهدی، بۆ دەست لەکار کێشانەوە، خەڵکێکی زۆر دەکوژرێن. بەڵام لەهەر حاڵەتدا، ناوبانگی ئێران تووشی زەرەری بەرچاو دەبێ.

لە سەرانسەری ناوچە، هەمان بەسەرهات دووپات دەبێتەوە. لە هەر شوێنێک ئێران براوە بێ، ئاژاوە حاکمە. لە عێراق تا لوبنان، ئاشکرا بووە کە دەسەڵاتی ئێران چیدیکە تەحەمول ناکرێ و، کاتێک لایەنگرانی خۆی لەو وڵاتانە چیدیکە ئێران و ڕێبەرانیان قبووڵ ناکەن، کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرن.

ناڕەزایەتییەکانی ئەم دوواییانە نیشان دەدەن کە دەسەڵاتی ئێران زۆر لەوە ناسکترە کە دنیا حیسابی بۆ دەکا و، لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە دەبێ وەبیریان بێتەوە کە شیعەگەری هیی ئێران نییە و ڕەنگبێ کاتی ئەوە هاتبێ کە ئەوان ڕاستەوخۆ کار لەگەڵ کۆمەڵگە شیعەکان بکەن.

***

* فارین پاڵیسی – حەنین غەددار

---

دارسمە

دارسمە دەنووکی
لە سمین ناپارێزێ

## نەک هەر فەرزەندی کەمتر، بەڵکوو نەبوونی دایک و باوکیش لە پێداویستییە بەپەلەکانە

پرۆژەی وەستاندنی لەدایکبوون لە لایەن دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە باشووری ئەم وڵاتە وەک پاشگەزبونەوە لە پەرپێدانی ڕێژەی دانیشتووانی سەرانسەری ئێران خرایە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەم پرۆژەیە لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری ئەهوازی باشووری ئێران واتە کەمێک ئەملاوەتری شاری «ئابادان» دەستی پێکرد. لە یەکەم هەنگاوی سەرەتای پرۆژەکە کە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز هەواڵەکەی بڵاوکرایەوە، چوار ژن بە یەکەوە لە بەشی چاودێریی چڕ(ئای سی یوو)ی نەخۆشخانەی لەدایکبوونی گیانیان لێ سەندرا. لە جیاتی منداڵان بە سەلامەتی لە دایک بن دایکان بێ سەلامەتی گیانیان لەدەست دا.

«ئای سی یوو» یان بە کوردییەکەی خۆمان «بەشی چاودێریی چڕ»، بە ئەو بەشەی نەخۆشخانە دەگوترێ کە هەموو پێداویستییەکانی نەخۆشی کاتی سەرەمەرگی لێیە و پزیشکی شارەزا لەم بەشەدا بەردەوام خەریکی پارێزگاریکردن لە نەخۆشانی زۆر هیلاکن و زۆر جاران نەخۆشانی نیوەمردوو وەک فارس دەڵێن «احیا» یان بەکوردی بڵێن «دەژییێننەوە». دیارە ئێران خۆی بە گشتی بۆ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و لەسەرووی هەموویانەوە میرزا عەلی ئاغای خامنەیی وەک «ئای سی یوو» وایە و بۆیان بووەتە بەشی «چاودێریی چڕ» و دەسەڵاتەکە وەک جەندەکێکی نەخۆشی لێ هاتووە کە بەئاستەم و دووبەڵا نەفتی لە بەر دەڕوات و بە زەحمەت پشووی ئابووری دەخواتەوە.

دەڵێن قسە قسەی لێدەکەوێتەوە و ئێمەش لە سەرەوە گوتمان ئەهواز دەکەوێتە ئەملاوەتری ئابادانەوە. کاتێک ناوی ئابادانمان هێنا، دەکەوینەوە یادی «سینەما ڕێکس» و ئەو سینەمایەی لە کۆتایی تەمەنی ڕێژیمی پاشایەتی بەدەستی ئاغا و یاورانی بە دانیشتووانییەوە ئاگر درا و خەتاکەی خرایە سەر ملی دارو دەستەی دەسەڵاتی پاشایەتی دوای دەیان ساڵ دەرکەوت کەر لە کوێ کەتوە و هەرامە لە کوێ دراوە.

دەڵێن مرۆڤ ئەگەر زۆری گوت، بەسەر هەموو جۆرە قسەیەکدا دەکەوێ و ئێمەش خەریک بووین بە باسی ئەم ئابادان و شتی دیکە بەسەر سیاسەتدا بکەوین. یادی بەخێر جاران کە سەیری پاسەکانی نێوان شارەکانی ئێرانمان دەکرد، لە سەر شووشەی دواوەیان بە خەتێکی جوان نووسرابوو «فرزند کمتر، زندگی بهتر»، بەڵام کاتێک دەچووینە نێو پاسەکە لە بان ئاوێنەی ژوورسەرکی کاکی شۆفێرکەی نووسرابوو «بحث سیاسی ممنوع».


چەندساڵێکە لەترسی جەندرمە چاوزەقەکان، نانا سەربازانی گومناو، کەس ناوێرێ باسی فەرزەندی کەمتر بکا و لە نێو پاسەکانیش بیر لە سیاسی بکاتەوە و هەر دوو دروشمەکە لە دەرەوە و نێوەوەی ماشێنەکان هەڵگیراون. ئاخر وەلیی فەقیه وەک خۆیان دەڵێن نایبی بەرحەقی ئیمامی زەمان و نوێنەری خوا لە سەر زەوی لەم دواییانەدا بە مەبەستی زیادکردنی خێڵی چەکدارانی سەر بە ئیمپراتۆرییەتی هەناردەکاری ئینقلابی ئیسلامی و بە کوشتن‌دانیان لە لولبنان و سوریە و یەمەن و باشووری عێراق پێویستە لەشکری ساحێبولزەمان پەرە پێبدا. ڕێک بەم مەبەستە بوو دروشمی فەرزەندی کەمتر هەڵگیرا و کەڵکوەرگرتن لە حەب و ئامێر و ڕێگەی پێشگیریکردن لە منداڵبوون پێشی پێگیرا. جەنابی ڕێبەر کە بۆ خۆی لە تەڕی دەخوا و لە وشکی دەنوێ، هیچ باکی لە برسیەتیی منداڵانی زۆر و زەوەندی خێزانە ئێرانییەکان نەبوو. ئەو هەر دەیەوێ دانیشتووانی ئێران زۆر بن و بە برسیەیتی و نەخوێندەواری گەوەرە بن و دەستیان تفەنگ بگرێ و بە ئاواتی جەمێک نانی گەرم و تێرکردنی سکیان کۆڵینەوەی گیرفانی کوژراوانی بەرکانی جەنگ ڕوو بکەنە نێو ڕیزەکانی پیرۆزی «حیز»بۆ لای لوبنان و نێو چەکدارانی بەشار ئەسەد و خزمەت حووسیەکانی یەمەن و بۆ پارووەیەک نان و کەمێک شڕەخۆری خۆیان بە ئاگر و ئاسندا بکەن.

کورد دەڵێ تەکبیر و تەغدیر لێک دوورن. جا چیرۆکەکەی زیادکردنی منداڵبوون و وەچەنانەوە پێچەوانە کەوتەوە. ئەو مێرمنداڵ و لاوانەی چاویان بە جیاوازیی نەتەوەی و زوڵم و بێکاری و برسییەتی و گرانی و ستەمی ئاخوندەکان کەوت، لە دەستیان وەزاڵەهاتن. وای لێهات گرانبوونی بێنزینیان کردە بیانوو. ئەوە بوو ڕاپەڕین و کەمێکی مابوو کۆشکی شای ئاخوندان تێک برمێین. ئەوانیش کە کونەمشێکیان لێ ببوو بەڵاخانە و دوای سەرکوتکردنی خەڵک بە خۆیان داهاتنەوە و ئەمجارە بیریان لە فەرزەندی کەمتر و ڕاپەڕینی خاوتر کردەوە، بەڵام سواربوونی کەر عەیبێکە و دابەزنینەوەی دەیکات بەدوو. هەر بۆیە بێئەوەی ڕایبگەیەنن، نەک دەستیان بە کەمکردنەوەی فەرزەند کرد، بەڵکو کەوتنە گیانی گەورەکانیش. دوای ئەوەی ڕاستەوخۆ لەسەر شەقامەکان گوللەبارانیان کردن و بەشێکی زۆریان لە ژێر ئەشکەنجەدا کوشتن، کەوتنە بیری ئەمە پرۆژەی فەرزەندی کەمتر بە شێوازێکی دیکە جێبەجێ بکەن. بۆ ئەم کارەش بە دوو هۆی زۆر سەرکی لە نەخۆشخانەی «لەدایکبوون»ی ئەهوازەوە دەستیان پێکرد. هۆی یەکەم ئەوەیە: کوشتنی دایکان لە حەب و کاندۆم باشترە، چونکە ئەگەر دایکە مرد ئیدی وەچە نانەوەکە دەوەستێ. هۆی دوویەمیش: کوشتن لە باشوورەوە ترس و تۆقاندن و کەمبوونەوەی ئەو عەرەبانەی لێ دەکەوێتەوە کە بە تەمای جیابوونەوەن.

# ڕۆڵی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان لە بزووتنەوە مەدەنییەکاندا



شارۆخ حەسەن‌زادە



«فەزای سایبێر» (Cyberspace) لە واتادا بە مانای کۆمەڵێک پێوەندیی نێوان مرۆڤەکانە کە بەهۆی کۆمپیوتێر و کەرستەی مخابەراتی بەبێ لەبەرچاو گرتنی جوغرافیای فیزیکی، پێناسە دەکرێ. سیستمێکی ئانلاین میناکێکی فەزای سایبێرییە کە بەکارهێنەرانی دەتوانن دەگەڵ یەکتر پێوەندی بگرن، بە پێچەوانەی کەشی واقعی، لە فەزای سایبێردا پێویست بە جێگۆڕکێی فیزیکی نییە و سەرجەم کەرەسە و ئامراز و کارکردەکان لە ڕێگای داگرتنی قرتە یا جووڵەی ماوس پێک دێ؛ بۆ میناک پێوەندی گرتن لە ڕێگەی ئیمەیل، واتساپ یا ... پێوەندیی نێوان ئەو مرۆڤانەی کە پێشتر تەنیا بە چەند شێوەی کورتی ڕاستەخۆ (ڕووبەڕوو) و ناڕاستەوخۆ (تیڤی، تەلەفۆن یا تێلگراف) بوو، بە شێوازێکی زۆر جۆراوجۆر و بەربڵاوتری لێ کردووە. کەشی پێوەندییەکان جا چ حەقیقی چ مەجازی بۆ وەرگرتن و دەست وێڕاگێشتنی تاکەکانی کۆمەڵگە بە تێفکرینە سیاسییەکان و هەبوونی پارادایم گەلی دەرهەست و بەرهەست ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە. لەم نێوەدا و لە بەستێنی چالاکییەکانی بەرەو گەشە و پێشکەوتووی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان وەک یەکێک لە فاکتەرەکانی گۆڕانی سیاسی، ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە.(1) ئێمە بە گشتی لە باسی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان یا فەزای سایبێردا دەتوانین باسی «سۆشیال میدیا» یا ڕاگەیاندنە کۆمەڵایەتییەکان (رسانەهای اجتماعی) و ڕایەڵکە (ڕایەڵە، تۆڕ) کۆمەڵایەتییەکان (شبکەهای اجتماعی) بکەین.

Social media یا ڕاگەیاندنە کۆمەڵایەتییەکان، واتایەکە بۆ کەلکوەرگرتن لە شوول هێنانی سەربە وێب، تەلەفۆنی هاوڕێ و ئەو ئامێر و کەرەسانەی کە بۆ گوتوبێژ بەکار دێن، ڕاگەیاندنە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن یەکێک بن لە، لاپەڕەکان، هۆڵی گوتوبێژ، وێبلاگەکان، میکرۆبلاگینک، ویکی، پادۆکستەکان، وێنە و ویدیۆ و ... کە لە چوارچێوەی ئاوانسێک لەسەر ڕەگی بەشداریی کۆمەڵگە دەژمێردرێن.

لە سەد ساڵی ڕابردوودا لە هەموو جیهان ئەم ئامێر و کەرەستانە وەک ڕاگەیاندنە کۆمەڵایەتییەکان نەخشی بەرچاویان هەبووە بریتی بوون لە: ڕۆژنامە، گۆڤار، وەرزنامە، ڕادیۆ، تەلەویزیۆن، ماهوارە، ویدیۆ، بێ‌تێل (بێ سیم)، تەلەفۆن و ... هەروەها لە دانی پەیامی چالاکی وەک ڕاگەیاندنێکی بیستن و بینیی ڕاستەوخۆ، ڕابواردن و پشوو، نمایشی هونەر، ڕووناکی دەری و ... دەوریان هەبووە و جێ پەنجەیان دیارە دەتوانین ئاماژە بە سینەما، مۆسیقا، شانۆ، ئەدەبیات، نیگارکێشی و ... بکەین کە ئەمانە زیاتر لە کۆڕ، کۆبوونەوە، فستیڤاڵ، کۆنگرە و ... خۆیا بوونە.

لەسادەترین پێناسەدا، سۆسیال میدیا ئەو جۆرە لە میدیایەیە کە چیتر خودی خۆی بە تەنها قسە ناکا و، جیاواز لە میدیا باوەکان وەک ڕادیۆ و تەلەویزیۆن و میدیای چاپکراو ڕێگە بە خەڵک دەدا ببن بە بەشێک لە بەهای نێوەرۆکی ئەو زانیارییەی، کە سۆسیال میدیا بڵاوی دەکاتەوە.

باوترین جۆری ڕایەڵکەی کۆمەڵایەتیش لە وڵاتی بەناو ئێران، فەیسبووک، تێلیگرام، ئینستاگرام و ... . هەرچەند بەپێی یاسای بنەڕەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەندام بوون لە ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان تاوان نییە بەڵام چونکە بەشێک لەو ڕایەڵکانە فیلتێر کراون و دەرباز بوون لە سیستمی فیلتێرینگ-یش بە تاوانی سایبێر دەژمێردرێ بەمجۆرە بەربەست بۆ بە ئەندام بوونی ئازادیی خەڵک زۆرە، هەر بۆیەش ئامارێکی ڕاست و دروست لەبەر دەستدا نییە بەڵام ئاماژەکان باس لەوە دەکەن زیاتر لە ٤٥ ملیۆن کەس لە ئێراندا ئەندامی ئەپلیکەیشێنی تێلیگرامن و زیاتر لە ٢٠ ملیۆن کەسیش فەیسبووک بەکار دێنن، هەڵبەت لەم نێوەدا سەیر ئەوەیە بەرپرسانی باڵای ڕێژیمیش کەلک لەو پرۆگرامانە وەردەگرن! بەڵام وەک لێکۆڵەرەوەکان دەڵێن، بەربڵاویی ڕایەڵکە کۆمەڵایەتییەکان بە مانای ئەوە نایەت زانیارییەکانی ئەو ڕایەڵانە بابەتی بن، چونکە بەشێکی زۆر لەو پەیجانەی لە ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکاندا هەن کۆپی میدیا باوەکانن بەجۆرێک ئاستەمە بتوانین میدیایەکی باو بدۆزینەوە و خاوەنی پەیجێکی خۆی نەبێ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی و لە فەیسبووکیش بەتایبەتی.

**ڕایەڵکە کۆمەڵایەتییەکان:** واتا ڕایەڵەیەک بە بەشداریی تاکەکان، گرووپەکان و پێوەندیی نێوانیان. تاک و ئەندامەکانیان گرووپ گەلێک پێک دێنن و نزیکایەتیی نێوان ئەم خەڵکانە وەک هاوڕێیەتی، خزمایەتی، بازرگانی، حەزی هاوبەش و ... ئەم بەشدارییە دادەمزرێنێ. بە زۆرتر بوونی ئەم دیاردەیە ڕایەڵکەکانیش تێک چڕژاوتر دەبن و دەکرێ بە ئانالیزی ڕایەڵکە شیکاری و شرۆڤە بکرێ. دەستەواژەی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان چەمکێکی نوێ نییە، مرۆڤەکان لە سەدەکانی ڕابردوو کە لە دەوری ئاگر پاپۆتەیان دەبەست و بۆ یەکتر قسە و باس و چیرۆکیان دەگێڕاوە سەرقاڵی پێکهێنانی ڕایەڵکەیەکی کۆمەڵایەتی بوون. کاتێک سەرکانی لە لادێیەکان بەیانان و ئێواران دەبووە جێگای کۆبوونەوەی ژنان و کچان، ئەمە ڕایەڵکەیەک دروست دەبوو یا لە حوجرەکانا، دیوەخانی ئاغاکان، حەمامەکان، تەکیە و خانەقاکان گشتیان ئەو شوێنە بوون کە بە لە دەوری یەک کۆبوونەوە و لێک هاڵان ڕایەڵکە و تۆڕیان (Network) لە خۆیان پێک دێنا. بەڵام تشتێک کە بۆتە ئەوەی کە ئەم تۆڕانە زیاتر سەرنجیان بدرێتێ و کەلکیان لێ وەرگیرێ، هاتنی کەرەستەی دیجیتاڵی و یارمەتیدانی بە گەشەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە.

ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان، کاتێک پێک دێن کە:

١- کۆمەڵێک گرێی پێوەندیدار دەگەڵ یەک شەقل دەگرن.

٢- هەر گرێیەک، تاکێک، گرووپێک یا ڕێکخراوێکە.

٣- ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان، بە مانای پێشان دان و خوێندنەوەی پێوەندیی نێوان ئەم گرێیانە و ڕەوتی زانست و زانیاریی نێوانیانە.

بەپێی ئەو پێناسە گشتییەی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان خستمانە ڕوو، هەر بۆشاییەک کە بە مەبەستی شەقل گرتن و خێرا کردن و هاسانکاریی گەشەی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان پێک بێ، سروێسێکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە کە SNS دەگوترێ. تەنانەت دەتوانین ڕێکام (ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی) یا «ئێن جی ئۆ» کانیش وەک باشترین میناک بۆ سروێسی گەشەی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان بە دەوری بازنەیەکی تایبەت و بابەتێکی دیاریکراو، باس بکەین.(2)

ئێمە بە بیستنی دەستەواژەی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان (Social Network) یەکجێ سەرنجمان بۆ پلەتفۆرمی کۆمەڵایەتی وەک فەیسبووک، ئینستاگرام و نەرمامێرگەلی نامەبەری وەک تێلیگرام و واتساپ دەچێ. بەڵام دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ هەم ڕایەڵکە و هەمژی سازانی کۆمەڵایەتی بەرلە لەدایکبوونی و بەرەوپێشچوونی تێکنۆلۆژی هەبووە و دەکرێ بڵێین ڕایەڵکە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆیی تەنانەت لە سەردەمی ئەشکەوت نشینی و ڕاو و نێچیرڤانی، تەک مرۆڤ بووە. دەرکی باشتری چەمکی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە لە پلەتفۆرمی کۆمەڵایەتی و دینامیکی باشتر تێبگەین و کەلکی لێ وەرگرین. بە جۆرێکی تر دەکرێ بڵێین ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان، کۆمەڵێک لە پارادایمی پێوەندیی نێوان دوو یا چەند ئەندامن. ئەم پێوەندییە بە ئامانجی گۆڕینەوەی زانیارییەکان و چارەسەری پرسگەلێک، شکڵ دەگرن و بەردەوام بوونی ڕادەییان هەیە. چونکە توێژەران و دەروونناسانی کۆمەڵایەتی بە باش دەزانن لە واژەگەلێکی ڕێکتر کەلک وەرگرن، بۆ وێنە بە جێگای «ئەندام» لە دەستەواژەی «کۆنێشگەر» (Actor) کەلک وەردەگرن، ئەم دەستەواژەیە پێمان دەڵێ کە ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان تەنیا لە نێوان مرۆڤەکان نییە و دەتوانێ لە نێوان کۆمەڵێک مرۆڤ و کۆمپانی یا ڕێکخراوێک-یش بوونی هەبێ.

بە باوەڕی «کاستێلز» ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان بەرهەمی هاوڕایی بوونی سێ بوویەری مێژووی سەربەخۆن.

١- شۆڕشی زانیاری.

٢- نوێکردنەوەی کارکردی سەرمایەداری و ئابووری بەپشت بەستنی بەرنامەداڕێژی.

٣- بزووتنەوە کولتوورییەکانی دەیەی ١٩٦٠ی زایینی.

**تایبەتمەندیی ئەم کۆمەڵگەیانە بە ڕوانینی کاستێلز بەکورتی ئەمانەن:**

١- گەشەی ئابووری؛ بەجۆرێک کە بەرهەمهێنان و کێبەرکێی نێوان کۆمپانیاکان لە هەموو کاتێک پتر پێویستی بە زانست و زانیاری و تێکنۆلۆژیی نوێ بووە.

٢- ئابووریی جیهانی؛ بە جۆرێک لە جۆرەکان چینی ژێرەوەی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان بە جۆرێک پێوەندییەکی توندوتۆڵی دەگەڵ ئابووریی جیهانی هەیە.

٣- چالاکیی ئابووری ڕایەڵکەکان؛ ئەمجارە ڕایەڵکەکان ئادگاری واقعیی خۆیان دەردەخەن و هێدی هێدی تۆڕەکان دەباڵ خۆیاندا دەتوێنەوە و بە ڕێکلامی ئابووری و پرۆپاگەندایی، دەگلێن.

٤- سیاسەت لەسەر باڵی ڕایەڵکەکان؛ لێرەدا سیاسەتمەدارەکان بۆ مانەوەی خۆیان لە مەیدانی دەستەڵات ناچارن دەست بەسەر تۆڕەکاندا بگرن ئا لێرەدایە کۆنترۆڵی ڕایەڵکەکان خۆی دەردەخا.

لەلایەکی ترەوە گەشە و پێشکەوتنەکانی ڕایەڵە گشتییەکان، گۆڕانکارییەکی زۆری لە پێوەندییەکان و ئاستی جۆراوجۆری کولتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی و ... پێکهێناوە. لەم نێوەدا و جیا لەو هەمووە کارکردانەی ئینتێرنێت و ڕایەڵەکان، لەلایەک زانیاریی سیاسیی تاکەکان دەباتە بان و لەلایەکی تریش دە پرسگەلی سیاسییان وەردەدا.

کاتێک کە بەستێنی گشتی قەپات دەکرێ و کەشی سیاسیی کۆمەڵگە ڕەوگیر دەکرێ، باس و خواستی سیاسی دەچتە نێو کۆمەڵگەی ڕایەڵکەیی دیجیتاڵی و فەزای گوتوبێژی ئازادانە لەنێو دەچێ، ناچار ئەم باس و پرسانە دەچنە قوژبنی ئامێرە دیجیتاڵییەکان و پێوەندیی نهێنیی کۆمەڵگە دەگووزرێ. هاندانی سیاسیی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان وەک یەکێک لە ئاڵۆزترین و چڕترین پێگە و سەنگەری بەرگرییە مەدەنییەکان، زۆربەی دوای بێ‌هیوایی لە گوێ نەدانی دەستەڵاتداران و پتانسیێلی یاسایی داواکارییە ڕەواکانی شارۆمەندان و ویستی بەشێک لە خەڵکی، گڕ دەگرێ. ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان شێوازێکی نوێن لە کۆمەڵگەی پێوەندییەکان، ئەگەرچی گشتییە بەڵام بەشێوەی تاک بەرهەم دێ و چێدەکرێ و کاریگەرییش دادەنێ. ئەم دیاردەیە لە هەموو جیهاندا بووتە کەرەستەیەک لە خزمەت بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی (ڕێکام).

ئەم بزووتنەوانە بۆ گێشتن بە ئامانجی خۆیان دەبێ لە سێ بواردا توانیان هەبێ:

شکڵ دان بە شوناسی گشتی و بە قەناعەت گەیاندنی لایەنگرانی و بەسیج کردنیان. ئەم بزاڤانە بە کەلکوەرگرتن لە تێکنۆلۆژیی نوێ دەتوانن بەهاسانی ئەم سێ ئامانجە بپێکن ...

زۆرێک لەو کەسانە بەبێ ئەوەی کە یەکتر ببینن و بناسن دەتوانن بیروڕا بگۆڕنەوە، وەک یەک بیر بکەنەوە و لە ئاکام وەک یەک بجووڵێنەوە. بەم پێیە، بە پەیام، دروشم و هزر، بە شێوازێکی هونەری و بە وێنە، گرافیک، دەنگ و مۆسیقا چالاکیی سیاسی بکەن. هەروەها ڕایەڵکەکان وەک تاقیگەیەک وان بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخراوەکان کە لەوێدا هەم تواناییەکانی خۆیان هەڵسەنگێنن هەمیش بیکەنە ڕاگەیاندنێک بۆ بڵاو کردنەوەی هەواڵ و چالاکییەکانیان، بەم جۆرە تۆڕەکان هەر تەنیا وەک کەرەسەیەکی سیاسی چاوی لێناکرێ بەڵکوو فەزایەکی سیاسییش دەخولقێنێ.

هەروەها ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان وەک لایەنێکی شاراوەی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەم دەرفەتە دەداتە بزووتنەوەکان و ڕێکخراوەکان کە شێوازی نەریتیی نارەزایەتییەکانی خۆیان، وەک ڕێپێوان، مانگرتنەکان و دروشم و ... هاسانتر بکا و لەتەک شێوازی نوێ پێک ببەستێتەوە. بەم پێیە، ئەم بزووتنەوانە توانایی باشتریان دەبێ بۆ وەرگرتنی توێژی لاوی کۆمەڵگە و ڕێکخستنیان لەنێو هەناوی کۆمەڵگەی گشتی.

لەلایەکی تریشەوە یەکێک لە خەسارەکانی جدیی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەیە کە ئەم کەرەسانە هەر دەتوانن چۆنیەتیی هەڵگیرسانی بزووتنەوەکان ڕێک بخەن و ڕابگەهێنن، ئەوان ناتوانن بەرنامەداڕێژی بکەن و حکوومەت بەڕێوە بەرن یا دامەزراوەیەکی دێموکراتیک دامەزرێنن و کاری پێ بکەن. «ئیونی موروزۆف» یەکێک لە نووسەرانی گۆڤاری «فارین پالیسی» لەسەر ئەم باوەڕەیە کە: «ئەوەی کە دەگوترێ ڕۆڵی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان وەک فەیسبووک و تویتێر پەرجوو دەکەن و کاریگەریی زۆریان لەسەر نارەزایەتییەکان و ڕێپێوانەکان هەیە، جۆرێک «ئارمانگەرایی سایبێری»یە.» ئەو لە سەردەمی خۆپیشاندانەکانی توونیس لەسەر سایتەکەی خۆی ڕاگەیاند، تویتێر و فەیسبووک ڕۆڵێکی ئەوتۆیان لە ڕەوتی خۆپیشاندانەکانی خەڵکی نییە و ئەم شۆڕشە بەبێ بوونی ئەو ڕایەڵکانەش هەر دەکرا. (ئەو قسەیە منی وەبیر شۆڕشی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران خستەوە هەڵبەت زۆر شۆڕشی تریش کە ئەوکات ئەم پلەتفۆرم و کەرەسە و ئامێرانە هەر نەبوون).(3)

شەپۆلی بەربڵاوی نارەزایەتییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە سەرەتای ساڵی ٢٠١١ ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پەرەدان بە زانیاری و پێوەندییەکان، زیاتر لە ڕابردوو ئاشکرا کرد. تەوژمی ئەم کاریگەرییانە لە جیهاندا هەستی پێکرا و وڵاتانی گەشە بوو و لەحاڵی گەشە هەرکام بە شێوەیەک کەوتنە بەر پلاری ئەم دیاردەیە. شۆڕشەیلی وڵاتانی عەرەبی لە ئاکامی گوورانی بەرین و نوێی نارەزایەتییە کۆمەڵایەتی و سیاسی سەریان هەڵدا کە بە یارمەتیی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان ڕێکخستنی ئەم پێواژۆیانە خێراتر و هاسانتر بەڕێوە چوون.

ساڵی ٢٠١١ لە میسر کەمپینێک لە فەزای فەیسبووک بە ناوی «بزووتنەوەی لاوانی ٦ی ئاوریل» بووە هۆی ئەوەی کە دەیان هەزار کەس بە خۆپیشاندان و نارەزایەتی بە دەنگ ئەم بانگەوازەوە هاتن و بەدژی حکوومەت لە دەوری یەک کۆ بوونەوە. بەپێی ئاماری وەزارەتی پێوەندییەکان و فەناوەریی میسر ئەم وڵاتە زیاتر لە 17 ملیۆن بەکارهێنەری ئینتێرنێت هەیە (هەتا فێورییەی ٢٠١٠). ئەم ئامارە بە بەراورد دەگەڵ ساڵی ٢٠٠٠ بەرەوپێش چوونی ٣٦٩١ لەسەتای هەبووە کە تەنیا ٤٥٠٠٠٠ کەس لە ئینتێرنێت کەلکیان وەردەگرت. جیا لەمە لە ساڵی ٢٠١٠ دا زیاتر لە ٤ ملیۆن کەس فەیسبووکی هەبووە هەروەها ١٦٠٠٠٠ وێبلاگ نووسیان هەبووە کە لەسەدا سی بابەتی سیاسییان تێدا باس دەکرد.(4)

بابەت و نێوئاخنی بەشی هەرە زۆری بەکارهێنەران و ئەندامانی ئەم ڕایەڵە کۆمەڵایەتییانە کە بەگشتی لاو، شاری و خوێندەوار بوون بە تەواوی دەگەڵ ئاڵۆزییەکانی نێو میسر و یەکەم نارەزایەتیی دژەدەوڵەتی لە مانگی ژانوییە کە دواتر کەمپینێکی زۆر مەزنتری خەڵکی بەدژی حکوومەتی لێ کەوتەوە، پێوەندیی هەبوو.

چوونە ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان بۆ نێو هەناوی نارەزایەتییەکان دوو کاردکری گشتیی هەبوو:

١- ڕێکخستنی نارەزایەتییەکان.

٢- ناردنی هەواڵەکان، لەوانە ویست و داخوازییەکانیان بۆ حکوومەت و هەموو جیهان.

بەپێی ڕاپۆرتەکان، فەیسبووک لەو قۆناغەدا لانیکەم لە خێرایی بڵاو کردنەوەی زانیارییەکاندا وە پێش هەواڵدەریی بەهێزی «ئەلجەزیرە« کەوتبوو. لە بەرامبەردا کۆنترۆڵی وڵاتانی عەرەبی بەسەر فەزای ئینتێرنێتدا زۆر لاواز بووە بەجۆرێک هەوڵیان دا بەگشتی ئەو هێڵە بپچڕێنن. ئەم کردەوەیەش نیشانی دا کە دەوڵەتان ناتوانن لە جیهانێکدا بەو هەمووە جۆربەجۆرییەی کەرەسەکانی پێوەندی گرتن پێش بە بڵاو کردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان بگرن، چونکە لە بەرامبەردا بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەمجارە بە پشت بەستن بە زانستی پرۆکسی (دژە فیلتێر، فیلتێرشکێن) و جۆرەها ئەپلیکەیشێنی تر، هەوڵەکانی حکوومەتیان بێ‌کاریگەر کردەوە.

ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠١١ لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین ئەوەی سەلماند کە ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن وەک ڕەوتێک لە چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ هاوکاری و یارمەتیدانی بزاڤەکان کەلکی لێ وەرگیرێ و هاسانکاری بکا بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی (ڕێکام). هەڵبەت ئەوەش دەبێ بزانین کاریگەریی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆ کردنەوە و ڕێکخستنی نارەزایەتییە بەربڵاوەکانی کۆمەڵایەتی-سیاسی لە ناوچەیەک بۆ دەڤەرێکی تر و لە پێکهاتەیەکی سیاسی هەتا بەستێنێکی سیاسیی تر جیاوازە.

لە بەفرانباری ساڵی ١٣٩٦ تێلیگرام ڕێک ئەو ڕۆڵەی بۆ ڕێکخستن و بەرچاو ڕوونی نارەزایەتییەکان لە شارەکانی مەشەد، کەرەج، تاران، ئیسفەهان و ... گێڕا کە تێدا خەڵک بەدژی زوڵم و گرانی لە ڕادەبەدەر لە شەقامەکان هەڵوێستیان گرت. جارێکی تریش لە سەرماوەزی ئەمساڵ (١٣٩٨) قۆناغێکی تر لە نارەزایەتییە بەربڵاوەکانی خەڵکی ئێران بە پاساوی گران بوونی بێنزین دەستی پێکردەوە کە لەم نێوەدا ڕۆڵی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەندە پڕکاریگەر بوو کە حکوومەت ناچار بوو، سەرجەم هێڵەکانی ئینتێرنێت بپچڕێنێ!

کەوابوو بەو ئاکامە دەگەین کە ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان وەک ڕەوتێکی کاریگەر و بەرچاو ڕۆڵی هەرزان و ئاسانی کەرەسەی پێوەندییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەگێڕێ بۆ بانگەشەی چالاکییەکان، ڕێکخستن، ئاگاداریی جیهانی و برەودان بە بەرز بوونەوەی ئاستی کۆمەڵایەتیی سیاسی لە جیهانی مۆدێرندا هەیە.

***

**ژێدەر:**


1) کرمی، هاشم، فرصت‌ها و تهدیدات فضای سایبری برای جنبش کورد، گۆڤاری پۆلیتیا، ساڵی دووەم ژمارە 31

2) مدل توسعه مهارتهای من، سایت متمم

3) نقش شبکه های اجتماعی در انقلاب مصر دکتر بیانی - صدیقه حمیدی پایگاه تخصصي مطالعاتي INPO

4) استیپانوف ایکاترینا (پژوهشگر موسسه اقتصاد جهانی و روابط بین الملل در مسکو).ترجمه و تلخیص: مرتضی چرخ‌زرین / منتشر شده در نشریه همگام.

# ژنان و ماتەوزەی پێشەنگایەتیی شۆڕش



فەریبا ڕەشیدی




ئێمە لەم قۆناغەی ئێستای شۆڕشدا شایەدی ڕۆڵگێڕانێکی زیاتری ژنانین لە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو. ژنان لەم قۆناغەدا بە ئیرادە و بوێرییەکی پتر لە پێشوو لە کایە سیاسییەکاندا بەشدارن.

کوردستان وەک وڵاتێکی داگیرکراو و نەتەوەیەکی شۆڕشگێڕ لە سەردەمی ئێستادا نەک هەر لە بەرامبەر داگیرکاریدا قەدی ڕاست کردووەتەوە، بەڵکوو بەردەوام لە مەیدانی شەڕ و شۆڕش و تێکۆشان بۆ دادپەروەری، ئازادی و یەکسانیشدا پارێزگاری لە هەبوونی خۆی دەکا. بۆیە شۆڕشی کوردستان بەپێی ئەو تایبەتمەندییە سروشتییەی کە هەیەتی، خاوەن مەودایەکی بێوێنەیە بۆ بەشداریی ژنی کورد لەو شۆڕشەدا و خاوەنی هەوێنی بیرێکی یەکسانیخوازی بووە، کە ڕیشەیەکی دێرینی هەزاران ساڵەی لە مێژووی کوردستاندا هەیە. ئەو نەریتی ئازادیخوازییە لە سروشتی شۆڕشی ئێمەدا بووە بە دەرفەتێک بۆ هاتنە مەیدانی ژنانی شۆڕشگێڕ لە بەشە جیاوازەکانی کوردستان.

ژنانی جەنگاوەری کورد لە مەیدانی شەڕیشدا نیشانیان داوە کە دەتوانن خاوەن هێز و ئیرادە بن و تەنانەت لە توانایاندا هەیە کە ئەرکی فەرماندەرییش بە شێوازێکی شیاو بگرنە ئەستۆ و، دڕندەترین هێزەکانیش بەچۆکدا بێنن.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئێستا ژنی کورد لە گشت کوردستان بە ئیرادەیەکی سیاسیی وەها پتەووەوە لە بەرامبەر داگیرکەران ڕاوەستاون کە جیهانیان تووشی سەرسووڕمان کردوە. ئەوە جیا لە هەموو ئەو مەیدانانەی دیکەیە کە ژنی کورد لە پەیکەربەندیی کۆمەڵگەی خۆیدا بە شێوازێکی نوێ و سەردەمیانە بوونی خۆی دەنوێنێ و دەسەلمێنێ. ئەمانە فاکتەرێکن کە دەبنە هۆی ئەوەی لەمەڕ ژنی کوردەوە لەمەودوا بە شێوەیەکی نوێ بیر بکەینەوە و تەنیا وەک ئەکتەر و بەشدار لە شۆڕشدا نەبینرێ، بەڵکوو چاوەڕوانی ئەوە بکرێ کە لە داهاتوویەکی نزیکدا، ژنانی نوخبە و بلیمەت مۆدێلێکی نوێ لە پێشەنگایەتیی خەباتدا بە نەتەوەکەمان بناسێنن.

لە ڕاپەڕینی خەزەڵوەری ئەمساڵ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێمە بەشداریی بەرچاوی ژنانمان بینی کە نیشانەی ئەوەیە کۆمەڵگەی ئێمە چیتر ڕێژیمێکی ستەمکاری دژەژن قەبووڵ ناکا. ئەم بەشدارییە جیاواز لەوە بوو کە لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا ژنانی کورد بە شێوازگەلی جۆراوجۆر لە چالاکییە کۆمەڵایەتی_ سیاسییەکانی کوردستاندا بە شێوەیەکی بەرچاو ڕۆڵی گرینگیان لە تێکۆشاندا گێڕاوە. ئەوە ئاماژەیە بەوە کە ئاڵتێرناتیڤی سیاسیی داهاتوو لە کوردستان نەک هەر دەسەڵاتی دژەژن قەبووڵ ناکا، بەڵکوو پەیام دەدا بە هەموو هێزێکی سیاسی، کە ژن دەیەوێ ڕۆڵی پێشەنگایەتی هەم لە شۆڕش و هەم لە بەڕێوەبەریی کۆمەڵگەدا بگێڕێ.

بەشداریی بێوچانی ژنانی کورد لە ڕیزەکانی شۆڕشدا لە سەرانسەری کوردستانی گەورە دەرخەری ئەوەیە ئەم ژنانە ستەمخواز نین و، هەتا ئەو کاتەی هەر یاسایەکی دژەژن تێک نەپێچرێتەوە و، لەم پێناوەدا ڕێژیمێکی نێرسالاری سەرکوتگەری بێگانە یان خۆماڵی لەسەر شانی خۆیان هەڵنەگرن؛ تەسلیمی ئیرادەی هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی نابن. لەسەر ئەو بنەمایەیە کە ئێمە دەبێ وەک ژن بیر بکەینەوە، وەک نیوەی کۆمەڵگە لە لایەک و وەک دایکی نیوەکەی دیکە چیمان دەوێ کە لە ئاکامدا هەم بەختیاری بۆ خۆمان وەک ژن و هەم بۆ ڕۆڵەکانمان بەرهەم بێنین.

## ڕۆڵی ژن لە شۆڕشی ڕزگاریخوازیدا

هیچ ڕزگارییەک بەبێ بەشداریی ڕاستەوخۆی ژنان لە ڕێبەرایەتیی شۆڕشدا ئازادی و بەختەوەری بۆ ژن بەدی ناهێنێ. مێژوو سەلمێنەری ئەم ڕاستییەیە هەر شۆڕشێک کە تەنیا بە ڕێبەرایەتیی پیاوان بووبێ، نەیتوانیوە نرخ و بەهای مرۆیی بۆ ژن بەدیاری بێنێ. کاتێکیش باس لە بەشداریی ژن لە شۆڕشدا دێتە ئاراوە، مەبەست بەشداری وەک پێشمەرگە یان چالاکێکی مەیدانی نییە، بەڵکوو ژنانی نوخبە کە لە مێشکیشدا ژنانە بیر دەکەنەوە و لە زێهنییەتدا نەبوون بە پیاو و، توانیویانە ژنیەتیی خۆیان بپارێزن، دەبێ هەر لە ئەندازیاریی شۆڕشەوە بگرە هەتا ناوەندی سەرەکیی بڕیار و ڕایی کردنی پلانی شۆڕش ڕۆڵی بنەرتییان هەبێ، هەتا ئومێد بەوە هەبێ کە ژنیەتیی ئەوان دەبێ بە هەوێنی یەکسانی لە بناغەی شۆڕشی وڵاتسازی و ئەو شۆڕشە نرخ و بەهای ژن دەپارێزێ. لە کوردەواریدا هەتا ئێستا ئەوە ڕووی نەداوە و، ژنیەتی پێی نەناوەتە ئەو مەیدانەوە، بەڵکوو ژنانی بەشدار ناچار کراون لەژێر پەروەردەیەکی پیاوتەوەرانەدا سەرەتا بتوانن پیاوانە بیر بکەنەوە و ببن بە بەشێک لە ڕێژیمی فکریی پیاوانە بۆ ئەوەی بتوانن لەو مەیدانەدا هەنگاو بەرەو پێش بنێن.

ئەم دۆخە بووەتە هۆی بێمتمانەیی لەلای ژنانی بەتوانای کورد و هۆکارەکانی بێمتمانەیی ژنانی نوخبە بە شۆڕشی ئەمڕۆ، بۆ نموونە مۆدێلی پیاوانەی ئەم شۆڕشە و وەستانی پیاوانی ڕێبەر وەک بەربەست لەسەر ڕێگای بەشداریی ژنان لە دروستکردنی مۆدێلێکی ناڕەگەزی دەبێ هەڵوەژێردرێن، بەو مەبەستەی مەودا بۆ ژنانی نوخبە بۆ بەشداریکردنیان لە ئاستی بەرزدا لەبار و فراوان بکا. ڕێبەرانی پیاو پێویستە ئەوە بزانن کە مانەوەی ئەو بەربەستانە کەمایەسییەکی گەورە لە شۆڕشی کوردستاندا دروست دەکا و زیانەکانی بە ئاسانی قەرەبوو ناکرێنەوە.

لەگەڵ ئەوەش ئەرکی گەورە هەر دەکەوێتە سەر ژن خۆی. ئەوە ئەرکی ژنانی نوخبەی کورد و بزوتنەوەکەیانە کە بە هەموو کۆمەڵگە نیشان بدەن کە شۆڕش سروشتێکی ڕەگەزیی نییە و، دەبێ شۆڕشی کوردستان ڕەگەزشۆر (جنسیت زدایی) بکرێ. واتا پیاوانە بوونی شۆڕش بگۆڕی بۆ ناڕەگەزی (غیر جنسیتی) بوون و، ڕێگە بە هاتنە مەیدانی پتانسیێلی باڵای ژنان بدرێ. بۆ ئەوە دەبێ هەر لە قۆناغی شۆڕشەوە هەتا نووسینەوەی یاسا و دامەزراندن و بەڕێوەبردنی دەوڵەت و هەروەها پرۆگرامی گەشەی وڵات، ژنیەتی پێویستە هەبێ و بۆ ئەو مەبەستە دەبێ ژنان لە ئاستی پێشەنگایەتیدا مەیدانداری بکەن بەبێ ئەوەی مل بە مۆدێل و مێتۆدۆلۆژیی ڕەگەزتەوەرانە (جنسیت محور) بدەن.

بەکورتی ناکرێ چاوەڕوانیی ئەوە هەبێ کە شۆڕش ئەرکێکی پیاوانە و لە هەمان کاتدا یەکسانیخوازانەش بێ. شۆڕش و گۆڕانکاری تەنیا ئەرکێکی پیاوانە نییە، بەڵکوو خاوەنی سروشتێکی ناڕەگەزییە، بۆیە ئەرکێکی مەزن دەکەوێتە سەرشانی ژنانی کوردستان بەگشتی و نوخبەکان بەتایبەتی بۆ پێوەندی و دیالۆگێکی نەتەوەیی لەگەڵ یەکتر بۆ دۆزینەوەی ئەو مێکانیزمانەی کە دەبن بە دینامیزمی گوزار لە مۆدێلێکی پیاوانەی شۆڕش بۆ مۆدێلێکی ناڕەگەزی.

## ژن و نووسینەوەی یاسای داهاتوو

یاسا بەو جۆرەی کە ئێمە دەیناسین کەرەسەیەکە بۆ دەسەڵاتی سیاسی کە مەودای دەستڕۆیشتوویی خۆی پێ فراوان دەکا و، خۆی پێ لە بەرامبەر تووڕەیی کۆمەڵگەدا دەپارێزێ، هەرچەند زۆرینە لەم دیاردەیە بێئاگان و پێیان وایە کە یاسا مافی خەڵک لە سیستمی سیاسیدا و ئەرکەکانی دەوڵەت بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە دیاری دەکا، بەڵام ئێمە تەنانەت لە سیستمە هەرە پێشکەوتووەکانی دنیاشدا هەر هەمان دیاردە دەبینین کە گەرەکیەتی ڕواڵەتێکی پێچەوانە لە خۆی نیشان بدا.

ئەم هاوکێشەیە بەر لە هەر شتێک لە ژیانی ژندایە و دەبێتە هۆی بناغەکانی پیاوتەوەری لە یاسا و، سنووردانان بۆ ئازادییەکانی ژن. ژن لەم گۆڕەپانەدا وەک دایک واتا کانگەی ژین کە بێچاوەڕوانی ئەم ئەرکە بەجێ دێنێ، دەتوانێ ئەم هاوسەنگییە بگۆڕێ. یاسا لە ڕاستیدا دەبێ پارێزەری ژن بێ لەم بوارەدا و ئەوە ئەرکی مێژوویی ژنە کە ئەم ئاراستەی یاسا هەڵگەڕێنێتەوە. لێرەدا دیسان ئەو ئەرکە دەگەڕێتەوە سەر بزووتنەوەی ژنان و، توێژی نوخبە و بلیمەتیان کە چۆن یاسا لە پێناو ئازادی و سەروەریی مرۆڤەکانی کۆمەڵگە بەرەو یەکسانیی ڕەها ببا.

لەسەر ئەو بنەمایە دەبێ ڕەوتی دروستکردنەوەی کوردستان لە بواری یاساسازیدا کە پلەی یەکەمی ڕزگارییە، پێ بنێتە بواری یاسانووسینەوەیەک بە پێشەنگایەتیی ژنان بۆ گارانتیی ئازادی و یەکسانیی ژن و پیاو لە گشت بوارەکاندا و سەروەریی مرۆڤی ئازاد؛ هەر بۆیە پێویستە ژنانی کوردستان لەم بارەوە وەخۆ کەون.

## دەسەڵاتی سیاسی و ژن

ئەگەرچی بەپێی باوەڕە ناڕاستە ئایینییەکان و دابونەریتە کۆنە دژەژنەکان ئاوەزی ژن لاوازە، بەڵام زانستی سەردەم سەلماندوویەتی کە بەهۆی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی مێشکی ژنانە، هەڵگرانی ئەو باوەڕە و تەنانەت گشت مرۆڤایەتیش لە توانستە مەزنەکانی ژن لە بواری بەڕێوەبەریدا بێئاگا بوون. ئەو تایبەتمەندییانەی مێشکی ژنانە نیشانیان داوە کە ژنان لە دەسەڵاتی سیاسیشدا دەتوانن لە سێ کارەکتێردا، کاراییەکی بەهێزتریان بۆ بەڕێوەبەریی کۆمەڵگە بە شێوازی دادپەروەرانەتر هەبێ. ئەم سێ تایبەتمەندییە بریتین لە بەزەیی، نەست و هاوکاری بۆ بەرهەمهێنان.

جیاوازی لە پێکهاتەی مێشکی نێرینە و مێیینە توانای وردبوونەوە بۆ ڕایی کردنی ئەرک و فەرمان لە پیاودا زیاتر دەکا، لە کاتێکدا تواناییەکی بێوێنە بۆ ڕایی کردنی چەندین ئەرک و فەرمانی هاوکات بە ژن دەبەخشێ و، دەربڕین و توانای شیکردنەوەیان زیاتر دەکا.

دەسەڵاتی سیاسی وەک سیستمی بەڕێوەبەریی وڵات و کۆمەڵگە بۆ دادپەروەر بوون پێویستییەکی زۆری بە ژن هەیە، کە خاوەنی ئەو توانا سروشتییانەیە. چ ئەگەر سیستمی سیاسی ڕێگر بێ و چ ئەگەر ژن خۆی دوورەپەرێز بێ لە بەشداریکردنی بەهێز لە دەسەڵاتی سیاسیدا، ئەوا ئەو سیستەمە ناتوانێ یەکسانی و دادپەروەری و کاراییی گونجاو لەگەڵ پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی هەبێ کە ستەمێکی گەورەیە لە کۆمەڵگەی کوردستان کە بە درێژایی مێژوو تەنیا ڕەنج و ئازاری دیتووە. بۆیە ژنان پێویستە بە ئیرادەوە لە چەقی ناوەندی بڕیاردا ڕۆڵی سەرەکییان هەبێ.

## ژن و گەشەی وڵات

وڵاتداری و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و دابینکردنی دادپەروەری و یەکسانی و ئازادی پێویستی بە وڵاتێک هەیە کە بنەمای ئابووریی بەهێزی هەبێ و، خاوەن پرۆگرامی تایبەتی بۆ گەشە و پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی بێ. ژن لەوەشدا وەک داهێنەری کشتوکاڵ و زۆر بەرهەمی پێویستی ماڵ و خۆراک و پۆشاک لە مێژوودا، پێشانی داوە لە ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی خۆیدا نەک هەر بەڕێوەبەر، بەڵکوو داهێنەریش بووە. لە ئاستی ماکرۆ و کۆمەڵایەتیدا بە هۆی ڕۆڵی داهێنەرانەی، ژن لە مێژوودا دینامیزمی گەشەسەندنی کۆمەڵگە بووە، سەرەڕای ئەوە وەک هێزی کاری مرۆییش لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بەشێوەی چالاک بەشداری بواری وەبەرهێنان بووە.

ئەوە سەلمێنەری ئەوەیە کە کۆمەڵگە بەبێ ڕۆڵی بەڕێوەبەرانەی ژن لە داهێنان و وەبەرهێنان و هەروەها ڕۆڵی هێزی کاری مرۆیی ژن، ناتوانێ گەشەی پێویست بە خۆیەوە ببینێ. ئەمڕۆ کە زانست و تێکنۆلۆژی گەشەیەکی زۆر خێرای بەخۆوە دیتوە، ڕۆڵی ژنیش لە بنیادنانی بناغەی گەشە و پەرەسەندنی کۆمەڵگەش دەبێ پڕڕەنگتر بێ. لە دنیای مۆدێرن ژن بە کردەوە نیشانی داوە کە خاوەنی ئەو دینامیزمەیە و لە ڕاستیشدا بەبێ ژنان، گەشەی کۆمەڵگە هیچ واتایەک لەخۆ ناگرێ.

دیاسپۆرای کورد بە حەشیمەتێکی بەرچاوی ژنانی نوخبە و بلیمەت و ئاکادێمیک نیشانیان داوە کە بەڵگەی ئەم ڕاستییەن و لە بوارەکانی جۆراوجۆری زانستدا هەنگاویان زۆر لە پێشە و خاوەن ڕان. ژنانی کورد ئێستا نەک هەر لە هەندەران بەڵکوو لە نێوخۆی وڵات و تەنانەت لەژێر ڕێژیمێکی چڕی دژەژنی داگیرکاریدا، خۆیان بە زانست و تێکنۆلۆژی پڕچەک دەکەن و کۆمەڵگە ئیتر ناتوانێ چاو لەوە دابخا.

لەسەر ئەو بنەمایەیە کە ژنانی کوردستان ئێستا دوورهاوێژێکی جیاوازی ڕوو بە داهاتوویان هەیە، دەتوانن ببن بە هێزی هەڵسووڕاندنی چەرخی پەرەسەندنی ئابووریی وڵات لە ڕێگەی تواناییەکانیان لە زانست و تێکنۆلۆژیدا. بۆ ئەمە دیسان ئەرکی مێژوویی دەکەوێتە سەر شانیان و دەبێ هەر لە ئێستاوە خۆیان ئامادە بکەن بۆ ئەم ئەرکە مەزنە. بوونی دیاسپۆرای کورد نە تەنیا بۆ خزمەت بەو وڵاتانەیە کە تێیدا دەژین، نە تەنیا بۆ ژیان و بەختەوەریی تاکەکەسی، بەڵکوو بۆ بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی بەختەوەرە لە کوردستانی خۆمان وەک نیوەی ئەو کۆمەڵگەیە و بۆ ڕۆڵەکانمان وەک نیوەکەی دیکەی کۆمەڵگە. ئەوەمان بیر بێ کە بەختیاریی کۆمەڵگە بە گەشەی زانستی و پەرەی ئابوورییەوە گرێ دراوە، ئەوەش بنەمایە بۆ بەختەوەریی تاکی کورد. بۆیە ئەوە ئەرکی بەشداریی چالاکانە دەخاتە سەر شانی ئێمەی ژن.

## دوا وتە

ژنانی کورد هەتا ئێستا هەلی بەشداریی کارا لە مەیدانی شۆڕشیان پێ نەدراوە و، هەروەها بەڕێوەبەریی کۆمەڵگە تەنیا لە قاتی ژێرەوە خەریکی دروستکردنی بنەماکانی ژیان و حاوانەوە بوون و، دوور بوونیان لە قاتی سەرەوە، بووە بە هۆی نادادپەروەری و هەڵاواردن لەدژی خۆیان و ڕۆڵەکانیان. ژیان لەو دۆخەدا لەژێر ڕێژیمێکی زێهنیی پیاوتەوەردا بووە بە هۆی سەپاندنی ستەمدیدەیی و ستەمخوازی، کە بەرگریی ژیرانەی ژنان نیشانەی ئەوەیە مل بەو چارەنووسە نادەن و دەیانهەوێ واتایەکی دیکە بۆ ژیان بهۆننەوە.

ئێمە وەک ژن باش دەزانین کە ژنیەتی هێزە و هەر کات ئەم هێزە بە ئاقارێکی دروستدا ئاراستە بکەین ئێمەی ژن دەتوانین دینامیزمێکی مەزن و خوێنێکی تازە بین لە جەستەی شۆڕشی ڕزگاری و وڵاتسازیدا. هەر بۆیە نابێ بهێڵین ژنیەتیی شۆڕشگێڕانە لەژێر باری گرانی مۆدێلی ڕەگەزتەوەردا هەناسەبڕ بێ و نەتوانین ڕۆڵی مێژوویی خۆمان لە بەدیهێنانی سەرکەوتن و هەروەها بنیادنانی وڵاتێکی بەهێز و دادپەروەر و یەکساندا بگێڕین.

لەم ڕاستەیەدا ئەرکی گشتی ئەوەیە کە هاوکات هەم بۆ ڕەگەزشۆر کردنی شۆڕشی بنیادنەری کوردستان و، هەم بەشداریی ژنان لەم ڕەوتەدا بوار بخولقێنین و ئێمەی ژن بە دەسبردن بۆ کاری بنەمایی لە دروستکردنی ئەو ژێرخانەدا ئەسپاردەی مێژووییمان لە پێناو بەختەوەریی کوردستان بەجێ بێنین.

ژنانی کوردستان دەتوانن و دەبێ ئەم ڕێژیمە زێهنییە لە ناخ و دەروونی خۆیاندا بگۆڕن و ئێمە بە متمانە بە ژنیەتیی خۆمان وەک هێز و بڕوا بە تواناییەکانمان، دەبێ ئەوە بزانین کە سیما و ناخی شۆڕشی نوێی کوردستان بە ئێمە دەگۆڕێ و، کۆمەڵگەیەکی ئازاد بە بەشداریی کۆمەڵایەتیمان لەو چوار بوارەدا کە بەکورتی ئاماژەی پێکرا بە ئایدیای ژنیەتی و هێزی دایکانەی ئێمە بەدی دێ.

## هەگبەی شاخ و شۆڕش



برایم چووکەڵی

# ٢٦ی سەرماوەز و «سەرنج بدەن»ی هێزی شاهۆ

هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات وەک نەریتێک ڕۆژە مێژووییەکانی حیزبەکەیان بە زەبرلێدان لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بەرز و پیرۆز ڕادەگرت. بۆیە بە نزیکبوونەوە لە ڕۆژەکانی ٢٥ی گەلاوێژ _ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزب_ و ٢٦ی سەرماوەز _ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستان_ هێزەکان زیاتر وەخۆ دەکەوتن، بە جۆرێک کە لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە کێبەرکێی عەمەلیات و زەبر وەشاندن لە دوژمن دروست دەبوو. ئەو دیاردەیە لە دوای دیاریکردنی ڕۆژی پێشمەرگە لە ساڵی ١٣٦٣ زیاتر خۆی نیشان دا.

لەم ژمارەی کوردستاندا یەکێک لەو زەبرە کاریگەر و دوژمنشکێنانەی هێزی شاهۆ لە بەرەبەری ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٤ دەنووسینەوە.

بۆ پێکانی ئەمانجی هەڵسەنگێندراو دەستەیەک لە فەرماندە و پێشمەرگە قارەمانەکانی هێزی شاهۆ بۆ وەشاندنی گورزی خۆیان گەڵاڵەیەکی ڕێکوپێک دادەڕێژن. دوای تەواو بوونی کاری شناسایی فەرماندەی بەتوانا سەید فەرەج حوسێنی لەگەڵ ٧ کەس لە کوڕانی ماندوویی‌نەناس، لەوانە سێ دانە لە ئازاترین پێشمەرگەکانی لکی شەهید «نادر» بە ناوەکانی شەهیدان ئەنوەر دەرەویانی، قادر وەلەدبەیگی و عەزیز سەلیمی بۆ ڕۆژی دیاریکراو ئامادە دەکا و، ڕۆژی ٢٣ی سەرماوەز لە بنکەی خۆیانەوە سەردەکەون و بەدیوی «گاکوژە»دا بۆ سەر ئاوی سیروان شۆڕ دەبنەوە.

هێزی دوژمن یەکێک لە ناخۆشترین ڕێگاکانی ئەو ناوچەیەی بە مین تەنیبوو و ئەمەش ببووە هۆی پتر ئاستەنگ کردنی پێشڕەویی هێزی پێشمەرگە. ڕۆڵە قارەمانەکانی گەل کە لەمێژ بوو لەو مەیدانەدا بار هاتبوون، زۆر زیرەکانە لە تاریکیی شەو کەلک وەردەگرن و لە مەیدانی مین و جادەی «دوواو_مەڕەخێڵ» دەپەڕنەوە و لە بەرزاییەکانی زاڵ بەسەر جادەی دوواو_ پاوەدا و لە نزیک تۆنێلی «دەرەویوەر» کە شوێنی مەبەستی عەمەلیات بوو، خۆیان حەشار دەدەن.

شوێنی دیاریکراو یەکێک لە ئەستەمترین شوێنەکانی ناوچەی هەورامانە، کە لە نێوان قوولایی دوو چیای سەخت و گەردەنکەشی «نانەوێژە» و «کەلەقەند»دا هەڵکەوتوە. جادەیەکی باریک و تەسک لە لای نانەوێژەوە لە قەد شاخەکە هەڵکەندراوە و، چۆمی پاوە لەنێو ئەم قوولاییە لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژاوا لەژێر جادەکەوە بەرەوخوار دەبێتەوە و چەند سەد میترێک خوارتر تێکەڵ بە ئاوی سیروان دەبێتەوە.

بەو پێیە دەردەکەوێ تەنیا ڕێگای هاتوچۆی بەری «نانەوێژە»، جادەکەیە و بەری جادە و پشتی جادە هەڵدێر و چڕ و سەختاییە. بەری «کەلەقەند»یش کە ڕێگای چوونە خوارەوەی پێشمەرگەکان بۆ شوێنی عەمەلیات بوو، جێگایەکی زۆر هەڵدێر و تووشە، بە جۆرێک هەر شتێک بەر بێتەوە هەتا نێو چۆمەکە ناوەستێ. هەر لەو کاتەشدا چوونە خوارەوەی پێشمەرگەکان بۆ سەر جادە بە ڕووناکایی نەدەکرا، بۆیە کوڕەکان لەگەڵ تاریک داهاتنی هەوا لەژێر ڕێنوێنیی فەرماندەکەیان بەرەو خوار داکشان و، پاش پەڕینەوە لە ئاوایی پاوە بۆ لە داوخستنی هێزەکانی ڕێژیم خۆیان مات دا.

هەتا دەمەو بەیانی بێجگە لە چەند ماشێنێکی خەڵکی کەس لە هاتوچۆدا نەبوو. فەرماندەی پێشمەرگەکان کاتێک دەزانێ لە کەمینی شەو هیچی دەست ناکەوێ بڕیار دەدا جێ بگۆڕن و لەو ٧ کەسە ٥ کەس لە نزیک جادە لە داوێنی کەلەقەندیدا و دوو کەسەکەی تریش لە بەرزاییەکان بۆ پشتیوانی لەوان بمێننەوە.

ئەو کات ڕێژیم ئوتومبیلی نەیسان پاترۆڵی بۆ بەرپرسانی سپا لە کوردستان دابین کردبوو. دوانیوەڕۆ نەیسانێک لە تونێلەوە دەردەکەوێ کە لێی بەشک دەبن نەکا ماشێنی شەخسی بێ. پاش ماوەیەکی کورت ٥ ئوتومبیلی تر لەو مۆدێلە لە تونێلەکەوە سەر دەردێنن. پێشمەرگەکان بەبێ هیچ دوودڵییەک لەگەڵ نزیکبوونەوەی ماشێنەکان ئازایانە دەیاندەنە بەر دەستڕێژ. دوو لە ماشێنەکان لە جادەوە بۆ نێو ئاو خلۆر دەبنەوە و سێ دانەکەی دیکەش بە ئاوری پێشمەرگەکان تێک دەشکێن.

لەم عەمەلیاتەدا زەبرێکی کاریگەر لە هێزی دوژمن درا و دەیان کەسیان لێ کوژرا و ٥ ماشێنیان تەفروتوونا بوون.

ئەو هەڵمەتە شۆڕشگێڕانە هێندە لە نەکاو و چاوەڕواننەکراو بوو، کە هێزەکانی ڕێژیم لەو ناوچەیەی بەتەواوی تاساند و نەیانتوانی هیچ دژکردەوەیەک لە خۆیان نیشان بدەن. هەرچەند هێزێکی جاشی ڕێژیم کە تەئمینی جادەی هەتا نزیک دەرەویانیان لە ئەستۆ بوو بەرەو شوێنی ڕووداوەکە وەجووڵە کەوتبوون، بەڵام ئەوانیش کەوتنە بەر دەستڕێژی دوو قارەمانەکەی سەر بەرزاییەکە و ئەوانیش ژمارەیەکیان لێ دەکوژرێ و بریندار دەبن.

لەو عەمەلیاتەدا نوێنەری خومەینی بە ناوی «مووسەوی» لەگەڵ دوو ئاخوندی دیکە و چەند فەرماندەی سپا لەنێو کوژراوەکاندا بوون. ئەوان نێردرابوونە بەرەی شەڕ بۆ سەردانی هێزەکانیان لە نەوسوود کە بۆ چەند ساڵێک دەبوو زەبوونی دەستی پێشمەرگەکانی هێزی شاهۆ ببوون و، جووڵەیان لێ بڕابوو. دیارە هەر ئێوارێی ئەو ڕۆژە ڕادیۆ بی‌بی‌سی هەواڵی کوژرانی نوێنەری خومەینی و چەند فەرماندەیەکی سپای بەدەستی تێکۆشەرانی دێموکرات بڵاو کردەوە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە چەند بابەتێک بکرێ، کە تێکۆشەرانی دێموکرات لە شوێنێک عەمەلیاتیان بەڕێوە برد کە هێچکات دوژمن چاوەڕوانی لێ نەدەکرد و وەک شوێنێکی ئەمن چاوی لێ دەکرد و بە دەیان پایەگا و تەئمینی سەر جادەی لێ دانابوو. لەوە گرینگتر تەنیا ٧ پێشمەرگەی قارەمان لە وەها ڕۆژێکی سەرما و سەخڵەتدا چەندین شوێنی دژوار ببڕن و بتوانن لەنێو جەرگەی دوژمن بەو ئەژمارە کەمەوە زەبری کوشەندەی وەهای لێ بدەن، ئەوە بێجگە لە ئیرادەی کوڕانی دێموکرات نەبوایە چ شتێک دەیتوانی ئەو هەڵمەتە قارەمانانەیە بەڕێوە بەرێ. لە هەموو گرینگتر زەبری ئاوا بەژان لە دوژمن و دواتر ساغ و سلامەتیی پێشمەرگەکان ئەوەندەی دیکە تارانی لەرزاند.



کەریم فەرخەپوور

# تەختی لەرزۆکی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە عێراق

لە مێژووی یەک سەدەی ڕابردوودا هاوسنووری و هاوسێیەتی دوو وڵات و حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران و عێراق هەوراز و نشێوی زۆری بەخۆیەوە بینیوە و بەپێی جۆری دەسەڵاتەکان و ڕۆڵ و نەخشی حاکمانی ئەو دوو وڵاتە ئاڵوگۆڕی تێدا پێک هاتوە.

هاوسنووربوون یا کێشەی سنوور لەنیوان دوو دەوڵەتی ئێران و عێراق هەمیشە جێگەی مشتومڕی حاکمانی ئەو دوو وڵاتە بووە و ئەم بابەتە هەتا ئێستاش یەکلایی نەبۆتەوە. ئەگەر زۆر نەگەڕێینەوە سەر مێژووی دووردرێژی نێوان عەرەب و عەجەم، کێشەی ئەو دوو وڵاتە لە چەند دەیەی ڕابردوودا تەنانەت لەسەر ناوی کەنداوی فارس یان عەرەب هەر بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە و دەسەڵاتی ئێران بەسەر چەند دوورگەیەکیش لەو ناوچەیە هەروا مشتومڕی لەسەرە.

ئەم ناکۆکییە دووردرێژانە لە دەیەی حەفتای زایینی و لە پەیمانی شوومی ئەلجەزایردا بۆ ماوەیەک وەلا نرا و دەوڵەتی عێراق بۆ تواندنەوەی شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستان ئامادە بوو «شط العرب» (ئەروەند روود) ڕادەستی دەوڵەتی حەمەڕەزا شای پەهلەوی بکا و لەبەرابەردا حەمەڕەزا شا واز لە پشتیوانیی کوردەکان بێنێ. لەگەڵ ئەوەی کە حکوومەتی ئەو کاتی عێراق ئەو پەیمانەی ئیمزا کرد، بەڵام چاوی تەماحی بەیەکجاری لێ نەنووقاندبوو. ئەوە بوو کە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، سەدام حوسێن، سەرۆک کۆماری ئەوکاتی عێراق لەبەردەم کامێرای تەلەڤزیۆنەکان پەیماننامەی جەزایری دڕاند و هێرشی کردە سەر ئێران و ویستی لە بۆشایی دەسەڵات لە ئێران کەلک وەربگرێ، تۆڵەی داشکاندنەکەی لە پەیمانی ئەلجەزایردا بکاتەوە و لەو دەرفەت کەلک وەربگرێ و بارودۆخەکە بە قازانجی خۆی بگۆڕێ.

لێرەوە دژمنایەتی و شەڕی دوو دەوڵەتی هاوسێ و هاوسنوور دەست پێدەکاتەوە و ئەوەش ڕێگە خۆشدەکا کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ تێکشکاندنی دژمنەکەی، لە دژبەرانی ئەو ڕێژیمە لەنێوخۆی ئەو وڵاتە کەڵک وەرگرێ و پێچەوانەکەشی هەر بەو شێوەیە بوو. باشترین ڕێگە و باشترین لایەن بۆ دژایەتی سەدام حوسێن، هاوکاری و ڕێکخستنی شیعەکانی عێراق بوو. لە لایەکەوە دەوڵەتی سوننە مەزهەبی عێراق بەهۆی سەرکوتی شیعەکانەوە لەنێو شیعەکانی ئەم وڵاتەدا حکوومەتێکی بێزراو بوو و لە لایەکی دیکەوە هاومەزهەببوون لەگەڵ حکوومەتی شیعەی ئێران بەستێنێکی باشی ڕەخساندبوو کە کۆماری ئیسلامی بتوانێ سەرنجی شیعەکانی عێراق بۆلای خۆی و بۆ دژایەتی حکوومەتی ئەم وڵاتە رابکێشێ. بۆیە لەوبارەوە کەوتە جێبەجێکردنی پلانێکی ورد و درێژخایەن و ئیمکاناتێکی زۆریشی بۆ تەرخان کرد. ڕێکخستن و سازماندانی شیعەکانی عێراق و پێکهێنانی سپای بەدر سەرەتای دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی سەربازیی ئێران بوو لە وڵاتی عێراق و لەو ڕۆژەوە تا ئێستاش دەستێوەردانەکان بە ئاشکرا و بەنهێنی بەردەوامن.

دوای ڕووخانی حکوومەتی عێراق بەدوای هێرشی سەربازیی دەوڵەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەوە، کۆماری ئیسلامی هەم یەکێک لە دژمنە سەرسەختەکانی بۆ لادرا و هەم ڕێگەی بۆ کرایەوە تا بەئەرخەیانی پێگەی خۆی لە عێراقدا قایم بکا. زۆرایەتیی شیعە مەزهەبەکان لە عێراق، شانسێکی گەورە بوو بۆ کۆماری ئیسلامی تا بتوانێ سووکباڵ دەست لە کاروباری ئەو وڵاتە وەربدا. کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی میلیشیا دەسکردەکانی خۆی و پێکهێنانی چەند گرووپێکی دیکەی شیعە توانی جێ‌پێی خۆی بەرینتر بکاتەوە و بەهۆی پێوەندی نزیکی لەگەڵ کەسایەتییە دیارەکانی دژبەری حکوومەتی سەددام حوسێن توانی لە ناوندی دەسەڵاتی ئەو وڵاتەدا ڕۆڵی خۆی بنوێنێ و هێدی هێدی توانی هێژمونیی خۆی بەسەر ئەو وڵاتەدا بسەپێنی.



AFP

کۆماری ئیسلامی بە کۆپی کردنی لق و پۆپەکانی وەک سپا و بەسیج توانی لە عێراقیش هەر هەمان ڕێچکە بگرێتە بەر و چەند گرووپێکی جۆراوجۆری جیاواز لە ئەرتەشی ئەو وڵاتەدا پێکبێنێ و بۆ بەرەوپێشبردنی مەبەستەکانی خۆی کەڵکیان لێوەربگرێ و لە کاتی پێویستدا دژ بە ڕەقیبەکانی خۆی لەو وڵاتە بەکاریان بێنێ.

کۆماری ئیسلامی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکا و پەلوپۆ هاویشتن لەو وڵاتەدا، تێچوویەکی ماددیی زۆری کرد و بۆ ئەمەش لە سامانی گشتیی خەڵکی ئێران بۆ تەیارکردن و پێکهێنانی لق و پۆپی جۆراوجۆر لەو وڵاتە مایەی دانا.

عێراق خاوەن سامانێکی زۆری ژێرزەوییە و حەشیمەتی ئەو وڵاتە ناگاتە نیوەی حەشیمەتی ئێران و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کۆماری ئیسلامی ئەم وڵاتە هەم وەک حەسار خەڵوەتێک بۆ خۆی ببینێ و هەم چاوی تەماحیشی لە سامان و سەرچاوە ئابوورییەکانی ئەم وڵاتە بێ، ئەوەش لە ڕێگەی ئەم بەرپرس و کاربەدەست و میلیشیا و گرووپانەی لەم وڵاتدا کردوونی بە خاوەنی دەسەڵات. هەر ئەمەشە کە دەبینین کۆماری ئیسلامی بۆتە نیشانەی نووکی ڕمبی خەڵکی نارازی و خۆپێشاندەرانی عێراقی کە لە چەند مانگی ڕابردوودا خەریکە ئاراستەی ئەم وڵاتە دەگۆڕێ.

بەئامانج گرتنی ئێران لەو نارەزایەتییانەدا کە چەند جار سووتاندنی کۆنسولخانەکانی ئەم وڵاتەی لێ کەوتەوە چەند هۆکارێکی هەیە.


یەکەم، دەسەڵات بەدەستەوەگرتنی شیعەکان لە عیراق و بە تایبەت ئەو لایەنانەی کە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران نزیک بوون و تێوەگلانیان لە گەندەڵی و بەکارهێنانی سەروەت و سامانی خەڵک بۆ مەبەستە سیاسی و حیزبییەکانیان _کە بەشی زۆری بۆ بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی کۆماری ئیسلامییە_، بەفیڕۆدانی سەروەت و سامانی گەلانی عێراق لە حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئەو وڵاتەدا، برسیەتی، بێکاری و هەژاری خەڵک و ژیانی شاهانە و کۆشکە بەرزەکانی بەرپرسە پلەباڵاکانی عێراق بە تایبەت شیعە مەزهەبەکان و کڕینی ملک و ویلا لە وڵاتانی جۆراوجۆری دنیا یەکێک لە هۆیەکانی بێزار بوونی گەلانی عێراقە لە کاربەدەستانی نزیک لە کۆماری ئیسلامی و هەروەها کۆماری ئیسلامی. ئەمەش بۆتە هۆی دزێوی و بێزراوبوونی ئەو ڕێژیمە لە نێو چین و توێژەکانی خەڵکی عێراقدا.

دووهەم، سوونە مەزهەبەکان و پاشکەوتووەکانی حکوومەتی سەددام و ئۆگرانی ڕێژیمی بەعسی عێراق، کۆماری ئیسلامی بە دژمنی خۆیان دەزانن و لە ناوچە سوننە مەزهەبەکان بەستێنێکی ئامادە هەیە بۆ دژایەتی کردنی ڕێژیمی ئاخوندەکان بە تایبەتی ئەوان کە پێشتر دەسەڵاتی ئەم وڵاتەیان لە دەستدا بووە و ئێستا لە سۆنگەی دەستێوەردانەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە کەوتوونەتە پەڕاوێزەوە.

سێهەم و، لەهەموویان گرینگتر زاڵبوونی هەستی نەتەوایەتی عەرەبەکانی عێراقە بەسەر هەستی مەزهەبی و دەمارگرژی سیاسی و حیزبیدا. لە خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییانەدا ئەوەی بەتەواوی ڕوون و بەرجەستە بوو زاڵبوونی ئەم هەستی نەتەوەیی و «عروبییەت»ەیە. وەک ڕوونە خۆپێشاندانەکان لەنێو شیعە مەزهەبەکان و زۆرتر لە ناوچە شیعەمەزهەبەکان بوو و خەڵک لە گەڵ ئەوەی کە دژ بە گەندەڵی ڕاپەڕیبوون و تا ئێستاش درێژەی هەیە، لە هەمانکاتدا دروشمێک کە بوو بە یەکێک لە داوا سەرەکییەکانی خۆپیشاندەران، «ئێران بڕۆ دەرەوە» بوو. ئەوە پەیامێک بوو بۆ کۆماری ئیسلامی و دەستوپێوەندییەکانی لەو وڵاتە کە بەڵێ سەرچاوەی ئەو گەندەڵی و نەهامەتییانە کۆماری ئیسلامی و شوێنەکەتوو و جێبەجێکارانی سیاسەتەکانی ئەو ڕێژیمەن لە عێراقدا. سوتاندنی کۆنسولخانەکانی کۆماری ئیسلامیی لە پێتەختی ئایینیی کۆماری ئیسلامی و ناوەندی بڕیاری شیعە واتە نەجەف و کەربەکلا کە کۆماری ئیسلامی هیوایەکی زۆری لەسەر هەڵچنیبوو، بە واتای مەترسیی جیدیی لەدەستدانی عێراقە لای کۆماری ئیسلامی و ئەوەش بە مانای کامۆسکی زراوبردووی تێکشکانی «هیلالی شیعی»ی ڕێژیمی ئێرانە.

هەروەها سووتاندنی وێنەی خامنەیی، «مرجع تقلید»ی شیعەکان پەیامێکی دیکەی مەزهەبی و بەچاڵنج کێشانی خامنەیی بوو و لە هەمانکاتدا ڕەتکردنەوەی خامنەیی وەک مەرجەع و هێنانە پێشەوەی عەلی سیستانی بوو وەک مەرجەعی شیعەکانی عێراق کە ئەوەش ڕیسەکەی کۆماری ئیسلامیی کردەوە خوری. بۆیە دەتوانین بڵێین کە لە عیراق و ناوچەکەدا خۆری کۆماری ئیسلامی پتر ڕوو لە ئاوابوونە و ئەم ڕێژیمە ناتوانێ لەوە زیاتر لەو ناوچەیەدا تەڕاتێن بکا و هێژمونیی خۆی بەسەر گەلانی عێراق و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بسەپێنێ.

# پارلمانی ئورووپا/ کۆبوونەوەی بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکراتی کورستان لەگەڵ ئاندریاز شیدەر



ڕۆژی چوارشەممە،١١ی دێسامبر (١٩ی سەرماوەزی ١٣٩٨ی هەتاوی) د. کوێستان گادانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی بەشی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، لەگەڵ ئاندریاز شیدەر ئەندام پارلمانی ئوروپا لە سەر لیستی سوسیال دێموکراتەکانی ئوتریش دیدارێکی لە ئۆفیسی تایبەت بە ناوبراو لە برۆکسێل پێک هێنا.

باسەکانی ئەم دیدارە بریتی بوون لە بارودوخی ئێران لە نێوخۆ و خۆپێشاندانە نارەزایەتییەکان لە زۆربەی ناوچەکان لە ئێراندا بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی؛ هەروەها جێگە و پێگەی ئێران لە ناوچەکەدا. لەم دیدارەدا بەڕێز د.کوێستان سەرنجی بەرێز ئاندریازی بۆ باسێکی پەیوەندیدار بە کوردەکان و پارلمانتارانی ئورووپا لەسەر پرسی کورد و مافەکانی بە گشتی و کوردانی ڕۆژهەلات بەتایبەتی ڕاکێشا و چەند نموونەی لە سەر ویست وداخوازی و مافەکانی کورد باس کردن.

خاتوو کوێستان بەشێکی دیکەی باسەکەی تەرخان کردبوو بۆ باس لە ئاکامەکانی کۆنگرەی حەڤدەهەمی حیزب و تیشکی خستە سەر بڕیار و ڕاسپاردەکانی ئەم کۆنگرەیە.

لەم دیدارەدا ئاندریاز شیدەر بە بایەخەوە باسی ئەم دیدارەی کرد و ڕایگەیاند کە پێوەندیی نێوانمان دەبێتە پردێک بۆ ئەوەی بتوانین داخوازی و داواکارییەکانتان لە ئاست پێشێلکردنی مافی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بگەیەنینە لایەنە پەیوەندارەکان و بە تایبەت پارلەمانی ئوروپا.

د. گادانی وێرای گرینگ نرخاندنی هاوکاری دوو لایەنە بەمەبەستی لەقاودانی ستم و چەوسانەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بە دەستی کۆماری ئیسلامی ئێران، سەرنجی بەرێزیانی بۆ دەست تێوەردانەکانی ئێران لە ناوچەکەش دا ڕاکێشا و وەک نموونەی دەستێوەردانەکان و سنوور بەزاندنەکان باسی لە مووشەکبارانی قەلای دێموکرات لە ٨ی سپتامبری ٢٠١٨ دا کرد و گوتی پێویستە کە سنوورێک بۆ دەستدرێژی‌یەکانی ئێران دابندرێ.

# پێشمەرگە




نازانم چۆن ناوت بێنم
بڵێ بە چیت بشوبهێنم

بە هەڵۆمان کە شوبهاندووی
لە گەورەییمان شکاندووی

هەڵۆ بەرسێرەی کەس نییە
بەرهێرشی تەرەس نییە

هاوخوێنی لێ دوژمن نییە
دەردی وەک دەردی من نییە

ناحەزی ناکەونە شوێنی
تینوو نییە کەس بە خوێنی

لە ماڵی خۆی دەرنەکراوە
هێلانەی لێ نەڕووخاوە

داگیر نەکرا زێد و ماڵی
نەشکێنراوە پەڕ و باڵی

لەسەر بانگی مرۆڤانە
نەخراوەتە بەندیخانە

بێچووی بە دیل نەگیراوە
سێدارەی بۆ هەڵنەخراوە

هاوزمانی بندەست نییە
ناشزانێ ماف و هەق چییە

کە دەشچێتە ڕاوی مەلان
لە پێدەشت و چیا و تەلان

هیچ مەترسیی لەسەر نییە
پێویستی بە سەنگەر نییە

هاوخوێنی بۆ نان و بژیو
بۆ ئێسقان و گۆشتی ڕزیو

ناچێتە نێو ریزی قەلان
نابێتە ڕووڕەشی مەلان

کەچی لە نیشتمانی تۆ
لەنێو ڕەز و بێستانی تۆ

لێرە و لەوێی هەیە پەڵە
تێی کەوتوە زیوان و کەڵە

هێندێ دەبن بە گورگەمێش
خۆ دەفرۆشن لە پاش، لە پێش

دەکەونە پێش گورگی برسی
ژیانت دەخەنە مەترسی

هەر لەو خەڵکەی لە پێناوی
دەکەی خەباتی خوێناوی

هەوڵ دەدەی ئازاد بژین
سەربەستانە و دڵشاد بژین

ناتەوێ دیل و کۆیلە بن
دوژمن نەیانهێنێ لە بن

دەبنە جاش و دێنە شوێنت
بۆ دوژمن دەیرێژن خوێنت

لەولاشەوە نیشتمانت
زێدی باب و باپیرانت

لە پێش چاوت خاپوور ئەکرێ
بە خوێنی لاوان سوور ئەکرێ

بۆیە تۆ دەستت دایە چەک
هەڵت ماڵی قۆڵ و مەچەک

تا نیشتمان بپارێزی
بپارێزی پێگە و ڕێزی

بەرگی خەباتت کردە بەر
ورەت دایە شاخ و سەنگەر

بووی بە باسکی بەهێزی گەل
ژینت هەموو کردوە بە هەل

ژینی کورت و سەربەرزانە
ئەگەر هەبێ، لە تۆ جوانە

ژیانت وەک مۆمی دەم بایە
لەنێو دڵی خەتەر دایە

بەڵام چرکەی کوژانەوەت
دەسپێکە بۆ بووژانەوەت

مردن ناوێرێتە ناوت
چاو نابڕێتە نێو چاوت

لەبەر ناوی تۆ بەزیوە
لای تۆ سەری دانەویوە

تۆ مەرگیشت چرای ڕێیە
لەدایکبوونەوەی نوێیە

تۆ ڕەمزی ژینی هەرمانی
تۆ غیرەتی نیشتمانی

ناوت شنەی هەر چوار وەرزە
نیشتمان سەری پێت بەرزە

پێشمەرگە ناوی هەرمانە
پڕ بە باڵای مێژوومانە

سواڵت لێ دەکا گۆی زەوی
بۆ سامانی وا مەعنەوی

هەر بنازە بە خۆتەوە
ئەو گرەوەت بردۆتەوە

تۆ بە ڕاستی خواپێداوی
پێشەوای کورد ناوی ناوی

***

ڕەسووڵ سوڵتانی

# ئەمەش دەڕوا

ڕەحیم لوقمانی

چلۆن گەرما و سەهۆڵبەندان هەموو فەوتان، ئەمەش دەڕوا
چیام با پڕ ورەی ژین بێ و هەوای هەرمان، ئەمەش دەڕوا

مەکۆی سووتان و خەم زۆر هات دڵی شاخی وەکوڵ خستین
بەڵام چەرخی زەمان هاڕینی بێ ئامان، ئەمەش دەڕوا


زرێبار سووری ئەسرینتە سەرت هەڵبێنە ئەی «دەروێش»
بە گڕکانی هەناسانت، گەلێ ئاسان ئەمەش دەڕوا

هەوای ناکۆکە سازی من ئەوەندەی شین لە دڵدایە
گەلی تەمبوور! چەمەر سوورن لە تاقەوسان، ئەمەش دەڕوا

لە گڵکۆی سوورەوە «حافز» بە خوێنی شێعرەوە فەرمووی:
بهای بزم آزادیست شراب جان، ئەمەش دەڕوا

لە گوڵزاری دڵان زۆر گوڵ وەبەر داسی خەزان کەوتن
وڵات وەرزێکی ڕووسوورە بە گوڵدانان، ئەمەش دەڕوا

ئەگەر جێژوانی ئازادی لە دڵداران کرا بەربەست
بە هێزی عیشق و پچڕانی هەموو بەندان، ئەمەش دەڕوا



گەلێ شەوگاری بێدەنگی لەگەڵ زەنگی بەیان ڕۆیین
تەمی ڕۆژگاری دڵتەنگی، دەمی هەستان ئەمەش دەڕوا



ئەو شەوە
شەوێکی کورت
شەوێکی کورت
شەوێکی کورت
بۆ تێڕوانین و یاخی بوون
بۆ پیاوێ هەڵاتن
تینوویی تێکەوەی پێچاو
سەرووی هەموو زستانێک
پیاڵەی بێباوەڕ لە پرخەی قەتارێکدا
تۆ
خەریکە خەو دەتباتەوە خاتوونی گۆڕ
خەریکە هەڵدێر هەڵدێر
وێڕای بەنانەوەبوونی ڕووحمان
دە هەسارەهاهەسار پیکسێل دداندا
کە
خۆر یانی عەکسێکی سووتاو
هەر بە دەستهەڵگری
درۆ دەکەی بە نووزەنووزی سەی دە شۆڕشی ڕماندا.

هەستەوە کەڵێ
هەستەوە لە وێ سینگۆڵەی بە چرایە
لە خوێنی بە دۆڵایی پشتێم دەخورایە
لە جووتی لە شووشەی لە کوولەکەی دە گەڵایە
وتی دەدەو دەلە دوودەڵێ دەدەلوو
هەی کەڵێ
ئەون نە ونە و نەوە ون لە نەبوونێ
دەکەن حەڕەکەتێ بە توونێ
شەمن هۆ شەمەڵێ هۆ هۆ شەمەڵێ
ئەگە خاتوون ڕاست دەبوونەو لە مەجنوونێ
تۆزم لە تەتەی لە تووتنێ
ناوەڵا لە جێخوونێ
بۆ خۆمت دەگەزم هەڵتدێنمە تەڵایە
ئاوات کە گەلێ بە بڕینەوەی زستانۆک
بەندەنی گرژ و وتەیەک بۆ پیرترین قەتار
کە
کوڕەکە چووبوو بۆ سەنگەک
ئی هێندەی شەوە ئەو کورت
دەستی لە چرچۆڵەییدا بوو
هۆ خاتوونۆ خانمێ وەخۆ
خڕ کەوە خڕ
تۆ کەلەپووری دەریای چیو
تۆ نویسارانە کەی خاوان بلوێن و بۆم لە سەر و گەرنانت دەی
بە هەر گڕەپیتێ
تەختە کلیلێ
خەفەتێ
کوتە ژنێ
چیییی؟؟؟؟
هههههههه
ئێوارانە دەگەڕایەوە
دەگەڕایەوە دەو پەڕی حەسرەت و گونانیدا
ڕەش بوون بە ڕێگایە ڕێگا
گۆڕۆ
هۆ تێهەڵدراوی سێبەری قەتار
دە مەگری مەگری ڕەشۆ کەڵ
گریان کڵاوە
هۆ دە مەگری مەگری درۆ ڕۆ
گریان گڵاوە
هۆ دە مەگری مەگری کەڵوکۆ
گریان تولاوە
هەی دە هەنی و هەنی و هەنی
ئەو شەو دە گۆڕی تۆم دەنی
هەڵمە هەڵێ هەڵمەهەڵی
هۆ توڵە بە من پێنەکەنی
کەنی
کەنی
کەنی
چراکان بیرەوەری سەرووی هەموو زستانێک
ژنێ ددانی چووبوون
بۆی بنێرن کامە دەستی هەڵدێراو
کامە چاوی دەقەتاردا
بەڵام بڵێن خۆ نەساوێ بە کەوای خاتوونی گۆڕ
وڵاتی ئێمە بە شەو نارِوێ
گڕ هەڵەمووتە بە خەونی گراویگەلەوە
وزەی هەسارەهاهەسار پیاوەماڵان دە وەنەوزی سەی دە شۆڕشی شکاندا
دەنا بڵێ ڕۆڵە تۆ چی و کۆڵبەری چی
ئەتۆ کوا کوڕی ئەو سەفەرەم بووی ڕۆڵە
حەک هەموو تیتکی خاتوونی ناخە گۆڕت بە توونی کەڵدا چێ
بڵە ڕۆڵە بۆ نەدەهاتێوە بۆ هێندەت پێدەچوو

شەوەکە زۆر کورت بوو زۆر
دە تۆخودا با شاعیرەکانتان بلوورێنن
با
هەڵکەن

***

((هۆنەر موکریانی))

* **لە ئەکاونتی نووسەر وەرگیراوە**


KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO:764 21 December 2019

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508483312
Tashkilat.kdp92@gmail.com

بەر لە ماڵاوایی

# ئەم خۆڵەی چیدی ناکرێتە چاوی خەڵکەوە!


هەردی سەلیمی

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ کۆمەڵێک تایبەتمەندیی نەرێنیدا فرچکی گرتوە، کە هەر کام لەوانە بەتەنیایی دەتوانن کۆمەڵگەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بەرەو لێواری ڕووخان و هەرەسهێنان پاڵ پێوەنێن. درۆ، پێچەوانە نواندنی ڕاستییەکان، حاشا کردن، ناڕوونی بە هەموو واتای خۆی بەشێک لەو تایبەتمەندییە نەرێنییانەن و لە ئاکامدا دەتوانم بڵێم «شاردنەوە»؛ کە ڕەنگە هەموو ئەوانە جیاجیا هاتوونەتە نێو ئەم تایبەتمەندییە دواییە و، لە هەموویان بەشێکی بۆخۆی پچڕاندوە.

لێرەشدا ئەم نووسراوەیە زیاتر لە دەوری شاردنەوە دەخولێتەوە. ئەم دیاردەیە دەتوانێ بریتی لە زۆر شت بێ، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستە شاردنەوە لە سیاسەت کردندایە. بەگشتی ڕێکاری بەرەوڕووبوونەی ڕێژیم لەگەڵ کێشە جۆراوجۆرەکاندا لە ماوەی تەمەنی دەسەڵاتدارییەکەی بە دوو شێوە بووە؛ یەکیان حاشا کردن و شاردنەوەی ڕاستییەکان و دووهەمیان چەواشەکاری و بەراوەژوو نیشاندانی هەر ئەو ڕاستییە کە لە پێشدا شاردوویەتەوە. ئەمەش سەرچاوە لە خوێندنەوەیەکی بەرتەسکی ئیدئۆلۆژیک لە ئایینی فەرمیی ئەم دەسەڵاتە ئۆلیگارشییە دەگرێ، کە لەوێدا ڕاگرتن و هێشتنەوەی دەسەڵات لە نانی شەو فەرزتر نوێندراوە و، هەروەها تەقیەکردن یەکێک لە باوترین ئاکارگەلێکە کە بەتایبەتی بۆ کاتی هەستیار و مەترسیدار داندراوە بەمەبەستی خۆپاراستن و دەربازبوون. بەم پێیە ئەگەر ئێمە ڕۆژانە لەگەڵ بارستاییەک لە درۆ و دەلەسە لەلایەن سەردەمدارانی ڕێژیمەوە بەرەوڕوو دەبینەوە شتێکی سەیر نییە و بەتەواویش ئاساییە و لە هەمان کاتدا بۆ ئەوان لە ڕیزی ئاکارە پیرۆزەکاندایە.

یەکێک لە بێبەزەییانەترین و لە هەمان کاتدا دڕندانەترین شاردنەوەکانی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ زیندانییانی سیاسی و عەقیدەتییە بەتایبەتی لەسەر زیندانییە کوردەکان. کەم نین ئەو بنەماڵە و دایک و باوکە پیرانەی کە بە سەر و ڕیشی سپییەوە ڕۆژان و مانگان و بگرە ساڵانێک بەر دەرگای بەندیخانەکانیان بەرنەداوە و بەردەوام لە پرسۆجۆدا بوون بۆ ئەوەی هەواڵێک لە ڕۆڵە و ئازیزترین کەسانی خۆیان بزانن. سیاسەتی شاردنەوە و بێسەروشوێن کردنی چالاکانی سیاسی لە کوردستان و ئێران بۆ سەردەمانێکی زووتر دەگەڕێتەوە، کەمتر شار و ناوچەیەکی ئازادیخواز لەم وڵاتەدا هەیە کە تەپک و دەشتی دەوروبەری، شەوانە و نهێنی و بە لۆدێر هەڵنەدرابێتەوە و پڕ نەکرابێ لە جەستەی خنکێندراو، سووتێندراو، لەخوێن گەوزاو و تیرباران کراوی ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی. ئەم جەنایەتانە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە دەستی پێکردوە و هەتا ئێستاش بەردەوامە.

ئەگەر لە تاران خاوەران هەیە، لە کوردستان نەحلەتاوا «لعنت آباد»ی بیچارەکانمان هەیە و هەبوو کە بەداخەوە پڕاوپڕ بوو لە جەستەی باشترین ڕۆڵەکانی ئەم خاکە، دیسانیش بەداخەوە سەرەڕای ئەوەی کە هیچ کات بەڕوونی بە بنەماڵەکانیان ڕانەگەیاندرابوو کە تەرمی ئازیزەکانیان لێرە و بەکۆمەڵ نێژراوە؛ بەڵام دایک و باوکانێک دڵیان بەو کۆگا خۆڵە خۆش بوو و ساڵانە دەچوونە سەردانیان، لێ مخابن لەم دواییانەدا و لە ترسی ئاشکرابوونی شاردراوەکانیان هەمدیسان بە شەوانە و نهێنی و بە لۆدێر خاکی سەریان هەڵدراوە و هیچ ئاسەوارێکیان لەو کەسانە نەهێشت، هەتا ئەو یادگارە تەماوییەش نەمێنێ و نیشانێکیش تەنانەت.

لەوەش دڵتەزێنترمان هەیە ئەویش ئەوەیە ئێستاش بە هەزاران بنەماڵە هەن کە لەدوای چل، سیوپێنج، سی و ... ساڵ ئاگادار نین جگەرگۆشەکانیان کەی، لەکوێ، چۆن، بە چی و بۆچی کوژراون و ئێستا تەرمەکانیان لەکوێیە. بەپێی شایەدیی بنەماڵەکان، زۆر جار سەرەڕای ئەوەی زارەکی پێیان ڕاگەیەندراوە ئازیزەکانیان ئیعدام کراون و چیتر چاوەڕوانیان نەبن، بەڵام هیچ کات نەک تەرم و گۆڕەکانیان نەبینیوە، بەڵکوو لە بەرگەی مەرگەکانیاندا کە لەلایەن سەرچاوە حکوومەتییەکانەوە پێیان دراوەتەوە هۆی مەرگی ئەو کەسانە، «مەرگی سروشتی»، «مردن لە ماڵێدا»، «گیان لەدەست دان لە ڕووداوی ماشێن» و ... تۆمار کراوە، کە لەگەڵ ڕاستیی دۆخی ئەو کەسانە جیاوازییەکی سەرسووڕهێنەری هەبووە.

ئەم هەڵگێڕانەوەی ڕاستی و شاردنەوەی زانیاریی ڕاست و دروستە، تاکتیکێکی هەر تایبەت بە ساڵانی دووری ڕێژیم نییە و ئێستاش هەر لەسەر ئەو ڕێبازەی خۆی ماوە، دوابەدوای ئەوەی کە تەرمی پۆلێک لە لاوانی کوردستانی لە چۆم و بەنداوەکانی کوردستان دۆزرایەوە و، ئاوی کوردستان کە سەرچاوەی کەوسەرە و لایەنگری ڕوونی و زوڵاڵییە؛ تەمی ڕۆڵە قارەمانەکانی هێنایەوە ئامێزی هاووڵاتییانیان. بەم پێیە جینایەتە شاردراو و تاریکە نوێکانی ڕێژیم لەلایەن خەڵکەوە تیشکی خرایە سەر و بۆ هەمووان دەرکەوت و، جەختێکی دووبارە بوو لەسەر بکوژبوونی حکوومەتی قاتڵی زنجیرەیی و تیرۆر. دەسەڵاتدارانی ئەم تەختە کە زانیان چیتر ناتوانن حاشای لێ بکەن و هیچ کام لە کردەوە نامرۆییەکانی خۆیان لەبەر چاوی خەڵک بۆ ناشاردرێتەوە؛ وەخۆ کەوتن و چوونە سەر گۆڕینی ڕاستیی ڕووداوەکە و ئەمجار حیزبە ڕۆژهەڵاتییە خاوەن پێگە و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیان لەملاولا وەک تاوانباری سەرەکی و بکوژی ئەو لاوە نارازی و خۆپیشاندەرانە ناساند و، وەک هەمیشە ویستیان خۆیان دەرباز بکەن و پێناسەی بێتاوانی بۆ خۆیان دابتاشن.

ئەم حەولە کۆن و نوێیانەی ڕێژیم لە ڕاستیدا چیتر بۆ خەڵکی ئێران بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی هیچ ڕەنگێکی نەماوە و تا دێ پتر لە جاران جێگە و پێگەی خۆی لەدەست دەدا و، ڕاستیی دەروونی ئەم دەسەڵاتە بۆ خەڵک زیاتر خۆ دەردەخا و شاردنەوە و درۆ و بوختان و تاوان هەڵبەستنیش کاریگەرییەکی نەماوە.

## حیزبی دێموکراتی کوردستان
## ڕێوڕەسمی ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستان




حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستان ڕێوڕەسمێکی بەشکۆی لە شاری کۆیە بەڕێوە برد و بە شکۆوە یاد و ناوی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستانی بەرز ڕاگرت.


ئەم ڕێوڕەسمە کە ڕۆژی ٢٥ی سەرماوەز گیرا، بەسروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و ڕێزگرتن لە شەهیدانی پارێزەری ئاڵا و نیشتمانی کوردستان دەستی پێکرد و ، پاشان وتاری حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشکێش کرا. (دەقی قسەکانی کاک خالید عەزیزی لەم ژمارەیەی «کوردستان»دا بڵاو بۆتەوە)

لە درێژەی ئەم ڕێوڕەسمەدا کاک حەسەن قادرزادە، بەرپرسی کۆمیسیۆنی پێشمەرگە وتەیەکی لەسەر ڕۆڵی گرینگی پێشمەرگە لە هاوکێشەکانی ئێستای ئێران و کوردستاندا پێشکێش کرد و دواتر بۆنەکە بە شێعرێکی کاک ڕەسووڵ سوڵتانی و چەند سروودێکی کۆڕی هونەریی حیزب و زنجیرە گۆرانییەکی هونەرمەندی لاو، کاروان حەکیمزادە ڕازایەوە.





## یەلدا هێمای هەرمان و هەستانەوەمانە





کۆمیسیۆنی ئامووزشی حیزبی دێموکرات و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبۆنەی هاتنەوەی شەوی یەلدا ڕێوڕەسمێکیان بەڕێوەبرد.

لەم ڕێوڕەسمەدا کە ئەمڕۆ شەممە، ٣٠ی سەرماوەز و لە ئێوارەی شەوزستاندا گیرا، سەرەتا پێشەوا عەلیپوور، سکرتێری یەکیەتیی لاوان لەسەر ڕێکخستنی بۆنەکە و لە پەسنی د. قاسملووی ڕێبەر و سێ ساڵەی یادی شەهیدانی یەلدای خوێناویی قەڵای دێموکراتدا قسەی بۆ بەشداران کرد.

لە درێژەی ئەم ڕێوڕەسمەدا کۆمەڵێک سروود و گۆرانی بە دەنگی هونەرمەندان جەمیل سەرمەستی، سەناریا خزرپوور، حەمەدەمین کەریمی و کاروان حەکیمزادە پێشکێش کران. دواتر خەڵاتێک لەژێر ناوی «شکۆی خۆڕاگری» پێشکێش بە بنەماڵەی شەهیدانی شەوی یەلدای قەڵای دێموکرات کرا. بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی شەوی یەلدای خوێناویی دێموکرات ڕێزنامەی ئەمەگناسیی بەڕێوەبەرانی ڕێوڕەسمەکەیان لەدەستی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە وەرگرت.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمەدا مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، کەسایەتی و سیمای خەبات و شۆڕشی کورد و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە وتەیەکی کورتدا باسی لە کەسایەتیی کاریزماتیکی شەهید قاسملووی ڕێبەر کرد و پێی لەسەر ئەوە داگرت کە دیکتاتۆرەکان بەرەو فەنا چوونن و ئەوە نەتەوەکانن کە دەمێننەوە و سەرکەوتنی دواجار هەر بۆ حیزبی دێموکرات دەبێ، چونکی میراتگر و درێژەدەری ڕێی شەهیدان و ئاڵاهەڵگری خەباتی شوناسخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

دوابڕگەی ئەم ڕێوڕەسمە نواندنی شانۆیەک بوو کە لەلایەن بەشدارانەوە بەگەرمی پێشوازیی لێکرا.

